ئامادەکردنی
م. ئاراس جەوهەر
ئامادەیی سەردەم. حاجیاوا
م. ئارام جەوهەر
ئامادەیی هەرێم. حاجیاوا
م. دانا تۆفیق
ئامادەیی سەفین. رانیە

# زمان و ئەدەبی کوردی

## پۆلی یانزەیەمی ئامادەیی

١١

**تایبەتمەندییەکان:**

باسکردن و ڕوونکردنەوەی سەرجەم بابەتەکان
شیکاری سەرجەم ڕاهێنانەکان
شێوازی پرسیار و وەڵام بۆ سەرجەم بابەتەکان
٤٠٠ هەڵبژاردە بۆ بابەتەکانی ئەدەب و ڕێزمان
دیاریکردنی پرسیارە گرنگەکانی ئەدەب

چاپخانەی دایك

# جۆرەکانی پـــارســـتـــه

**ڕستەی ئاوێتە:-** ئەو ڕستەیەیە کە لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت کە بەشێکیان سەربەخۆیە و واتا و مەبەستەکەی تێدایە و هیچ کام لە وشەی لێدەرو ئامرازی لێکدەری لەگەڵدا نیە ، ئەو بەشە پێی دەگوترێت (شاڕستە)، بەڵام ئەو بەشەی کە واتاو مەبەستی تەواوناگەیەنێت و وشەی لێکدەر یان ئامرازی لێکدەری لەپێشە پێی دەگوترێت ( پاڕستە).

**شاڕستە** :ئەو بەشەی ڕستەی ئاوێتەیە کە واتای سەربەخۆی هەیە و هیچ ئامرازێکی لێکدەری لەپێشەوە نیە.

**پاڕستە**:ئەو بەشەی ڕستەی ئاوێتەیە کە واتای سەربەخۆی نیە و واتاکەی بەندە بە واتای شاڕستەوە، هەمیشە ئامرازی لێکدەر یان وشەی لێکدەری لە پێشەوەیە، ئامرازە لێکدەرەکەش بەشێکە لە پاڕستەکە. وەکو   ( دەزانم کە بەیەکەم دەرچوویت )   پاڕستەی ئەم ڕستەیە بریتییە لە ( کە بەیەکەم دەرچوویت)   واتە ( کــە ) بەشێکە لە پاڕستەکە.

## پاڕستە لە ڕستەی ئاوێتەدا سێ جۆرە

١-پاڕستەی ناوی    ٢-پاڕستەی هاوەڵناوی    ٣- پاڕستەی هاوەڵکاری

**پاڕستەی ناوی:-** ئەو ڕستەیەیە کەسەر بە شاڕستەیەو واتاکەی بەندە بە واتای ئەوەوە ، دەکرێ ببێتە جێگری بکەر یان بکەر یان بەرکار یان نیهاد ، واتە پاڕستەی ناوی دەتوانێت تەنها ئەم ئەرکانە ببینێت.

## چەند تێبینیەک لەسەر پاڕستەی ناوی

١- **پاڕستەی ناوی ئەرکی بکەر:-** ئەگەر هاتوو کاری شاڕستەکە کارێکی تێنەپەڕ بوو وە ( بــکەر) لە شاڕستەکەدا نەبوو ئەوا ئەرکی پاڕستە ناویەکە دەبێتە ( بــکەر). واتە ئەگەر هاتوو شاڕستەکە یەکێک لەم وشانەبوو ( دەرکەوت ، ئـاشکرابوو ) وەکو

دەرکەوت ، کە وڵات بەخوێندن پێشدەکەوێت.    ئاشکرابوو ، کە هێزی پێشمەرگە نەمرە.

ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەین دەبینین شاڕستەی ڕستەکان ئەمانەن (  دەرکەت ، ئاشکرابوو ) هەر یەکێک لەمانە واتای سەربەخۆی هەیە و وە کارێکی تەواوی تێنەپەڕن بەڵام پێویستیان بە (بکەر) هەیە. واتە لە ڕستەی شاڕستەدا کاری تەواوی تێنەپەڕ هەیە بەڵام بکەر نیە بۆیە پاڕستەکە دەبێتە (پاڕستەی ناوی و ئەرکی بکەر ) دەبینێت.

دەرکەوت ، کە وڵات بەخوێندن پێشدەکەوێت.    ئاشکرابوو ، کە هێزی پێشمەرگە نەمرە.

شاڕستە    پاڕستەی ناوی ( بکەر)    شاڕستە    پاڕستەی ناوی (بکەر)

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانە بکەین دەبینین شاڕستەکان تەنها (بکەر)یان پێویستە چونکە خۆیان کاری تێنەپەڕن وە کاری تێنەپەڕ تەنها پێویستی بە بکەر هەیە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەیە.

**تێبینی//** ( ئاشکرابوو : کارێکی تەواوی تێنەپەرە چونکە کاری( بوو )بە داڕژاوی و بە لێکدراوی دەبێتە کاری تەواوی تێنەپەڕ)



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٢- پارستەی ناوی ئەرکی بەرکار: ئەگەر هاتوو کاری شارستەکە کارێکی تێپەڕ بوو ، وە بەرکار لە شارستەکەدا نەبوو ئەوا ئەرکی پارستە ناویەکە دەبێتە ( بەرکار ).واتە ئەگەر هاتوو کاری شارستەکە یەکێک لەم وشانەبوو ( بیستوومە ، زانیومە ، زانیوتانە ، دەزانم .. هتد) وەکو:

بیستوومە ، کە ئێوە دڵسۆزن .  دەزانم ، کە تۆ بەیەکەم دەرچوویت.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین شارستەی ئەم ڕستانە بریتین لە ( بیستوومە ، دەزانم) کاری ئەم شارستانە هەردووکیان تێپەڕن ( بیستن ، زانین ) وە هەردووکیان بکەریان تێدایە کە ( جێناوی لکاوی (م)ە) ، واتە کاری تێپەڕ مان هەیە ، وە بکەریشمان هەیە ، کەواتە پێویستمان بە بەرکارە بۆیە پارستە ناویەکان هەردووکیان ئەرکی بەرکار دەبینن ..

بیستوومە ، کە ئێوە دڵسۆزن .  دەزانم ، کە تۆ بەیەکەم دەرچوویت.

شارستە ( بیستوومە)  پارستە ( کە ئێوە دڵسۆزن)  شارستە ( دەزانم )  پارستە ( کە تۆ بەیەکەم دەرچوویت)

کاری تێپەر  (م ) بکەر  پارستەی ناوی ( بەرکار )  کاری تێپەڕ  (م) بکەر  پارستەی ناوی ( بەرکار)

تێبینی // ( بیستوومە) کاری ڕابردووی تەواوی تێپەرە بەم شێوەیەیە لە ئەسڵا ( بیست ( قەدی چاوگ) + ووە( نیشانەی ڕابردووی تەواو) بەلام هەرکاتێک ڕستەکە بچوک بکەینەوە بۆ ناو تاکە وشەیەک ئەوا جێناوەلکاوەکان دەکەونە نێوان نیشانەی (وو ... جێناوی لکاو .. ە ) وە وەکو (خوێندوومانە ، خواردوومانە ، کردووتانە )  بەم شێوەیەیە نەک ئەوەی بڵێی ( ە ) کاری ناتەواوە ، چونکە ئەوە هەڵەیە.

٣- پارستەی ناوی ئەرکی جێگری بکەر : ئەگەر هاتوو کاری شارستەکە کارێکی بکەر نادیار بوو ئەوا ئەرکی پارستە ناویەکە دەبێتە (جێگری بکەر)،واتە ئەگەر کاری ڕستەکە یەکێک لەم وشانە بوو( زانرا ، زانراوە، بیستراوە ، گوتراوە، دەبیسترێ ، بینراوە)

کاری بکەر نادیاریش بە پێی ئەم دوو یاسایە دروست دەبێت

آ- بکەر نادیار بۆ ڕابردوو ( ڕەگی کار + را )وەکو  زانین  ( زان + را ) ⟷ زانرا = بکەرنادیار
ب- بکەرنادیار بۆ ڕانەبردوو( دە + ڕەگی کار + رێ )وەکو  زانین  ⟷ دە + زان + رێ ) = دەزانرێ = بکەرنادیار

زانرا ، کە کێ پەنجەرەکەی شکاندووە،  نازانرێ ، کە ئەیوب بۆ نان ناخوات.

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین کە کاری شارستەکان کارێکی بکەر نادیارە ( زانرا ، نازانرێ)  وە هەر کاتێک کاری شارستەکە کارێکی بکەر نادیار بوو ئەوا ئەرکی پارستە ناویەکە دەبێتە ( جێگری بکەر ) کەواتە هەردوو پارستەی ( کە کێ پەنجەرەکەی شکاندووە ، لەگەڵ پارستەی  ( کە ئەیوب بۆ نان ناخوات ) هەردووکیان پارستەی ناوین  و ئەرکی ( جێگری بکەر) دەبینن.

زانرا ، کە کێ پەنجەرەکەی شکاندووە،  نازانرێ ، کە ئەیوب بۆ نان ناخوات.

شارستە  پارستە ( جێگری بکەر )  شارستە  پارستە ( جێگری بکەر)

٤- پارستەی ناوی ئەرکی نیهاد: ئەگەر هاتوو کاری شارستەکە کارێکی ناتەواوبوو( ە ، بوو ، دەبێت ) ئەوا لەم کاتەدا پارستە ناویەکە ئەرکی نیهاد دەبینێت. واتە کاری شارستەکە یەکێک لەمانە بێت ( دیارە ، ئاشکرایە) وەکو



چاپخانەی دایک  ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٣٦٥٠٥١)

ئاشکرایـە ، کە گەل بەیەکگرتن سەردەکەوێتدیارە،کە کچەکەیان بە نارەوا کوشتووە.

ئەگەر سەیری ئەم دوو رستەیە بکەین دەبینین کاری رستەی شارستە ( ئاشکـرایە ، دیارە ) هەردووکیان کاری ناتەواون بۆیە ئەرکی پارستە ناویەکە دەبێتە ( نیهاد )

ئاشکرایـە ، کە گەل بەیەکگرتن سەردەکەوێتدیارە، کە کچەکەیان بە نارەوا کوشتووە.

شارستە ( ئاشکرایـە) → کاری ناتەواو
پارستە ( کە گەل بەیەکگرتن سەردەکەوێت) → نیهـــاد
شارستە ( دیارە) → کاری ناتەواو
پارستە ( کە کچەکەیان بە نارەوا کوشتووە) → نیهـــاد

تێبینی // ئەگەر هاتوو لە رستەی شارستەدا ( بکەر و بەرکار و کاری تێپەر ) هەبوو ئەوا پارستەکە هیچ یەکێک لەو ئەرکانەی سەرەوە نابینێ ، دەبێت لەم حاڵەتەدا سەیری پارستەکە بکەین بزانین وەسفی هیچ ناوێک دەکات لە شارستەکەدا ئەگەر وەســـفی کرد دەبێتە ( پارستەی هاوەڵناوی)

مـــن تـــۆم بینیـــی ، کە قسەت دەکرد .

ئەگەر سەیری ئەم رستەیە بکەین دەبینین شارستەی ئەم رستەیە بریتییەلە ( من تۆم بینی ) واتە شارستەکە پێکهاتووەلە ( بکەر+بەرکار+کاری تێپەر)

وە ئێمەش ئەرکی پارستە بەهۆی شارستەوە دیاری دەکەین، کاتێک ( بکەر) لە شارستەدا هەبێ پارستەکە نابێتە بکەر ، وە ئەگەر ( بەرکار) لە شارستەدا هەبێ پارستەکە نابێتە بەرکار ، وە کاری رستەکەی سەرەوە نە بکەر نادیارە و نە کاری ناتەواویشە ، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت سەیری پارستەکە بکەین بزانین هیچ وشەیەکی تێدایە وەک وەسف بەکار هاتبێت یان هیچ وشەیەکی تێدایە وەسفی ناوێک بکات لە شارستەدا ، ئەگەر هاتوو ئەمە هەبوو ئەوا پارستەکە دەبێتە پارستەیەکی ( هاوەڵناوی) چونکە تەنها هاوەڵناو وەسف دەکات.

لەم رستەیەی سەرەوەدا پارستەکە بریتییەلە ( کە قسەت دەکرد) دەبینین ( قسەکردن) وەکو وەسف بەکار هاتووە بۆ ( تـــۆ ) ئەوەت بۆ روونەکاتەوە ئەو کاتەی تۆی دیوە تۆ قسەتکردووە ، واتە وەسفی تۆ دەکات لە کاتی قسەکردندا.

مـــن تـــۆم بینیـــی ، کە قسەت دەکرد.

بکەر → من
بەرکار → تۆ
کاری تێپەر → بینیی
پارستەی هاوەڵناوی ( ئەرکی دیارخەرە). → کە قسەت دەکرد

چاپخانەی دایك
DAYKPRINTING
07702265050
07702265051



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

پاڕستەی هاوەڵناوی: ئەو پاڕستەیەیە کە سەر بە شاڕستەیەو واتاکەی بەندە بەواتای ئەوەوە، وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات لە شاڕستەدا.

**ئەو چرایەی کە رووناک بوو کوژایەوە.**

لە ڕستەیەدا شاڕستە بریتییە لە ( ئەو چرایە کوژایەوە) پاڕستەش بریتییەلە ( کە رووناک بوو) دیارە پاڕستەی هاوەڵناوی وەسفی ناوێک دەکات لە شاڕستەدا کەواتە ( رووناک وەسفە بۆ چرا) کە بۆت رووندەکاتەوە ئەو چرایەی کە کوژاوەتەوە رووناکەکەیانە.

یان لەم ڕستەیەدا ( پیاوەکەم دیت ، کە دەشەلی ) لێرەدا پاڕستەکە ( کەدەشەلی) یە و وەسفی ئەو پیاوەی کردووە کە دیتراوە وە پیاوەکە شەل بووە)

ئەو چرایەی کە رووناک بوو کوژایەوە پیاوەکەم دیت ، کەدەشەلی.

شاڕستە( ئەو چرایە کوژایەوە) پاڕستەی هاوەڵناوی( کە روناک بوو) شاڕستە پاڕستەی هاوەڵناوی

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

پاڕستەی هاوەڵکاری: ئەو پاڕستەیەیە کە سەر بە شاڕستەیەو واتاکەی بەندە بەواتای ئەوەوە، وەسفی کارێک دەکات یان روونکردنەوە لەسەر کارێک دەدات یان کاتی روودانی کارێک رووندەکاتەوە لە شاڕستەدا.

**پاڕستەش لەم دوو حاڵەتەدا دەبێتە هاوەڵکاری.**

١- ئەگەر پاڕستەکە کاتی رووادنی کاری ڕستەکە روونبکاتەوە: وەکو : کە زستان هات ، بەرگی ئەستور ئەپۆشین.

لێرەدا پاڕستەکە بریتییە لە ( کە زستان هات) وە ئەم پاڕستەیە روونکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە (کەی بەرگی ئەستور ئەپۆشین) وەڵامەکەی ئەوەیە (کەزستان هات) واتە وەسفی هاتنی زستان دەکات ، هاتن کارە کەواتە پاڕستەکە دەبێتە هاوەڵکاری .

کە زستان هات ، بەرگی ئەستور ئەپۆشین.

پاڕستەی هاوەڵکاری شاڕستە

٢- ئەگەر پاڕستەکە هۆکاری رووادنی کاری شاڕستەکە روونبکاتەوە دەبێتە پاڕستەی هاوەڵکاری.

وەکو : دەرمانەکانت بخۆ ، بەڵکو پێیان چاک بیبتەوە.

لەم ڕستەیەدا پاڕستە بریتییە لە ( بەڵکو پێیان چاک بیبتەوە) لێرەدا هۆکاری ئەوەت پێ دەڵێت کە بۆ (دەرمانەکان بخوات)

تێبینی // پاڕستە سێ شوێنی هەیە لە ڕستەی ئاوێتەدا واتە دەکەوێتە سێ شوێنەوە ، وە هەمیشە وشەی لێکدەر و ئامرازی لێکدەر و جێناوی لێکدەری لە پێشەوە وە ئەوانیش بەشێکن لە پاڕستەکە وەکو .

١- پاڕستە لە سەرەتای ڕستەی ئاوێتە. کە بەهار هات ، دەچینە سەیران ( کە : ئامرازی لێکدەرە و لە پێش پاڕستەوە هاتووە.)

٢-پاڕستە لە ناوەڕاستی ڕستەی ئاوێتە. ئەو خوێندکارەی کە خەڵاتکرا ، برام بوو. ( کە : جێناوی لێدەر و لە پێش پاڕستەوە هاتووە)

٣- پاڕستە دەکەوێتە کۆتاییەوە. دەرمانەکان بخۆ . بەڵکو پێی چاببێت. ( بەڵکو : ئامرازی لێدەر و لە پیش پاڕستەوە هاتووە)



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

**پرسیار //** زۆر جار مامۆستا پرسیار ئەکات ئەڵێ پارستەی ( کە ئەوان دیاریەکانیان دابەشکردووە ) بخە ڕستەوە یان هەر پارستەیەکی تر ، داوا ئەکات یەکێک لە ئەرکەکانی پێ ببینیت ئینجا ( بکەر یان بەرکار یان نیهاد یان جێگری بکەر ) بێت ، لەم حاڵەتەدا خوێندکار ڕەنگە ئەمەی بەلاوە گران بێت بەڵام ئەمە زۆر ئاسانە. چۆن ؟

لێرەدا ئێمە پارستەکەمان دراوەتێ ، پارستەش تەنها لە ڕستەی ئاوێتەدا هەیە ، وە هەموو ڕستەیەکی ئاوێتەش لە دوو بەش پێک دێت

( شا ڕستە ، پارستە ) ئێمە لێرەدا پارستەکەمان هەیە، کەواتە تەنها ( شارستە ) مان پێویستە ، لە سەرەوە بۆ هەر ئەرکێک کۆمەڵێک وشەمان داوە ، ئەو وشانە لە ڕستەی ئاوێتەدا ئەبنە ( شارستە ) تۆ ئەتوانی سود لەو وشانە وەربگریت و بیان هێنیت و لە پێش پارستەکەی دا بنێت ، بەو شێوەیە ڕستەکە ئەبێتە ئاوێتە . دواتر هەر ئەرکێکی داوا کرد تۆ وشەی ئەو ئەرکە لە پێش پارستەکە ئەنووسی بەم شێوەیە . ئێمە لێرەدا هەموو ئەرکەکانی پێ ئەبینین . وەکو

١- بکەر : ( دەرکەوت ، کە ئەوان دیاریەکانیان دابەشکردووە )

لێرەدا پارستەکە ئەرکی ( بکەرە) تەنها بە زیاد کردنی شارستەی ( دەرکەوت ) ئەو ئەرکەی بینی . بۆیە لەسەر خوێندکار پێویستە ئەم وشانە لەبەر بکات .

٢- بەرکار : ( بیستوومە ، کە ئەوان دیاریەکانیان دابەشکردووە )

تەنها بەزیادکردنی شارستەی ( بیستوومە ) پارستەکە ئەرکی ( بەرکاری ) بینی

٣- نیهاد : ( دیارە ، کە ئەوان دیاریەکانیان دابەشکردووە ) ئەرکی ( نیهاد) ە لێرەدا

٤- جێگری بکەر : ( زانراوە ، کە ئەوان دیاریەکانیان دابەشکردووە ) ئەرکی ( جێگری بکەر ) ە .

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

**پرسیار :** پارستەی ( کە یەپەگە سەرکەوتنی گەورە تۆمارد دەکات ) بخە ڕستەوە بەمەرجێک جارێک ( بەرکار و جارێک جێگری بکەر ) بێت .

**وەڵام :** ١- بەرکار ( دەزانم ، کە یەپەگە سەرکەوتنی گەورە تۆمار دەکات )

٢- جێگری بکەر ( دەگوترێ ، کە یەپەگە سەرکەوتنی گەورە تۆمار دەکات )

خوێندکار بەم شێوەیە ئەم پارستانە ئەخاتە ڕستەوە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی پێ ببینێت .

تۆش ئەمانە شیکار بکە.

١-دەزانم، کە یەکڕیزی گەل پێشدەخات.

٢-ئەو گەلەی کە قوربانی بدات ، هەرگیز نامرێت.

٣-بەهاران کە هەور ئەگرمێنێ ،دوومەڵان هەڵئەتوقێ.

٤-دەرکەوت،کە بە ناڕەوا پارەی کرێکارەکانیان نەداوە



چاپخانەی دایك | ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی یەکەم ، لاپەڕە (١٠ )

لەم ڕستانەدا پارستەکان دەربهێنەو جۆرەکانیان دەستنیشان بکـــە.

| ڕستـــــــه | پارسته | جۆری پارستەکە |
|---|---|---|
| ١- ئەم دخەبتین بەلکی ب ئارمانجا خۆ دگەهین. | بەلکی ب ئارمانجا خۆ دگەهین | پارستەی هاوەڵکاری |
| ٢-بیستوومە کە ئاشنا دەبێتە ئەندازیار. | کە ئاشنا دەبێتە ئەندازیار | پارستەی ناوی |
| ٣-ئاشکرایە ،کو وڵات هەر بەزانستێ پێش دکەڤیت. | کو وڵات هەر بەزانستێ پێش دکەڤیت | پارستەی ناوی |
| ٤-ئەو وانەیەی کە خوێندمان زۆر گران بوو. | کە خوێنـــــدمان | پارستەی هاوەڵناوی |
| ٥-کە بەهار هات ، دەچینە سەیران. | کە بەهار هات | پارستەی هاوەڵکاری |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ١٠

وەڵامی ئەم داواکاریانە بدەرەوە:

آ- سێ پارستەی ناوی لە ڕستەدا بەکار بهێنە.

١- دەکرێ،کە ئەوان لە ئاهەنگەکە بەشدار بن. ٢- زانیومە،کە خوێندکارەکان خەڵاتدەکرێن. ٣-ئاشکرایە،کە هێز لە یەکگرتندایە.

ب- سێ پارستەی هاوەڵناوی لە ڕستەدا بەکار بهێنە.

١-ئەو کەسانەی،کە ڕاستگۆن سەربەرزن. ٢- ڕۆمانەکەم خوێندەوە،کە ڕۆمان نووسێکی بەتوانا نووسیبووی. ٣- ئەو ئەندازیارەی کە لێهاتووبوو ، خەڵاتکرا.

ج- سێ پارستەی هاوەڵکاری لە ڕستەدا بەکار بهێنە.

١- کە زەنگەکە لێدرا ، خوێندکارەکان چوونە ژوورەوە. ٢- کە بەهار هات ، دەچینە سەیران. ٣- کە باران باری ، لافاوەکە هەستا.

## ڕاهێنانی سێیەم لاپەڕە ١٠

لەم ڕستەو هۆنراوانەدا پارستەکان دەربهێنەو جۆرەکانیان دەستنیشان بکە و شیان کەوە.

| ڕستـــــه | پارسته | جۆرەکەی | شی کردنەوەی |
|---|---|---|---|
| ١- گریانی من و خەندەی تۆ ئێستە دەشوبهێت.<br>بەو مەوسیمی بارانە کەوا غونچە دەپشکوێت | کەوا غونچە دەپشکوێت | هاوەڵـناوی | دیارخەر |
| ٢- ئەم زانی ،کە پێشمەرگەکە لەبن دارەکە شەهید کرا | کە پێشمەرگەکە لەبن دارەکە شەهید کرا | پارستەی ناوی | بەرکـار |
| ٣-مەزانییە،کو کۆمپیوتەر ل خوێندنگەهێ هەیە. | کو کۆمپیوتەر ل خوێندنگەهێ هەیە | پارستەی ناوی | بەرکار |
| ٤-ئەم پرسی بوو ، کە باخەوانەکە هاتووە. | کە باخەوانەکە هاتووە | پارستەی ناوی | بەرکار |



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٣١٣) (٠٧٧٠٣٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی چوارەم   لاپەڕە ١١

پارستەی ناوی (کـــو نارین هۆزانێ خۆ بەلاڤ کەت ) لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک

١- بکەر بێت   وەکو   ( دەرکەوت ، کو نارین هۆزانێ خۆ بەلاڤ کەت)

٢- جێگری بکەر بێت   وەکو   ( دەزانێ ، کو نارین هۆزانێ خۆ بەلاڤ کەت)

٣-بەرکار بێت   وەکو   ( بیستوومە ، کو نارین هۆزانێ خۆ بەلاڤ کەت)

## ڕاهێنانی پێنجەم   لاپەرە ١١

ئەم بۆشاییانە پڕبکەوە بەمەرجێک یەکەمیان بە پارستەی ناوی دووم هاوەڵناوی سێیەم پارستەی هاوەڵکاری.

١-مامۆستاکەم پێی گوتم کـــە وانەکانم ئامادەکەم.

٢-ئەو مرۆڤەی کە درۆ بکات   شەرمەزارە.

٣- هەوڵبدەن ، بەشکو گەل سەربکەوێت.   تێبینی // ڕستەی سێیەم داواکاریەکەی هەڵەیە چونکە شارستەمان بۆ هێناوە نەک پارستە)

**ڕێزمانی کوردی پۆلی ( ١٠ ، ١١ ، ١٢ ) ی ئامادەیی**

**ئامادەکردنی : م . ئاراس جـوهـر محمـد   لە ئامادەیی سەردەم   لە حاجیاوا**

**م . ئارام جـوهـر محمـد   لە ئامادەیی هەرێم   لە حاجیاوا**

چاپخانەی دایك
DAYKPRINTING
07702265050
07702265051



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## تەواوکەری کار

### ١- بەرکار

**بەرکار:** ئەو ناوەیە یان جێناوەیە کە لەڕستەدا یان لە دێڕە هۆنراوەدا واتای کاری تێپەڕی تەواوکردووە یان تەواودەکات ، کاری گەری کارەکەشی دەکەوێتە سەر. وەکو من نانم خوارد

بکەر بەرکار کاری تێپەڕ

**تێبینی** : لە کۆتایی ئەم بابەتە ڕێگایەکی زۆر ئاسانمان داناوە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە ( کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ ) لێک جیا ناکەنەوە .

### چەند تێبینیەک لەسەر بەرکار.

**تێبینی ١ //** بەرکار تەنها لەو ڕستانەدا هەیە کە کارەکانیان تێپەڕە واتا کاری تێنەپەڕ بەهیچ جۆرێک بەرکار وەرناگرێت ، کاری تێپەڕیش ئەو کارانەن کە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرن ( م – مان ، ت – تان ، ی – یان )

وەکو . من جانتاکەم هێنا. هێنا م– هێنا مان

بکەر بەرکار کاری تێپەڕ هێنا ت _ هێنا تان

هێنا ی _ هێنا یان

**ڕوونکردنەوە** :من نانم خوارد. من جانتاکەم هەڵگرت.

سەرەتا ئێمە لە پێناسەی (بەرکار)دا گوتمان (بەرکار ئەو وشەیەیە کە کاریگەری کارەکەی کەوتۆتە سەر یان بەواتایەکی تر پەیوەندی تەواوی لەگەڵ کارەکە هەیە) بۆیە ئەگەر لەم پێناسەیەوە لەم ڕستانەی سەرەوە ورد بینەوە دەبینین کە لە ڕستەی یەکەمدا ئەو وشەیەی پەیوەندی لەگەڵ (خوارد) هەیە ( نـــان)ە کەواتە بە بێ دوو دڵی ( نان ) بەرکاری ڕستەکەیە وە لە ڕستەی دووەمدا ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ( هەڵگرتن ) هەیە ( جانتایە ) کەواتە ( جانتا ) بەرکاری ڕستەی دووەمە.

ئەگەر ئێمە ڕستەیەکی زۆر دووروو درێژ بێنین دەتوانین بەم ڕێگە ئاسانە (بەرکار) بدۆزینەوە) وەکو

((ئــازاد شەوێ لەماڵەوە پارە بۆ نەوزاد لە باوکم وەردەگرێ بۆ سەفەرەی بەیانی )).

* ئەگەر سەرەتا کاری ڕستەکە بدۆزینەوە کە ( وەرگرتن )ە ڕێک بەدوای ئەو وشەیەدا دەگەڕێین کە وەردەگیرێ بۆیە ڕێک بیرمان بۆ لای ( پارە) دەچێ کەواتە ( پارە) بەرکاری ئەم ڕستە درێژەیە، بەلابردنی واتای ڕستەکە تێکدەچێت.

**تێبینی ٢ //** بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی دا دێت.

١- بۆ ڕابردوو ( من نانم خوارد ) نان : بەرکارە خوارد : کاری ڕابردووی تێپەڕ

٢-بۆ ڕانەبردوو ( من نامە دەنووسم ) نامە : بەرکارە دەنووسم : کاری ڕانەبردووی تێپەڕە

٣- بۆ داخوازی ( جانتاکە بهێنە ) جانتا : بەرکارە بهێنە : کاری داخوازی تێپەڕ



چاپخانەی دایك ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

تێبینی ٣//ئەو وشە و جێناوانەی دەبن بە بەرکـار ئەمانەن

( ناو ، چاوگ ، جێناوی سەربەخۆ ، جێناوی لکاو ، جێناوی خۆی ، جێناوی هەیی ، جێناوی نادیار ، جێناوی پرس ، جێناوی نیشانە )

١- ناو وەکو بەرکار :   من یاری دەکەم   ( یاری : ناوە ، بەرکارە)

٢- چاوگ وەکو بەرکار   خوێندنـــم تەواوکرد   ( خوێندن : چاوگە ، بەرکارە)

٣-جێناوی سەربەخۆ وەکو بەرکار :   من تۆم بینی   ( تۆ : جێناوی سەربەخۆیە ، بەرکارە)

٤-جێناوی خۆی وەکو بەرکار :   من خۆم خۆمـــم پێگەیاند   ( خۆم : جێناوی خۆی ، بەرکارە)

٥-جێناوی هەیی وەکو بەرکار :   نانەکەی خۆم خوارد ، هـــی تۆم نەخوارد.   ( هی : جێناوی هەیی ، بەرکارە)

٦-جێناوی نادیار وەکو بەرکار :   فڵانم بانگکرد   ( فڵان : جێناوی نادیار ، بەرکارە)

٧- جێناوی پرس وەکو بەرکـــار :   چیت بینیوە   ( چی : جێناوی پرس ، بەرکـارە)

٨- جێناوی نیشانە وەکو بەرکار ،   ئەمانەم هەڵبژارد   ( ئەمانە : جێناوی نیشانە ، بەرکارە)

٩- جێنـــــاوی لکـــاو وەکو بەرکـــار :   لەناو جێناوە لکاوەکاندا تەنها ئەم دوو کۆمەڵەیە دەتوانن ئەرکـــی بەرکار ببینن .

کۆمەڵەی یەکەم :   ( م – مان ، ت _تان ، ی _ یان )

بانگـم دەکات   بانگـمان دەکات

بانگت دەکات   بانگـتان دەکـات

بانگـی دەکات   بانگـیان دەکـات   لە هەموو ئەمانەدا ( ات ) ی کۆتایی بکەرن ، جێناوەکانی تر هەمووی بەرکارن.

کۆمەڵەی دووەم :   ( م _ یـن ، یـت _ ن ، Ø _ ن )

بانـگی کردم _ بانگی کردین

بانـگی کردیت _ بانگی کردن

بانـگی کردØ _ بانـگی کردن

تێبینی // جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم وەکو بەرکار کەوتۆتە کۆتایی کارەکەوە ، وە هەمیشە کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری ( ڕابـردووی تێپەڕ ) دا دەبنـە بەرکار ، وە هەمیشە لە کۆتایی کارەکە دان ، جا کارە ڕابردووە تێپەڕەکە سادە بێت یان ناسادە جیاوازی نیە و هەمیشە لە کۆتایی دایە ، وە لە کەسی سێیەمدا دەرنەکەوتووە چونکە جێناوی لکاوی کەسێ سێیەمان نیە لە کۆمەڵەی دووەم .

تێبینی //هەندێک ڕستەمان هەیە دوو بەرکاری تێدایە ، کە ئەم جۆرەش زۆر زۆر دەگمەنە ، وەکو

ماﻣۆستا ڕێزمانی کوردی فێرکردین.   بەرگدرووەکە دووروومانی فێرکردین.

لەڕستەی یەکەمدا گرێی ناوی ( ڕێزمانی کوردی ) و ( یـن ) بەرکارن ، لە ڕستەی دووەمدا ( دروومان ) و ( یـن ) بەرکارن . هۆی ئەوەی کە ئەو دوو ڕستەیە دوو بەرکاریان هەیە ئەوەیە کە ئێمە دەبێت کەسێک هەبێ فێری شتێکی بکەین وە شتێکیش هەبێ کاری لەسەر بکەین تا کەسەکە فێر بکەین ، بۆیە لێرەدا ( یـن ) کەسەکانە ، ( ڕێزمانی کوردی ، دروومان ) شتەکانە ، بۆیە دوو بەرکار هەیە لەم ڕستانەدا.



چاپخانەی دایك   ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

پرسیار :زۆر جـار مامۆستا وشەیەک ئەدا بە خوێندکار ئەڵێ ئەرکی ( بەرکار ) بەم وشەیە ببینە .

وەڵام :لەم حاڵەتەدا خوێنکار ڕەنگە ئەمەی بەلاوە گران بێت بەڵام ئێمە لێرەدا خوێندکار بە شێوەیەک فێرئەکەین کە ئەمەی زۆر بەلاوە ئاسان بێت. چۆن؟

ئەم ڕێگایە بۆ هەموو ئەو وشانە ئەبێت کە دەتوانن ئەرکی بەرکار ببینن جگە لە جێناوە لکاوەکان چونکە یاسای ئەوان جیاوازە.
لێرەوە بە خوێندکار ئەڵێین مامۆستا هەر وشەیەکی پێتدا تۆ وشەکە بهێنەو ( م ) یکی پێوە بلکێنەو دواتر کاری ( بینی ) بۆ زیاد بکە ئەوا دڵنیابە کە وشەکە ئەرکی ( بەرکار ) ی بینیوە ، بۆیە کاری ( بینی ) بەکار ئەهێنین چونکە بەشێکی زۆر لە شتەکان ئەبینرێن . وەکو .
وشەی ( پەرتووک ) بخە ڕستەوە بەمەرجێک ئەرکی ( بەرکار ) بێت .
ئێستا ئێمە یاساکەی سەرەوە بەکار ئەهێنین . بەم شێوەیە سەرەتا وشەکە ئەنووسین و ( م ) ی پێوە ئەخەین و دواتر کاری ( بینی ) دا دەنێین
پەرتووکەکەم بینی . لێرەدا وشەی ( پەرتووک ) ئەرکی بەرکاری بینی .
تۆش ئەتوانی بەئارەزووی خۆت وشە بهێنیت و بەم شێوەیە ئەرکی بەرکاری پێ ببینیت.
( یاریگا ) یاریگاکەم بینی . ( یاریگا ) ئەرکی بەرکارە.
( وێنەی جوان ) وێنەیەکی جوانم بینی ( گرێی ناوی وێنەی جوان ) ئەرکی بەرکارە.
ئەم ڕێگەیە تەنها بۆ ئەوانەیە کە هیچ لەبەرکار نازانن .
یان ئەتوانی بە ئارەزووی خۆت کارێک بهێنی جگە لە ( بینی ) بەو شێوەیەی من بەکاری بهێنیت بەڵام بەو مەرجەی کارەکە تێپەڕ بێت.

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
هێمن موکریانی ( ناڵەی جودایی )

چاپخانەی دایك
DAYKPRINTING
07702265050
07702265051


چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## چۆنیەتی جیاکردنەوەی ( کاری تێپەڕ لە کاری تینەپەڕ)

بۆ جیاکردنەوەی کاری تێپەڕ لە کاری تینەپەڕ پەیرەوی ئەم ڕێگایە دەکەین ( ئەوان ) دادەنێین و ئینجا ( چاوگەکە )ی بەدوادا دەنووسین ، بەم شێوەیە ( **ئەوان + چاوگ** ) بەم شێوەیە ڕستەیەکمان بۆ دروست دەبێ ، ئەگەر هاتوو ڕستەکە واتای هەبوو ئەوا کاری ڕستەکە کارێکی تینەپەڕە ، بەڵام ئەگەر هاتوو ڕستەکە واتای نەبوو ئەوا کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕە ، ئەگەر چاوگەکە (سادە یان دارژاو یان لێکدراو) بێ جیاوازی نییە ، وە چاوگەکە ڕێک وەکو خۆی لەناو ڕستەکەدا دادەنێین. بەم شێوەیە.

( کەوتن ، مردن ، دەرچوون ، دانیشتن ، سەرکەوتن ، ڕێککەوتن ) ئەم چاوگانە بەم یاسایەی سەرەوە بەکار دەهێنین تاکو بزانین ( تێپەڕن یان تینەپەڕ ) ، وە ئەم چاوگانە هەرکاتێک لە ڕستەدا بەکارمان هێنان چاوگ نامێنن و دەبن بە کار .

ئەوان کەوتن . ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( کەوتن ) کارێکی تینەپەڕە

ئەوان مردن . ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( مردن ) کارێکی تینەپەڕە

ئەوان دەرچوون . ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( دەرچوون) کارێکی تینەپەڕە

ئەوان دانیشتن. ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( دانیشتن ) کارێکی تینەپەڕە

ئەوان سەرکەوتن. ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( سەرکەوتن ) کارێکی تینەپەڕە

ئەوان ڕێککەوتن. ڕستەکە واتای هەیە کەواتە ( ڕێککەوتن ) کارێکی تینەپەڕە .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم چاوگانەی نووسیمانن هەموویان ( تینەپەڕ)ن چونکە تەنها لەگەڵ ( بکەر) ( ئەوان) واتای ڕستەکە تەواودەکەن.

وە لە چاوگەکانی ( خوێندن ، خواردن ، هەڵگرتن ، ڕاکێشان ، بانگکردن ، ئاودان ) ئەمانەش بەپێی یاساکەی سەرەوە بەکار دەهێنین تاکو بزانین ( تێپەڕن یان تینەپەڕ) بەم شێوەیە

ئەوان خوێندن. ڕستەکە واتای نییە کەواتە کارەکە کارێکی ( تێپەڕە) چونکە پێویستی بە بەرکار هەیە بۆ تەواوکردنی واتای کارەکە

ئەوان خواردن ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( خوارد) کارێکی تێپەڕە

ئەوان هەڵگرتن ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( هەڵگرتن) کارێکی تێپەڕە

ئەوان ڕاکێشان ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( ڕاکێشان) کارێکی تێپەڕە

ئەوان بانگکردن ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( بانگکردن) کارێکی تێپەڕە

ئەوان ئاودان ڕستەکە واتای نییە کەواتە ( ئاودان) کارێکی تێپەڕە

ئەم کارانەی سەرەوە تێپەڕن چونکە کاتێک لەگەڵ یاساکە بەکاریان دەهێنین ڕستەکە واتای تەواو نادات بەدەستەوە ، وە بۆ ئەوەی واتای تەواو بدەن بە دەستەوە دەبێت وشەیەکی تر بهێنین کە بەو وشەیە دەگوترێت بەرکار ، چونکە کاری تێپەڕ هەمیشە پێویستی بە بەرکار هەیە وە هەرکاتێک بەرکار لە ڕستەکەدا نەبێت واتای ڕستەکە تەواو نییە ، وە بە هێنانی بەرکار بۆ ناو ڕستەکە ڕێک واتای ڕستەکە تەواو دەبێت بەم شێوەیە

**ئەوان وانەکانیان خوێند** واتای ڕستەکە تەواوە چونکە ( وانەکان) مان بۆ زیادکردووە کە ئەرکی بەرکاری بینیوە.

**ئەگەر ڕستەکە واتای هەبوو = کاری تینەپەڕ ( ئەوان چوون ) ڕستەکە واتای هەیە**

**ئەگەر ڕستەکە واتای نەبوو = کاری تێپەڕ ( ئەوان خوێندن ) ڕستەکە واتای نییە**



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٣٦٥٠٥١)

تێبینی // ئەگەر هـاتوو کـارەکە ڕانەبردوو بوو دەیگێڕینەوە بۆ چاوگــە ئەسڵەکەی ئینجـا بە پێی یـاساکـە تاقی دەکەینەوە. ئەگەر هـاتوو ڕستەکە واتـای هەبوو ئەوا ( تێنەپەڕە ) وە ئەگەر واتـای نەبوو ئەوا ( تێپەڕە) ، وە ئەگەر چاوگەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت ئەوا ڕانەبردووەکەشی هەر تێپەڕە، وە بە پێچەوانەشەوە. وەکـو.

**پێشمەرگە ئێمە دەپارێزێت** .   لێرەدا کـارەکە (دەپارێزێت) ە. ڕانەبردووە، بۆ ئەوەی بزانین دەیگێڕینەوە بۆ چاوگە ئەسڵەکەی ( دەپارێزێت ) لە چاوگی ( پاراستن ) ەوە هاتووە ، بۆیە ئێمە ( پاراستن) بەکار دەهێنین لەگەڵ یاساکە. چونکە ئەگەر ( پاراستن ) تێپەڕ بێت ئەوا ( دەپارێزێت) یش هەر تێپەڕە. چونکە کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ پەیوەندی بەکاتەوە نیە کە ڕابردوو بێت بڵێی تێپەڕە و ڕانەبردوویێت بڵێی (تێنەپەڕ)ە کە بەشێکی زۆری خوێندکار ئاوا تێگەیشتووە، بەڵکو ئەمە پەیوەندی بە هێزەوە هەیە کە ئایا (بەرکار ) وەردەگرێ یان نـا ، بۆیە ئێمە لێرەدا ( پاراستن ) بەکاردەهێنین، بەم شێوەیە.

( ئــەوان پـاراستن )   ڕستەکە واتـای نیە کەواتە ( پاراستن ) کارێکی ( تێپەڕە ) بۆیە دەڵێین ( دەپارێزێت) یش تێپەڕە .

من لەسەریان دەخــەوم .   لێرەدا کارەکەمان ( دەخەوم ) ە و کارێکی ڕانەبردووە نابێت ڕێک یاساکەی بەسەردا جێبەجێ بکەین بەڵکو دەیگێڕینەوە بۆ چاوگە ئەسڵەکەی کە ( خەوتن) ە، چونکە ئەگەر خەوتن تێنەپەڕ بیت ئەوا (دەخەوم) یش هەر تێنەپەڕە . وەکو   ( ئــەوان خەوتن )   ڕستەکە واتـای هەیە کەواتە( خەوتن ) تێنەپەڕە بۆیە دەڵێین (دەخەوم )یش تێنەپەڕە .

تێبینـی : کۆمەڵێک کاری شازمان هەیە کە ئەوانە بەر ئەم یاسایە ناکەون کە ژمارەیان کەمە.

( ڕاکـردن ، داکردن ، وازهێنان ، ڕوانین .. .هتد )

چاپخانەی دایك
DAYKPRINTING
07702265050
07702265051



چاپخانەی دایك | ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ١٧

لەم دێرە هۆنراوانەدا بەرکارەکان دەربهێنە.

| هۆنــــــــراوە | بەرکار |
|---|---|
| ١- کوێخایەک نانی بۆ ڕەنجبەرێ برد<br>زۆر زۆر بەسوکـی تەماشای ئەکـرد. | نــــــان<br>تەماشـا |
| ٣-ڕۆژی جەژنە چاوەکانت جوانە جەژنانەم ئەویٚ<br>من بەهەڵپەم چاوەکانـم جامێ پێوانەم ئـەویٚ | جەژنانە<br>جامێ پێوانە |
| ٣-دەمگرێ ئەمـما لەگرتووخانە ڕق ئەستور ترم<br>لێم دەدا ئەمـــما لەسەر داوا ڕەواکەم سورتـــرم | ( م ) بەرکارە لەکاری ( دەمگرێ ) |
| ٤-یەکێ نەمام ئەڕوێنێ و یەکێ نەمـــام ئەنێژێ<br>ئەمیان چاوەڕێی گوڵە و ئەمیان فرمێسک ئەڕێژێ | نەمام نەمام<br>فرمێسک |
| ٥-شەرتە وەک فەرهـاد قوڵنگـی یادی شیرین هەڵگرم<br>تا لە پای کێوی فیراقا جێ دەهێڵـــــــم یادگار | قوڵنگی یادی شیرین ( گرێی ناوی ، بەرکار )<br>یادگار |

## ڕاهێـــــنانی دووەم لاپەڕە ١٨

لە ڕستەی ( داهێن ڕێزمانی کوردی فێرکردین ) وەڵامی ئەمانە بدەرەوە.

١- کاری ڕستەکە دیاری بخەو چ جۆرە کارێکە؟

وەڵام // کاری ڕستەکە ( فێرکرد ) کارێکی ڕابردووی ڕاگەیاندنی تێپەڕی لێکدراوە.

٢- وشەی ( ڕێزمانی کوردی ) شی بکەرەوە.

وەڵام // ڕێـــزمانی کوردی : گرێی ناوییە و بەرکارە.

٣- جێناوی لکاوی ( یـــن ) چییە و ئەرکـــی چییە؟

وەڵام// یـــن : جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ لە کۆمەڵەی دووەم ، بەرکارە.

٤- ( ی ) لە وشەی ( ڕێـــزمانی کوردی ) شی بکەرەوە.

وەڵام // ی // ئامرازی خستنەسەرە ( دانەپاڵە )



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێـــــنانی سێیـەم لاپەرە ١٨

ئەم دێڕە هۆنراوەیە شی بکەرەوە. ( بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە ........... لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە)

بە _ ەوە // ئامرازی پەیوەندی

ئاسمان // ناوە ، تاکە ، گشتییە ، تەواوکەری بەیاریدەیە.

ئەستێرە // ناوە ، تاکە ، گشتییە ، بەرکارە

م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە.

دیوە // کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی تێپەڕی سادەیە .

لە // ئامرازی پەیوەندی

باخچە // ناوە ، تاکە ، گشتیە ، دیارخراوە، تەواوکەری بەیاریدەیە،

ی // ئامرازی خستنەسەرە

بەهار // ناوە ، دیارخەری ناوە

باخچەی بەهار // گرێی ناوی ، تەواوکەری بەیاریدە

گــوڵ // ناوە ، تاکە ، بەرکــــارە

م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە.

چنیوە // کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی تێپەڕی سادەیە.

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

## ڕاهێـــــنانی چــوارەم لاپەڕە ١٨

وشەی ( ڕۆژنامە ) لە سێ ڕستەدا بەکار بهێنە وەکو ( بەرکــــــار ) بەمەرجێک لە ڕستەی یەکەمدا لەگەڵ کاری ڕابردوو و لە دووەمدا لەگەڵ ڕانەبردوو و لە سێیەمدا لەگەڵ کاری داخوازی بێت.

وەڵام // ١- بۆ ڕابردوو ( ڕۆژنـــــامەم کڕی ) ( ڕۆژنامە : بەرکارە )

٢- بۆ ڕانەبردوو ( ڕۆژنـــــامە دەخوێنمەوە ) ( ڕۆژنامە : بەرکارە )

٣- بۆ داخوازی ( ڕۆژنامە بخوێننەوە) ( ڕۆژنامە : بەرکارە )



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٣١٢) (٠٧٧٠٢٣٦٥٠٥١)

## تەواوکەری کـــــار

### ٢- تـــەواوکەری بـــەیـــاریدە

**تەواوکەری بەیاریدە:** ئەو ناوییە یان ئەو جێناوەیە کە لەڕستەدا واتای کـــار تەواودەکات بەیارمەتی ئامرازە پەیوەندیەکانی ( بە_ەوە ، لە-دا ، بۆ ، بەرەو ، ژبـــۆ ، ژ ، ل ، تـــا ، ە ) تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کـــاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕدا دێتە کـــایەوە.

*تەواو کەری بەیاریدە لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێت جا کارەکە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی.

١- بۆ کـــــاری ڕابردوو :وانەکەم بۆ خوێندکارەکان باس کرد — من بـــە ئۆتۆمبیـــــل هاتـــم

ئامرازی پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — ڕابردووی تێپەڕ — ئا.پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە ڕابردووی تێنەپەڕ

٢- بۆ کـــاری ڕانەبردوو : نـــامە بۆ کاروان دەنێرم — بـــۆ هەولێـــر دەچـــیـــن

ئا.پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — ڕانەبردووی تێپەڕ — ئا.پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە ڕانەبردووی تێنەپەڕ

٣- بۆ کاری داخوازی : نامەکە بۆ کـــاروان بنێـــــرە — بۆ هـــەولێر بـــچـــن

ئا.پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — داخوازی تێپەڕ — ئا.پەیوەندی — تەواوکەری بەیاریدە — داخوازی تێنەپەڕ

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

**ئەو وشە و جێناوانەی کە دەتوانن ببن بە تەواوکەری بەیاریدە ئەمانەن .**

١- ناو : نامەکەم بە ئازاد دا نارد ( ئازاد : ناوە ، تەواوکەری بەیاریدەیە)

٢- گرێی ناوی : نامەکەم بە خوێندکارە زیرەکەکەدا نارد ( خوێندکاری زیرەک : گرێی ناوی ،ت.بەیارییدە)

٣- جێناوی سەربەخۆ: پەرتووکەکەم لە تۆ وەرگرت ( تـــۆ : جێناوی سەربەخۆ ، ت.بەیاریدە)

٣-جێناوی پرس : نامەکە بۆ کێ هاتووە ( کێ : جێناوی پرس ، تەواوکەری بەیاریدە)

٤- جێناوی نیشانە : بۆ ئەمانە دەرنەچوون ( ئەمانە : جێناوی نیشانە ، تەواوکەری بەیاریدە)

٥- جێناوی نادیار : پەرتووکەکەم بۆ هین برد ( هین : جێناوی نادیار ، تەواوکەری بەیاریدە)

٦-جێناوی هەیی : کراسەکەی من لە هی تۆ جوانترە ( هی : جێناوی هەیی ، تەواوکەری بەیاریدە)

٧-جێناوی خۆیی : ئێمە بۆ خۆمان دەخوێنین ( خۆمان : جێناوی خۆیی ، تەواوکەری بەیاریدە)

٧- چاوگ : گەل بە خوێندن پێشدەکەوێت ( خوێندن : چاوگە ، تەواوکەری بەیاریدە)

٨- جێناوی لکـــــاو : لە ناو جێناوە لکاوەکاندا ئەم دوو کـــۆمەڵەیە دەتوانن ببن بە تەواوکەری بەیاریدە.

کۆمەڵەی یەکەم ( م – مان ، ت – تـــان ، ی – یـــان )

خـــــەڵاتێـــکـــم پـــێ دەبەخشێت . — نامەیەکـــــمان پێ دەگـــات

ج.لکاو ، تەواکەری بەیاریدە — ئامرازی پەیوەندی — ج.لکاو ، تەواکەری بەیاریدە — ئا.پەیوەندی



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

کۆمەڵەی دووەم // ( م – ین ، یت – ن ، Ø- ن ) ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ کاری (ڕابردوودا) بەکاردێت

پەرتووکەکەیان بۆ هێنـــا م

بکەر ئا.پەیوەندی ج.لکاو ، تەواوکەری بەیاریدە

* بۆ ئەوەی یەکێک لە جێناوە لکاوەکان ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە ببینێت دەبێت هەمیشە یەکێک لە ئامرازە پەیوەندیەکانی( بۆ ، پێ ، لێ ، تێ) لە پێش کاری ڕستەکەوە بێن.

تێبینی //بۆ ئەوەی زۆر بە ئـاسـانـی ئەرکی جێنـاوە لکاوەکـان دیاری بکەین واباشە ڕستەکە بگێڕینەوە بۆ باری ئاسایی خۆی واتە هەرچی جێناوی لکـاوە بیکەینەوە بە جێناوی سەربەخۆ، چونکە جێناوە سەربەخۆکان هەمیشە لە ڕستەدا وەکو تەواوکەری بەیاریدە لە دوای ئـامرازی پەیوەندی یەوە دێن ، ئەوکاتە هەر جێناوێکی سەربەخۆ کەوتە دوای ئامرازە پەیوەندییەکەوە دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو جێناوە سەربەخۆیە جێناوێکی لکاوی هەیە لە ڕستەی یەکەمجـاردا بۆیە جێناوە لکاوەکەش هەر دەبێتە ( تەواوکەری بەیاریدە ) جـا کەوتبێتە دوای ئامرازی پەیوەندی یان چوبێتە سەر ( بکەر ، بەرکار ، جێگری بکەر)

وەکـو ڕستەی ( خەڵاتەکەم پێ بەخـشـرا ) ( دیاریەکەم بۆ هـات ) ئەگەر بیانگێڕینەوە باری ئاسایی ئاوایان لێ دێت.

خەڵاتـەکە بە مـن بەخـشـرا دیاریـەکە بۆ مـن هـات

ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ( من ) تەواوکەری بەیاریدەیە چونکە ئـامرازی پەیوەندی ( بە ) ی لە پێشە ، لەبەر ئەوە دەڵێین لەبەر ئەوەی ( مـن ) تەواوکەری بەیاریدەیە کەواتە جێناوە لکاوەکەی کە ( م ) ە لە ڕستەی یەکمدا ئەویش تەواوکەری بەیاریدەیە.

خەڵاتەکەم پـێ بەخشـرا دیاریەکەم بۆ هـات

ئەمە ڕێگایەکی زۆر ئاسانە گەر خوێندکار پەیڕەوی کات زۆر باش دەبێ بۆ ناسینەوەی جێناوە لکاوەکان .

وە ئەو کاتـانەی کە جێناوی لکاو دەبێتە ( تەواوکەری بەیاریدە) ئامرازە پەیوەندیەکان دەگۆڕێن بۆ ( پێ ، لـێ ، بـۆ ) .

تێبینی //هیچ وشەیەک نابێتە تەواوکەری بەیاریدە ئەگەر ئامرازێکی پەیوەندی لە پێشەوەی نەبێت ، جگە لە جێناوە لکاوەکان کە ئامرازەکە ناکەوێتە پێشیانەوە.

تێبینی //تەواوکەری بەیاریدە بەلابردنی واتای ڕستەکە تێک نادات بەڵکو تەنها وەک ڕوونکردنەوە هاتووە لە ڕستەدا .

من بە ئۆتۆمبیل هاتم ______ من هاتم ( واتای ڕستەکە تێک نەچووە)

تێبینی :هەندێک جار ڕاستەوخۆ وشەی دوای ئامرازە پەیوەندیەکە تەواوکەری بەیاریدە نیە ، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە ( گرێی ناوی ) ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەی ببینێت و گرێکە لە ( هاوەڵناو+ ناو ) پێک هاتبێت بۆ نموونە ( دووەم خوێندکار ، زیرەکترین مامۆستا)

وەکو // پەرتووکەکەم لە دووەم خوێندکار وەرگرت .

لێرەدا ( لـە ) ئامرازی پەیوەندییە بەڵام ( دووەم ) تەواوکەری بەیاریدە نیە . چونکە گرێکە هەمووی ئەبێتە تەواوکەری بەیاریدە ( دووەم ) ژمارەیە و هاوەڵناوە ، هاوەڵناو ناتوانێت ببێتە ( تەواوکەری بەیاریدە) .

دیاریەکەم بە زیرەکترین مامۆستا بەخشی .

لێرەشدا بەهەمان شێوە ( زیرەکترین ) هاوەڵناوە و نابێتە تەواوکەری بەیاریدە بەڵکو ( زیرەکترین مامۆستا ) هەمووی بەیەکەوە دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە ، چونکە ئەو وشەیەی کە دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە لە گرێی ناویدا دەبێت ( نـاو ) بێت ،



ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)
چاپخانەی دایک

## پرسیار: چ کاتێک ( ە ) بزوێنی کورت دەبێتە ئامرازی پەیوەندی ؟

وەڵام //هەر کاتێک ( ە ) بزوێنی کورت کەوتە کۆتایی کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و ( داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆیەکەی ) ئەوا ( ە ) دەبێتە ئامرازی پەیوەندی و شوێنی ئامرازە پەیوەندییەکانی ( بە ، بۆ ) دەگرێتەوە . وەکو

بۆ کاری ڕابردوو //ئێمە چووینە قوتابخانە   کەلە بنەڕەتدا ڕستەکە ئاوایە   ( ئێمە چووین بۆ قوتابخانە )

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە

بۆ کاری ڕانەبردوو // ئێمە دەچینە قوتابخانە   لە بنەڕەتدا ڕستەکە ئاوایە   ( ئێمە دەچین بۆ قوتابخانە )

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە

بۆ کاری داخوازی // منداڵەکان ببەنە خوێندنگە   لە بنەڕەتدا ڕستەکە ئاوایە   ( منداڵەکان ببەن بۆ خوێندنگە )

ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە   ئامرازی پەیوەندی   تەواوکەری بەیاریدە

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ( ە ) ی ئامرازی پەیوەندی شوێنی ( بۆ ) ی ئامرازی پەیوەندی گرتووە و کەوتۆتە کۆتایی کارەوە بۆیە ( ە ) بووە بە ئامرازی پەیوەندی ، بەڵام لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ( ە ) شوێنی ( بە ) ی ئامرازی پەیوەندی دەگرێتەوە و بە هەمان شێوە دەبێتە ئامرازی پەیوەندی وەکو .

ش   شیرەکە دەبێتە ماست   لە ئەسڵا بەم شێوەیە بووە   ( شیر دەبێت بە ماست )

ئامرازی پەیوەندی   ئامرازی پەیوەندی

پرسیار // چۆن جیاوازی دەکەی لە نێوان تەواوکەری بەیاریدە و هاوەڵکاری شوێنی ؟ یان جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕستەیە چییە ؟

١- مـن لـە بـازاڕ نان دەخۆم .   ٢- مـن لـەبـازاڕ نان دەخۆم .

وەڵام // ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەین دەبینین هەردووکیان وەکو یەکن بەڵام هێڵ بەژێرداهێنانەکەیان جیاوازە ، لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕستەکانیش جیاوازن . چۆن

ڕوونکردنەوە : لە ڕستەی یەکەمدا هێڵ لە ژێر ( لە ، بازاڕ ) دراوە بەجیا ، لەمەوە دەگەینە ئەوەی

لە : ئامرازی پەیوەندی

بازاڕ : تەواوکەری بەیاریدە.

بەڵام ڕستەی دووەم هێڵ لە ژێر ( لەبازاڕ ) دراوە واتا هەمووی بەسەر یەکەوە لەمەوە دەگەینە ئەوەی

لەبازاڕ : هاوەڵکارێکی شوێنییە ، تەواوکەری کارە.

واتە بەم شێوەیە جیاوازی دەکەین لە نێوان هاوەڵکاری شوێنی و تەواوکەری بەیاریدە ، ئەگەر ئامرازە پەیوەندیەکە لەگەڵ ناوەکە یەک بوون ئەوا هاوەڵکارە ، ئەگەر ئامرازە پەیوەندیەکە لەگەڵ ناوەکە یەک نەبوون ئەوا ناوەکە دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە.

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*


چاپخانەی دایک   ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی یـــەکەم لاپەڕە

لەم دێڕە هۆنراوانەدا هەر چ بەرکار و تەواوکەری بەیاریدەیە دەریان بهێنە.

| هۆنــراوە | بەرکــار | تەواوکەری بەیاریدە |
|---|---|---|
| ١- | | دڵ ،<br>عەقیق و ئەرخەوان<br>دەست |
| ٢-<br>٣-<br>٤- | | قوڵنگی تیژی فەرهادی<br>سورمەی خامناکــی<br>( م )   نووسیوم<br>(ت ) بۆت بنووسم<br>بەرزی ( ناوی واتایی) |
| ٥- | هەستێکی سپی و جوان | هەموو ئاسمان<br>دڵــی من |
| ٦- | گیـــــان | ڕێگەی نیشتمان<br>( ی ) پێی مەڵێن<br>فیردەوسی بەرین |

## ڕاهێنـــــانی دووەم  لاپەڕە ٢٣

| نــــاو | وەکـو بەرکـار | وەکـــو تەواوکەری بەیاریدە |
|---|---|---|
| ١- وڵات | وڵاتەکەم پێشدەخەم | بۆ وڵات تێدەکۆشین |
| ٢- ڕۆژنــامە | من ڕۆژنامە دەخوێنمەوە | وتارێکم لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردەوە |
| ٣-پێشمەرگە | پێشمەرگەکەیـان خەڵاتکرد | هاوکارییان بۆ پێشمەرگەکان نارد |
| ٤-زانست | مامۆستا زانستمان فێردەکات | بە زانست وڵات پێشدەخەین |
| ٥-گــوڵ | باخەوانەکە گوڵەکانی ئاودا | باخچەکە بە گوڵەوە جوانە. |
| ٦-پەرلەمان | ئێمە پەرلەمانمان هەڵبژارد | یاساکان لە پەرلەمان دەردەچن |

ژیـــــان بە لاتی و بێدەسەڵاتی
هیچ درۆی نەبێ سەد مەرگە ساتی
مـــــرۆڤ بە دیلی بژی خۆشە یا
بمــرێ بۆ بەرزی خاک و وڵاتی

بـرایـــم ئەحمەد



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێـــــنانی سێیەم   لاپەڕە ٢٣

**جیاوازی نێوان بەرکار و تەواوکەری بەیاریدە چییە ؟ بەنموونەوە روونی بکەرەوە.**

| بەرکـــــار | تەواوکەری بـــــەیاریدە |
|---|---|
| ١- پێناسەکەی<br>٢- بەرکار هەمیشە لەگەڵ کاری تێپەڕ دێت<br>٣-بەرکار پێویستی بە ئامرازی پەیوەندی نیە<br>٤- بەرکار بە لابردنی واتای ڕستەکە تێکدەچێت<br>ئێمە وڵات دەپارێزین ____ ئێمە دەپارێزین | ١- پێناسەکەی<br>٢- لەگەڵ کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕیشدا دێت<br>٣- هەمیشە پێویستی بە ئامرازی پەیوەندی هەیە و ئامرازەکە دەکەوێتە پێشیەوە<br>٤- بەلابردنی واتای ڕستەکە تێک ناچێ<br>نامەکەم بۆ ئازاد نارد ____ نامەکەم نارد |

## ڕاهێنــــــانی چوارەم   لاپەڕە ٢٤

**ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەرەوە**

| ١- ئەو کتێبان ژبۆ مە دکرێێت | ٢- گۆڤارەکانیان بۆ مـان هێناوە |
|---|---|
| ئەو // جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بکەرە<br>کتێبان // ناوە ، کۆیە ، بەرکارە<br>ژبۆ// ئامرازی پەیوەندییە<br>مە// جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ، تەواوکەری بەیاریدەیە<br>دکرێێت// کاری ڕانەبردووی تێپەڕە<br>ێت// جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە<br>تێبینی// (ێت) نابێ چونکە ئەو کەسی سێیە و جێناوەکەشی ( ێت)ە | گۆڤارەکان // ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، بەرکارە<br>یان // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بکەرە<br>بۆ // ئامرازی پەیوەندی<br>مان // جێناوی لکاوە و تەواوکەری بەیاریدەیە<br>هێناوە // کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕی ڕاگەیاندنە. |

| ٣- مامۆستا لە هۆڵی قوتابخانەدا دیاریەکەی پێشکەش کردین | ٤- ئەم ڕۆژنامەیەم خوێندووەتەوە بۆ تان |
|---|---|
| مامۆستا // ناوە ، تاکە ، گشتییە ، بکەرە<br>هۆڵی قوتابخانە // گرێی ناوی ، تەواوکەری بەیاریدە<br>دیاری ،، بەرکارە<br>ی // جێناوی لکاوە ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە<br>پێشکەش کرد// کاری ڕابردووی ڕاگەیاندنی تێپەڕە<br>ین // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ ، بەرکارە | ئەم ڕۆژنامەیە // گرێی ناوی ، بەرکار<br>م // جێناوی لکاو ، بکەر<br>خوێندووەتەوە // کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕە<br>بۆ // ئامرازی پەیوەندی<br>تان // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کـۆ ، ت.بەیاریدەیە |

خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن

تێکۆشان بوایە بۆ خاکی وەتەن

ئاخۆ ! تەمەنی کام دڵسۆزی کورد

لە چوار پێنج ساڵی تێپەڕی ئەکرد



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## جێنـــاوی خۆیـــی

جێناوی خۆیی : جێناوێکی هاوبەشە لەنێوان هەر شەش کەسیی تاک و کۆدا ، ئەم جێناوەش واتای خۆیەتی و خاوەنێتی دەگەیەنێت ، کاتێک جێناوە لکاوەکانی دەچێتە سەر دەبێتە جێناوێکی لێکدراو وەک ( خۆم – خۆمان ،خۆت – خۆتان ، خۆی – خۆیان )

### چەند تێبینییەک لەسەر جێناوی خۆی کە دەکرێ هەریەکێکیان وەکو پرسیار بەکار بهێنرێت.

تێبینی ١ // جێناوی خۆی لە دوو باردا بەکار دەهێنرێت .

آ- بۆ تەوکیدی ( نـــاو ) یان ( جێنـــاو ) وەکو : ( ئـــەو خۆی نامەی نووسی)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا جێناوی ( خـــۆ ) بۆ تەوکید کردن و جەختکردنەوەی جێناوی ( ئـــەو ) هاتووە و ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە نەبوایە دەمانتوانی بڵێین . ( ئەو نـــامەی نووسی ) ئەوەتا ڕستەکە واتاکەی ڕوونە بە لابردنی جێناوەکەش . ( تەوکیدی جێناو)

یان لە ڕستەی ( شـاعیرەکە خۆی شیعرەکەی خوێندەوە ) لەم ڕستەیەشدا خۆ بۆ تەوکید کردن لە ناوی ( شاعیر ) هاتووە ، وەئەگەر بۆ ئەو مەبەستە نەبوایە دەمان توانی بڵێین ( شاعـــیرەکە شیعرەکەی خوێندەوە) ( تەوکیدی ناو )

ب- کاتێک بکەر و بەرکاری ڕستە یەک بن ئەوا دەتوانین جێناوی خۆی بەکاربهێنین وەکو،

( من خـۆم خـۆمـم پێگەیاند ) ( مـن خـۆم خـۆمـم لەناوبرد)

بکەر بەرکـار بـکەر بەرکـار

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

تێبینی ٢ //پرسیار چ کاتێک دەتوانی جێناوی سەربەخۆ لە ڕستەدا لابەریت ؟

وەڵام // ئەگەر هـــاتوو جێناوێکی سەربەخۆ لەگەڵ جێناوێکی خۆیی لە ڕستەدا بەکار هاتن و ( بـکەری ڕستەکە بوون ) ئەوا لەم حاڵەتەدا سێ جێناو لە ڕستەکەدا کۆدەبنەوە دوویان (جێناوی سەربەخۆ) و ئەوەی تریان (جێناوی لکاو) بەم شێوەیەی خوارەوە

مـــن خـــۆم پەرتووکـــەکـــەم چاپـــکرد.

ج.سەربەخۆ ج.سەربەخۆ ج.لکاو . بۆ بکەر دەگەڕێتەوە

کۆبوونەوەی ئەم سێ جێناوە لەم ڕستەیەدا پێویست نیە بۆیە دەکرێت دوو جێناوە سەربەخۆکە لابەرین و بڵێین

(( پەرتووکەکەم چاپکرد) ( م : جێناوی لکاو ، بـکەر)

لەم حاڵەتەدا دەبێت ئەرکی جێناوەکان ( بکەر) بێت ئەگەر بکەر نەبێ ناتوانی جێناوە سەربەخۆکان واتا خۆییەکە لابەرین .

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٣٦٥٠٥١)

تێبینی ٣ //جێناوی خۆی لەگەڵ وشەی تردا یەکدەگرێت و وشەی ( دارڕژاو ) یان ( لێکدراو ) مان بۆ دروست دەکات .

* وشەی دارڕژاو : وەکو ( خۆیەتی ، خۆیی ، بەخۆ ، لەخۆوە )

* وشەی لێکدراو : وەکو ( خۆویست ، خۆ هەڵکێش ، خۆ کوژ ، خۆمانە ، خۆ خۆر ، خۆ پەرست )

نموونە ( ئەو کورە خۆمانەیە )

نیهاد   هاوەڵناو ، تەواوکەری کاری ناتەواو

واتا ئەگەر هاتوو جێناوی خۆیی بە دارڕژاوی و لێکدراوی هات جێناوی خۆیی نامێنێت و بەشە ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت وەک چۆن ( خۆمان + ە ) بووە بە ( خۆمانە ) لە جێناوەوە بووە بە هاوەڵناو.

تێبینی ٤ //جێناوی خۆی دەتوانێت لەگەڵ کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ دا بێت بەم شێوەیە .

أ- ئەگەر هاتوو جێناوە خۆییەکە یەکێک لە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرتبوو ( م – مان ، ت – تان ، ی – یان ) دەتوانین لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دا بەکاری بهێنین . بەم شێوەیە .

نموونە( خۆم هاتم )   ( خۆم پەرتووکەکەم کڕی )

کاری تێنەپەڕ   کاری تێپەڕ

ب- بەڵام ئەگەر هاتوو جێناوە خۆییەکە دوو جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرتبوو ئەوا تەنها لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەکار دێ ، مەرج نیە هەردوو جێناوە لکاوەکە یەک کەس بن وەکو :

( ئێمە خوێندنگەکەی خۆمانمان پاککردەوە )   ( زەویەکەی خۆمانم کێڵا )

ج.لکاو ج.لکاو (یەک کەسن) کاری تێپەڕ   ج.لکاو ج.لکاو (کەسی جیان) کاری تێپەڕ

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

تێبینی ٥ //جێناوی خۆیی کاتی جێناوی لکاوی دەچییتە سەر دەتوانێ مۆرفیمی پەیوەندی ( ش ، یش ) وەربگرێ بەم شێوەیە.

* مۆرفیمی ( ش ) دەچێتە نێوان جێناوە خۆییەکەو جێناوە لکاوەکەوە

( خۆشم ___ خۆشمان ، خۆشت ___ خۆشتان ، خۆشی ___ خۆشیان )   وەکو ( خۆشم هاتم )

* بەڵام مۆرفیمی پەیوەندی ( یش ) دەکەوێتە دوای جێناوە لکاوەکەوە   وەکو

(( خۆمیش ___ خۆمانیش ، خۆتیش ___ خۆتانیش ، خۆییش ___ خۆیانیش )   (خۆمانیش هاتین )

تێبینی ( مۆرفیم ) بچوکترین بەشی وشەیە

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

تێبینی ٦ //جێناوی خۆیی لە ڕووی ڕەگەز و ژمارە و دۆخەوە بێلایەنە وەکو :

* شێرکۆ کچا خۆ ناردە فێرگەهێ   * دارایێ کوڕێ خۆ ناردە فێرگەهێ

( کەم ڕستانەدا ( خۆ ) ڕەگەزی نیە ، بۆ نێر و مێ هەر هەمان جێناوی خۆیی بەکار هاتووە ( خۆ ) .

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

تێبینی ٧ //جێناوی خۆیی هەندێک جار بۆ تەوکید کردن ( خود ) ی لە پێشەوە دێت. وەکو

بە خودی خۆی کارەکەی ئەنجامدا

ئا.پەیوەندی   گرێی ناوی ( ت.بەیاریدە) .



چاپخانەی دایک   ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

تێبینی ٨ //جێناوی خۆی دەکرێ بەتەنها لە ڕستەدا بەکار بهێنرێت . وەکو : (خۆ بە خۆ هاتن )
گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتی و تەواوکەری کار

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

تێبینی ٩ // دەکرێ جێناوی خۆیی دوو جێناوی لکاو وەرگرێت ، یەکێکیان کۆمەڵەی یەکەم و ئەوەی تر کۆمەڵەی دووەم بێ .

* ئەو کورانە برادەری خۆمانن . ( مان : کۆمەڵەی یەکەم ، ن : کۆمەڵەی دووەم )

ئەو کورانە //گرێی ناوی ، نیها

برادەری خۆمانن // گرێی ناوی ، تەواوکەری کاری ناتەواو( تێبینی // کاتێک نیهاد کۆبێت ( ە ) ی کاری ناتەواو دەرناکەوێ ))

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

## ئەرکی جێناوی خۆیی لە ڕستەدا

١- بکەر : پێویستە کاری ڕستەکە کارێکی تەواو بێت ( تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ ) ئینجا بکەر لە ڕستەکەدا بوونی دەبێت. وەکو

(( خۆم هاتم )) (( خۆم کتێبەکەمم خوێندەوە))

بکەر کاری ڕابردووی تێنەپەڕ بکەر کاری ڕابردووی تێپەڕ

٢- نیهاد : پێویستە کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواو بێت ( ە ، بوو ، دەبێت ) وە سیفەتێکی درابێتە پاڵ ، مەبەستمان وەسف نیە.

خۆی زیرەکە ( لێرەدا سیفەتی زیرەکی دراوەتە پاڵی ))

نیهاد کاری ناتەواو

٣- بەرکار : پێویستە کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕ بێت . واتە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەربگرێ .

خۆم خۆمم پێگەیاند

بکەر بەرکار کاری تێپەر

٤- دیارخەری ناو : وەکو :جلوبەرگەکانی خۆم دەشۆم .

ئا.خستنەسەر جێناوی خۆی و دیارخەری ناو

٥- تەواوکەری بەیاریدە : پێویستە یەکێک لە ئامرازە پەیوەندیەکان لە پێش جێناوە خۆییەکەوە بێت ئەوانیش ئەمانەن ( بۆ ، لە، بە ...)

ئێوە بۆ خۆتان نان بخۆن

ئا.پەیوەندی ت.بەیاریدە

٦- تەواوکەری کاری ناتەواو : دەبێت کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواو بێت ( ە ، بوو ، دەبێت ) وە جێناوە خۆییەکە لە تەنیش کارە ناتەواوەکەوە بێت یان پێوەی نووسابێت . وەکو

ئەوە خۆت بوویت ، کە تاقیکردنەوەکەت نەکرد .

نیهاد تەواوکەری کاری ناتەواو کاری ناتەواو



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٧- جێگری بکەر : پێویستە کاری ڕستەکە کارێکی بکەر نادیار بێت ، کاری بکەر نادیاریش بەم شێوەیە دروست دەبێت لە ڕستەدا

آ – بۆ ڕابردوو :   (( ڕەگی کار + را ))

ب- بۆ ڕانەبردوو :   (( دە + ڕەگی کار + رێ ))

خۆیان بینــــران — ج.خۆیی ، جێگری بکەر — کاری ڕابردووی بکەرنادیار

خۆیان دەبینرێن — ج.خۆی ، جێگری بکەر — کاری ڕانەبردووی بکەرنادیار

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا چەند شێوەیەکی هەیە.

١- خۆ : بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم   بەنان و ئاو و جل و بەرگی خـــۆم

٢-خۆە : ماسیڤان تـــۆڕا خۆە ئاڤێتە بن بەحرێ .

٣- خود : هەرکەسێ ئیضهاری دانایی بکات و مەقسەدی   خود پەسندی بێ یەقین ئیضهاری دابانی بکا

## چۆنیەتی بەکارهێنانی جێناوی خۆیی لە کرمانجی ژووروودا

لەکرمانجی ژووروودا ئەگەر جێناوە خۆییەکە ئەرکــی ( بکــەر یان نیهــاد یان جێگــری بکەر)ی بینی ئەوا پێشگری ( ب ) دەچێتە پێش (جێناوە خۆییەکەوە)تێبینی :- ئەم بەشەی کرمانجی ژووروو زۆر گرنگە

١- بــکەر : ئــەز ب خــۆ هاتــم   ( ب خۆ : بکەرە )   ( من خۆم هاتم)

لە کرمانجی ژووروودا ناتوانین جێناوی سەربەخۆ لابەرین لەڕستەدا هیچ کاتێک کە ئەوانیش ئەمانەن ( من –مە ، تە - وە ، وی،وێ – وان) یان ( ئەز – ئەم ، تو – هوین ، ئەو – ئەو)

٢- نیهــاد : ئەو ب خــۆ زیرەکە.   ( ب خۆ: نیهاد )   ( ئەو خۆی زیرەکە)

٣- جێگری بکەر : یاسای بکەر نادیار لە کرمانجی ژووروودا

آ- بۆ ڕابردوو ( هاتە + چاوگ )   ئــەو بخــۆ هاتە گرتنێ .   ( بخــۆ : جێگری بکەر)   ( ئەو خۆی گیرا)

ب- بۆ ڕانەبردوو ( دهێتە + چاوگ )   ئەو بخۆ دهێتە گرتنــێ )

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ( جێناوە سەربەخۆکان و جێناوە خۆییەکانیش ) هەردووکیان بکەر بەڵام ئێمە لەبەر بابەتەکە جێناوە خۆییەکانمان داناوە ، لە ڕستە سۆرانیەکاندا جوانتر ڕووندەبێتەوە کە بۆ بکەرە ، چونکە بەلابردنی سەربەخۆکان جێناوە خۆییەکان دەبنەوە بە بکەر.

تێبینی // ئەو (ب ) لە پێش جێناوەکانەوەیە ئەوا ( ئامرازی پەیوەندی ) نییە . تەنها لەم جێناوە خۆییانەدا هەو نیە.

تێبینی ١ // ئەگەر هــاتوو جێناوە خۆییەکە ئەرکــی بەرکــاری بینی ئەوا جێناوە خۆییەکە هیچ پێشگرێک لە پێشەوە وەرناگرێ .

وەک : وی خۆ ڕزگار کرد .   (بکەر — بەرکار — کاری تێپەڕ)

ئەو خۆ کوشت   (بکەر — بەرکار — کاری تێپەڕ)   ( ئەو خۆی کوشت)

تێبینی // ئەرکەکانی تر وەک هی کرمانجی خواروون



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

## ڕاهێنـــــانی یەکەم   لاپەڕە ٣٣

پەیڤی ( خـــۆ ) لە ڕستەدا بەکاربهێنە بەمەرجێـک .

١- بـکەر بێت :   ( خۆم گوڵەکانم ئاودا )   ( خۆم : جێناوی خۆیی ، بـکەر)

٢- تەواوکەری کاری ناتەواو بێت :   ( ئەوە خۆتیت )   ( خۆت : جێناوی خۆیی ، تەواوکەری کاری ناتەواو)

٣- نیهـاد بێت :   ( خۆی زیـــرەکـــە )   (خۆی : جێناوی خۆیی ، نیهـاد)

٤- دیارخەری ناوبێت   ( ڕێزی هاوڕێکانی خۆم دەگرم )   ( خۆم : جێناوی خۆیی ، دیارخەری ناو)

٥- جێگری بـکەر   ( خۆی بینـــرا )   ( خۆی : جێناوی خۆی ، جێگری بکەر))

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

## ڕاهێنـــــانی دووەم   لاپەڕە ٣٣

ئەم ڕستانە لە تاکەوە بگۆڕە بۆ کۆ .

١- بەمنداڵەکانی خۆمانمان خوێند .   ٢- دووێنی خۆتان پارەکانتان لێ سەندین

٣- خۆیان لێـــرە نین خوایـــان لێرەیە .   ٤- ئێمە خۆمان کارەکان جێ بەجێ دەکەیـــن.

## ڕاهێنانی   سێیـــــەم   لاپەڕە ٣٣

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە :

١- پرسیار // جێنـــــاوی خۆیی کەی پێشگری ( ب ) دەچێتە پێش ؟

وەلام // لەکرمانجی ژوورووا ئەگەر جێناوە خۆییەکە ئەرکـی ( بکـــەر یان نیهـــاد یان جێگـری بکەر)ی بینی ئەوا پێشگری ( ب ) دەچێتە پێش (جێناوە خۆییەکەوە)

١- بـکەر :   ئـــەز ب خـــۆ هاتـــم   ( ب خۆ:   بکەرە )   ( من خۆم هاتم)

٢- نیهـــاد :   ئەو ب خـــۆ زیرەکە.   ( ب خۆ: نیهاد )   ( ئەو خۆی زیرەکە)

٣- جێگری بکەر :   ئـــەو بخــۆ هاتە گرتنێ .   ( بخـۆ : جێگری بکەر)   ( ئەو خۆی گیرا)

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

٢- پرسیار // جێناوی خۆیی لە چەند باردا بەکاردەهێنرێت لە ڕستەدا ؟ ئەوبارانە چین ڕوونی بکەوە.

وەڵام //  جێناوی خۆی لە دوو باردا بەکار دەهێنرێت .

آ- بۆ تەوکیدی ( نـــــاو ) یان ( جێنــــــاو) وەکو :   ( ئـــەو خۆی نامەی نووسی )   . ( تەوکیدی جێناو)

( شـــاعیرەکە خۆی شیعرەکەی خوێندەوە )   ( شـاعـــیرەکە شیعرەکەی خوێندەوە)   ( تەوکیدی ناو )

ب- کاتێک بکەر و بەرکاری ڕستە یەک بن ئەوا دەتوانین جێناوی خۆی بەکاربهێنین وەکو،

( من  خــۆم  خـــۆمـــم پێگەیاند )   ( مـن خـــۆم  خــــۆمـــم لەناوبرد)

بکەر   بەرکـــار   بـــکەر   بەرکـــار



چاپخانەی دایک   ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

٣- پرسیار // کەی دەتوانین جێناوی خۆیی لاببەین ؟ بەنموونەوە روونی بکەوە.

وەڵام // ئەگەر هاتوو جێناوێکی سەربەخۆ لەگەڵ جێناوێکی خۆیی لە ڕستەدا بەکار هاتن و ( بکەری ڕستەکە بوون ) ئەوا لەم حاڵەتەدا سێ جێناو لە ڕستەکەدا کۆدەبنەوە دوویان (جێناوی سەربەخۆ) و ئەوەی تریان (جێناوی لکاو) بەم شێوەیەی خوارەوە

مــن خــــۆم پەرتووکــەکـــــەم چاپــکـــرد.

ج.سەربەخۆ ج.سەربەخۆ ج.لکاو . بۆ بکەر دەگەڕێتەوە

کۆبوونەوەی ئەم سێ جێناوە لەم ڕستەیەدا پێویست نیە بۆیە دەکرێت دوو جێناوە سەربەخۆکە لابەرین و بڵێین

(( پەرتووکەکەم چاپکرد ( م : جێناوی لکاو ، بکەر)

لەم حاڵەتەدا دەبێت ئەرکی جێناوەکان ( بکەر) بێت ئەگەر بکەر نەبێ ناتوانی جێناوە سەربەخۆکان واتا خۆییەکە لابەرین .

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

٤- پرسیار // کەی جێناوی خۆیی لەگەڵ کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ دا بەکاردەهێنرێت؟ بەنموونەوە روونی بکەوە.

وەڵام // ئەگەر هاتوو جێناوە خۆییەکە یەکێک لە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرتبوو ( م – مان ، ت – تان ، ی – یان ) دەتوانین لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دا بەکاری بهێنین . بەم شێوەیە .

نموونە ( خــۆم هاتم ) ( خــۆم پەرتووکەکەم کــڕی )

کاری تێنەپەڕ کاری تێپەڕ

*****************************************************

٥- پرسیار // کەی جێنـــاوی ( خۆیی ) مۆرفیمی پەیوەندی ( ش ، یش ) وەردەگرێت ؟ بەنموونەوە روونی بکەوە.

وەڵام // جێناوی خۆیی کاتی جێناوی لکاوی دەچیتە سەر دەتوانێ مۆرفیمی پەیوەندی ( ش ، یش ) وەربگرێ بەم شێوەیە.

* مۆرفیمی ( ش ) دەچێتە نێوان جێناوە خۆییەکەو جێناوە لکاوەکەوە

( خــۆشم ___ خــۆشمان ، خۆشت ___خۆشتان ، خۆشی ___ خۆشیان ) وەکو ( خۆشــم هاتــم)

* بەڵام مۆرفیمی پەیوەندی ( یش ) دەکەوێتە دوای جێناوە لکاوەکەوە وەکو

(( خۆمیش ___ خۆمانیش ، خۆتیش ___ خۆتانیش ، خۆییش ___ خۆیانیش ) (خۆمانیش هاتین )

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

## ڕاهێنـــــانی پێنجەم لاپەڕە ٣٤

لەم ڕستانەدا پەیڤی ( خــۆ) شی بکەوەو ئەرکەکەشی دەربخــە:

١- بە خۆتم گوت ئەو کارە مەکە . ( خۆت : جێناوی خۆیی ، تەواوکەری بەیاریدە)

٢- مـن خۆم چـووم بۆ بازاڕ . ( خــۆم : جێناوی خۆیی ، بــکەرە ، بۆ جەختکردنەوەشە)

٣- ئەو ب خــۆ هات گرتنێ . ( خــۆ : جێناوی خۆی ، جێگری بکەرە )



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٣١٢) (٠٧٧٠٢٣٦٥٠٥١)

## جێنـــاوی هەیـــی

جێناوی هەیی: (( هـی ، ئـی ، یـا ، یـێ ، یێن ))ئەو جێناوەیە کە بۆ خاوەندارێتی بەکار دەهێنرێت و جێگای ناوی کەسێک یان شتێک دەگرێتەوە و خاوەنەکەی دەگونجێت ناو یان جێناو بێ ، ئەرکی ئەو ناوەی پێدەسپێردرێت کە شوێنی دەگرێتەوە.

تێبینی //جێناوی هەیی بەجێناوێکی سەربەخۆ دادەنرێت ، بەڵام لە ڕستەدا هەمیشە ( دیارخراوە ) و (دیارخەرەکەی) بەدوایدا دێت و پێکەوە گرێیەکی ناوی پێکدەهێنن و گرێ ناوییەکە ئەرکەکە دەبینێت ، واتا بە تەنها بەکار نایات لە ڕستەدا ،

بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە (دیارخراوەکان ) لە ڕستەدا ئەرکی سەرەکی وەردەگرن بۆیە دەڵێین جێناوی هەیی بەتەنهاش بێ زۆر کێشە نیە.

وەکـو // ئەم گۆڤـارە هــی کارزانـــــە.

ج.هەیی دیارخراو ناو (دیارخەر) کاری ناتەواو

( هی کارزان = گرێی ناوی ، تەواوکەری کاری ناتەواو )

هەموو گرێیەکـی ناوی لە ( دیارخراو + دیارخەر) پێک دێت .

### چەند تێبینیەک دەربارەی جێناو هەیی لە کـــــرمانجی خواروودا

تێبینی ١ //لەکرمانجی خواروودا جێناوی هەیـی ( هـــی ، ئـــی ) بەکاردێت ، شوێنی یەکتریش دەتوانن بگرنەوە.

وەکـو // پەرتووکەکەی من لە هــــی تۆ باشترە.

پـەرتووکەکەی من لە ئـــی تۆ باشترە.

( هـی ، ئـی ) جێناوی هەیی ، تەواوکەری بەیاریدەن

تێبینی ٢ //جێناوی هەیی لەکرمانجـی خواروودا ڕەگەز ( نێر و مێ ) نیشان نادات. وەکو ( پێنووسەکە هــــی منە)

تێبینی ٣ //لە هەندێک ناوچەدا لە جیاتی جێناوی هەیی ( هـی ) ( هین ) بەکاردێت.

وەکو // پەرتووکەکە هین من بوو . ( هین ) وەک ( هی ) واتە لەو شوێنە . نابێتە جێناوی نادیار بەهیچ شێوەیەک

(هین من = گرێی ناوی ، تەواوکەری کاری ناتەواو)

### چەند تێبینییەک لەسەر جێناوی هەیـی لە کرمانجــی ژووروودا:

تێبینی ١ // لە کرمانجی ژووروودا ئەم جێناوە هەییانە بەکار دێن ( یـــا ، یـێ ، یێن )

وەکـو // پەرتووکا من مەخینە ، یــا خۆ بخینە.



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

تێبینی ٢ // لە کرمانجی ژووروودا جێناوی هەیی بەپێی ژمارە و ڕەگەزی ئەوناوەی کە جێگای دەگرێتەوە بە ( سێ ) شێوە بەکار دێت.

آ- بۆ تاکی مێ ( یــا ) بەکاردێت:

پەرتووکــا من مەخینە ، یــا خۆ بخینە.            خوشکــا من نەهاتییە ، یــا تە هاتییە.

( ا ) ئامرازی خستنە سەرە بۆ ڕەگەزی مێ            ( ا ) ئامرازی خستنە سەرە بۆ ڕەگەزی مێ

لێرەدا بۆ ئەوەی بزانین کە جێناوە هەییەکە بۆ ڕەگەزی مێ بەکار هاتووە پێویستە سەیری ئامرازی خستنەسەرەکە بکەین ئەگەر هی ڕەگەزی مێ بوو ئەوا جێناوی هەیی ( یــا ) بەکار دەهێنین .   لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا ئامرازی خستنەسەرەکە ( ا ) هی ڕەگەزی مێیە کە چووەتە سەر ئەو ناوەکەی کە جێناوە هەییەکە شوێنی گرتۆتەوە بۆیە دەبێت جێناوی هەیی ڕەگەزی مێ ( یــا ) بەکار بهێنین .

ب- بۆ تاکی نێر ( یێ ) بەکاردێت:

بە پێنووســێ من مەنڤیسە ، ب یــێ خۆ بنڤیســە            برایــێ من نەهاتییە ، یــێ تە هاتییە.

( ێ ) ئا.خستنەسەرە   جێناوی هەیی ڕەگەزی نێر            ( ێ ) ئا.خ.ی نێرە   جێناوی هەیی ڕەگەزی نێرە

لێرەشدا بۆ ئەوەی بزانین کە جێناوە هەییەکە بۆ ڕەگەزی نێر بەکار هاتووە پێویستە سەیری ئامرازی خستنەسەرەکە بکەین ئەگەر هی ڕەگەزی نێر بوو ئەوا جێناوی هەیی ( یــێ ) بەکار دەهێنین .   لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا ئامرازی خستنەسەرەکە ( ێ ) هی ڕەگەزی نێرە کە چووەتە سەر ئەو ناوەکەی کە جێناوە هەییەکە شوێنی گرتۆتەوە بۆیە دەبێت جێناوی هەیی ڕەگەزی نێر ( یــێ ) بەکار بهێنین .

ج- بۆ کۆی نێر و مــێ ( یــێن ) بەکاردێت:

هەڤاڵێن مە زیرەکــن ، یــێن وە زیرەک نین .خانووێــن مە خۆشن ، یــێن وە ناخۆشن.

ێن: ئامرازی خستنەسەرە بۆ کۆی نێرومێ   یــێن: جێناوی هەیی بۆ کۆی نێرومێ   ( لەهەردوو ڕستەکەدا)

لەم دووڕستەیەدا لەبەر ئەوەی ئامرازی خستنەسەرەکە هی کۆی نێرو مێیە ( ێن )ە بۆیە دەبێت جێناوە هەییەکەش هی کۆی نێرو مێ بێت واتە ( یــێــن ) بێت ، وەک لە ڕستەکاندا بە جوانی دەرکەوتوون .



چاپخانەی دایك  ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سابونکەران، بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٣) (٠٧٧٠٢٣٦٥٠٥١)

## ئەرکەکانـــی جێنـــاوی هەیـــی

تێبینی // هەر وەکو گوتمان جێناوی هەیی هەمیشە بە شێوەی گرێی ناوی دەتوانێت ئەرکەکانی ناو ببینێت نەک بەتەنها .

١- بـکەر : پەرتووکەکەی من سوتاوە ، هـی تۆ نەسووتاوە.

بکەر

٢- بەرکار : پەرتووکەکەی من مەخوێنەوە ، هـی خۆت بخوێنەوە.

بەرکـار

٣- تەواوکەری بەیاریـدە : پۆلەکەی ئێمە لە هـی ئێوە خۆشترە.

تەواوکەری بەیاریدە

٤- نیـهاد : خوێندنگاکەی ئێمە خۆشە ، هـی ئێوە ناخۆشە.

نیهاد

٥-تەواوکەری کاری ناتەواو: ئەو کتێبە هـی منە.

تەواوکەری کاری ناتەواو

٦- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو: کراسەکەم لە هـی تۆیە.

تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو

٧-جێگری بکەر:

بۆ ڕابردوو : باخەکەی ئێمە سوتێنرا ، هی ئێوە نەسوتێنرا.

جێگری بکەر

بۆ ڕانەبردوو: قوتابخانەکەی ئێمە خاوێن دەکرێتەوە . هـی ئێوە خاوێن ناکرێتەوە.

جێگری بکەر

٨ – دیارخەری ناو : جێناوی هەیی بەهیچ شێوەیەک ئەرکـی دیارخەری ناو نابینێت، ( گرنگە بیزانە )

************************************************************

## ڕاهێنانـــی یەکەم لاپەڕە ٣٨

ئەم جێناوانە بۆ چ ناوێک دانراون بیان نووسە.

| ڕستە | جێنـــاوی هەیـی | ناوەکەی کە جێناوەکەی لەبری بەکارهاتووە |
|---|---|---|
| ١- نمرەی نەسرین لە هی من بەرزترە. | هــی | نــمرە |
| ٢- ئەسپەکەی تۆ لە هی من خێراترە. | هــی | ئەسپ |
| ٣- ئاهەنگەکەی ئێوە لە هی ئێمە خۆشتربوو. | هــی | ئاهەنگ |
| ٤- پەرتووکێن من و تە زۆر بەسودن . ( پەرتووکێن من بەسودن ، یێن تە بەسودن ) ئاوایە ڕستەکە | یـێن ، دەرنەکەوتووە. | پەرتووک |
| ٥-مامۆستای ئێمە هاتووەو هـی ئێوە نەهاتووە. | هـی | مامۆستا |



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی دووەم   لاپەڕە ٣٩

**لە جیاتی ئەو ناوانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە جێناوی هەیی دابنێ .**

| ڕستە | ناوی هێڵ بەژێر داهاتوو | جێناوی هەیی |
|---|---|---|
| ١- ئەڤە گوندێ مە نینە ، گوندێ ئەوانە. | گوند | یــێ |
| ٢-ب پێنووسێ خۆ بنڤیسە. | پێنووس | یــێ |
| ٣-ئەسپەکەی تۆ لە ئەسپەکەی من خێراترە. | ئەسپ | هــی |
| ٤-ئاڤا کانییا ژ ئاڤا رووبارێ پاکژترە. | ئاڤ | یــا |
| ٥- بە قسەی دووژمن نارۆم بە ڕێوە. | قسە | ئـی ، هــی |

## ڕاهێنانی سێیەم  لاپەڕە  ٣٩

**ئەم ڕستانە شیبکەرەوە.**

| ١- وتــاری یەکــەم هی فیسار بوو. | ٢- شۆڕشی کوردستان  هــی گەلــی کوردە. |
|---|---|
| وتار // ناوە، دیارخراوە. | شۆڕشی کوردستان // گرێی ناوی ، نیهادە. |
| ی // ئامرازی خستنەسەرە | هــی // جێناوی هەییە و دیارخراوە. |
| یەکەم // هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنە . دیارخەرە | ی // ئامرازی خستنەسەرە |
| وتاری یەکەم // گرێی ناوی ، نیهــادە. | گەل // ناوە و دیارخراوە. |
| هــی //جێناوی هەییە و دیارخراوە، لە شوێنی ناوی وتار بەکار هاتووە. | ی // ئامرازی خستنەسەرە |
| فیسار // جێناوی نادیارە و دیارخەرە. | کورد // ناوە ، دیارخەرە. |
| هی فیسار // گرێی ناوییە و تەواوکەری کاری ناتەواوە. | گەلی کورد // گرێی ناوی ، دیارخەری جێناوی هەیی |
| بوو // کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو. | هی گەلی کورد // گرێی ناوی ، تەواوکەری کاری ناتەواوە. |
| | ە// کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا |

## ڕاهێنانی   چوارەم

١-  بکەر //      پێنووسەکەی من نانووسێت هی تۆ دەنووسێت .                ٢- بەرکار ، نامەی مەخوێنەوە ، هی خۆت بخوێنەوە.

٣- تەواوکەری بەیاریدە //     نامەکەم بۆ هاوڕێکەی خۆم نارد ، بۆ هی تۆم نەنارد.

****************************************



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتیبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

# هاوەڵناوی بکەری

## هاوەڵناوی بکەری دارِژاو

**هاوەڵناوی بکەری دارِژاو** : وشەیەکە کە بەزۆری لە چاوگەوە وەردەگیرێت لەگەڵ پێشگر یان پاشگر ، یان لە ناو وەردەگیرێت لەگەڵ پاشگر ، ئەم وشەیە ئاماژە بۆ کارکەرەکەی دەکات و واتای بکەری پێ دەبەخشێت.

تێبینی //سەرچاوەی دروست کردنی ئەم جۆرە هاوەڵناوە . چاوگ و ناوە .

پرسیار// بۆ پێی دەگوترێت ( هاوەڵناوی بکەری دارِژاو ) ؟

وەڵام // چونکە ئەم وشەیەی کە پێی دەگوترێت هاوەڵناوی بکەری دارِژاو دەبێت ئەم تایبەتمەندییانەی تێدابێت .

١- وەسف بکات . لەبەر ئەوەی یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی هاوەڵناو وەسف کردنە .

٢- سیفەتێکی بکەر هەبێت ، واتا شتێک بەردەوام لە لایەن کەسێکەوە دووبارە بکرێتەوە .

٣- لە رِووی دروست بوونەوەش دارِژاو بێت ،

کەواتە هاوەڵناوی بکەری واتا وشەیەک هەم وەسف بکات و هەم سیفەتی بکەری تێدابێت و هەم دارِژاو بێت لە رِووی دروست بوونەوە. وەکو . نووسەر .. کە وەسفە بۆ ئەوانەی شت دەنووسن . وە سیفەتێکی بکەری دەبەخشێت بە کەسەکەش کە هەستاوە بە ئەنجام دانی کردەی نووسین ، وە لە رِووی دروست بوونەوەش دارِژاوە . ( نووس + ەر = نووسەر)

## رِێگاکانی دروست بوونی هاوەڵناوی بکەری دارِژاو

### ١- رەگی کار + پاشگر

به زۆری ئەو پاشگرانەی لەگەڵ رەگی کاردا بەکار دەهێنرێن ئەمانەن (ەر ، یار ، ندە ، ۆک ، ەک ، ا )

| پاشگری ( ەر ) | پاشگری ( یار ) |
|---|---|
| نووس + ەر = نووسەر<br>خوێن + ەر = خوێنەر<br>دانێ + ەر = دانەر ( ێ ) لەناو دەچێ دووبزوێن نابێ<br>چێن + ەر = چێنەر<br>هێن + ەر = هێنەر | فرۆش + یار = فرۆشیار<br>کرِ + یار = کرِیار<br>ژەن + یار = ژەنیار |

| پاشگری ( ندە ) | پاشگری ( ۆک ) | پاشگری ( ەک ) |
|---|---|---|
| درِ + ندە = درِندە<br>کوش + ندە = کوشندە<br>بەخش + ندە = بەخشندە<br>برِ + ندە = برِندە | لەرز + ۆک = لەرزۆک<br>گەرِێ + ۆک = گەرِۆک ( ێ ) نامێنێ<br>گری + ۆک = گریۆک<br>مژ + ۆک = مژۆک | کوژ + ەک = کوژەک<br>گیر + ەک = گیرەک |

پاشگری ( ا )   زان + ا = زانا   بین+ا = بینا   دانێ + ا = دانا   توان + ا = توانا



چاپخانەی دایک   ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ٢- ناوی واتایی + پاشگر

**ناوی واتایی //** ئەو ناوەیە کە بوونێکی سەربەخۆی نیە و بەلکو لە هزروو خەیاڵدا هەستی پێدەکرێت و بەر هیچ کام لەپێنج هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت و وە کێش و قەبارەشی نیە.

ئەو پاشگرانەی کە لەگەڵ ناوی واتایدا بەکاردێن ئەمانەن ( مەند – بار – گەر – گار - وان – ڤان – ناک – وەر – ەوەر ، ناک)

| ناوی واتایی + پاشگری ( مەند) | ناوی واتایی+پاشگری(بار) | ناوی واتایی+پاشگری(گەر) | ناوی واتایی+پاشگری(وەر) |
|---|---|---|---|
| هۆش + مەند = هۆشمەند<br>بەهرە + مەند = بەهرەمەند<br>بیر + مەند = بیرمەند<br>هونەر+ مەند = هونەرمەند | تاوان + بار = تاوانبار<br>ستەم + بار = ستەمبار<br>خەتا+بار = خەتابار<br>خەم + بار = خەمبار<br>خەفەت+ بار = خەفەتبار | داد + گەر = دادگەر<br>ستەم + گەر = ستەمگەر | بەهرە+ وەر = بەهرەوەر<br>هونەر+ وەر = هونەروەر<br>داد+ وەر = دادوەر |

| ناوی واتایی+ پاشگری ( وان+ ڤان) | ناوی واتایی + پاشگر(ناک) | ناوی واتایی+پاشگری( گار) | ناوی واتایی+ پاشگری( ەوەر) |
|---|---|---|---|
| مەلە + وان = مەلەوان<br>هۆزان + ڤان = هۆزانڤان | خەم + ناک = خەمناک<br>ترس + ناک = ترسناک | پەروەردە + گار =پەروەردگار<br>(ە) لەناو دەچێ | بەخت + ەوەر = بەختەوەر |

## ٣- ناوی بەرجەستە + پاشگر

**ناوی بەرجەستە :** ئەو ناوەیە کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە و بەر یەکێک لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت. وە کێش و قەبارەشی هەیە.

ناو بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە پاشگری لە دوا دێت و ئەو پاشگرانەشی کە لەگەڵ ناوی بەرجەستەدا بەکار دێن ئەمانەن

( ەوا – ەوان – ڤان – ندە - وەر )

نان + ەوا = نانەوا

شاخ = ەوان = شاخەوان

دار + ەوان = دارەوان

دار + ڤان = دارڤان

باڵ + ندە = باڵندە

سەر + وەر = سەروەرپێشەوا هەیە بەڵام ئەمە هاوەڵکار + ەوا یە.

**تێبینی //** پاشگری ( ەوا ) تاکە پاشگرە کە بەتەنها یەک وشە دروست دەکات ئەویش ( نانەوا) یە واتە لەم وشەیە زیاتر ناتوانین بیخەینە سەر وشەی تر کە وشەکە ناوبێت . کە ئەمەش تایبەتمەندی ئەم پاشگرەیە.

## ٤- پێشگر + ڕەگی کار + پاشگری ( ەر )

ب + خۆ + ەر = بخۆر

ب + کە + ەر = بکەر

**تێبینی //** پاشگری ( ەر ) زۆربەی کات ( ە) لەناودەچێ چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن بە دوای یەکتردا نایەن ،



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٥- پێشگر + ڕەگی کار

ب+ سۆت =بسۆت ب+ گۆڕ = بگۆڕ ب+ نووس= بنووس

ب = کوژ = بکوژ نە + گۆڕ = نەگۆڕ

ب+مر = بمر نە + کوژ = نەکوژ

٦- قەدی چاوگ + پاشگر به دوو شێوەیە

آ-پاشگری ( وو – ی ) دەچنە سەر ئەو قەدی چاوگانەی کە تێنە پەڕن و کۆتاییان بە ( تن – دن ) هاتووە ، واتا چاوگی ( دالی و تائی ) ( چاوگ – ن = قەدی چاوگ)

نووستن ............... نووست + ( وو ، ی ) = نووستوو ، نووستی

مردن ............... مرد + ( وو ، ی ) = مردوو ، مردی

کەوتن ............... کەوت + ( وو ، ی ) = کەوتوو ، کەوتی.

بەڵام ئەگەر هاتوو چاوگەکە ( یائی ) بوو واتا کۆتایی چاوگەکە ( ین ) بوو ئەوا ( وو ) دەبێتە ( و ) بەم شێوەیە.

فرین ............ فری + ( و ،ی ) = فریو ، فریی

بەزین ............ بەزی + ( و ، ی ) = بەزیو ، بەزیی

گەیین ............ گەی + ( و ، ی ) = گەیو ، گەیی

~*~*~*~*~

ب- پاشگری ( ەوار ، ەڤان ) دەچێتە سەر قەدی چاوگی تێپەڕ و دەیکات بە هاوەڵناوی بکەر دارژاو:

خوێندن ........... خوێند + ەوار = خوێندەوار

خوێندن ........... خوێند + ەڤان = خوێندەڤان

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

٧- ڕەگی کاری دارژاو :

زۆر بەی ئەو چاوگە دارژاوانەی کە پێشگری ( هەڵ ، دا ، ڕا ) یان پێوەیە دەتوانین لە ڕەگی کارەکانیان هاوەڵناوی بکەری دارژاو دروست بکەین .

| چاوگ | ڕەگی کار = هاوەڵناوی بکەری دارژاو |
|---|---|
| هەڵگرتن | هەڵگر |
| هەڵپەڕین | هەڵپەڕ |
| داماڵین | داماڵ |
| هەڵفڕین | هەڵفڕ |
| ڕاماڵین | ڕاماڵ |
| ڕاگرتن | ڕاگر |
| داگرتن | داگر |



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## چەند تێبینییەک لەسەر هاوەڵناوی بکەری دارِژاو

تێبینی ١ // ئەو هاوەڵناوە بکەرییە دارِژاوانەی کە لە رەگی کارو پاشگری ( ندە) دروست دەبن واتای کارو سیفەتێکی ناجێگیر دەبەخشن ، وەکو // کوشندە     مەبەستمان کەسێکە یان شتێکە کە کاری کوشتنەکە ئەنجام دەدات بە ئەنجامدانی کارەکەش سیفەتەکەی لەسەر نامێنێت .

تێبینی ٢ //ئەو هاوەڵناوە بکەر دارِژاوانەی کە لە رەگی کارو پاشگری ( ا ) دروست بوون واتا و سیفەتێکی جێگیر دەبەخشن وەکو .

زانـــــــــا     مەبەستی کە سێکە کەبەردەوام ئەو سیفەتەی تێدابێت.

تێبینی ٣ //پاشگری ( گەر ) دەچێتە سەر ناوی واتایی و دەیکات بە هاوەڵناوی بکەری دارِژاو بەڵام زیادە رۆییەک لە سیفەتەکەیدا بەدی دەکرێت . وەکو ستەمگەر     مەبەستی کەسێکە کە بەردەوام ستەم بکات

تێبینی ٤ //پاشگری (گەر) دەچێتە سەر ناوی بەرجەستەو ناوی پیشەمان بۆ دروست دەکات وەکو ( ئاسنگەر ، مسگەر ، زێرنگەر )

بەڵام پاشگری ( ەوا ، ەوان ، ڤان ) دەچنە سەر ناوی بەرجەستە و هاوەڵناوی بکەری دارِژاو دروست دەکەن وەکو

( نـــانەوا ،،، شاخەوان ،،، دارڤـــان)

تێبینی ٤ //پێشگری ( نە ) دەخرێتە پێش رەگی کار و هاوەڵناوی بکەری دارِژاو یان ناوی بکەری دارِژاو دروست دەکات ، کە لەواتادا پێچەوانەی ئەو هاوەڵناوە بکەر دارِژاوانەیە کە لە (پێشگری ( ب + رەگی کار ) دروست بوون وەکو

نـــەمر * بمر     نەگۆڕ * بگۆڕ

نەبین * ببین     نەسۆت * بسۆت

تێبینی ٥ // پاشگری ( ناک ) دەچێتە سەر ناوی واتایی ، بەتایبەت ئەو ناوە واتاییانەی کە ترسیان تێدایە و دەیان کات ب هاوەڵناوی بکەری دارِژاو وەکـــو //     ترسناک ، خەمنـــاک

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## جیاوازی نێوان  هاوەڵناوی بکەری دارِژاو و ناوی بکەری دارِژاو

زۆربەی هاوەڵناوە بکەریە دارِژاوەکان دەتوانین بیانکەین بە ناوی بکەری دارِژاو ئەگەر هاتوو لە شوێنی ناو بەکارمان هێنان لەرِستەدا، وە نەبوون بە وەسف بۆ هیچ ناوێک ، وە دەتوانن بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانی ناو ببینن .

ناوی بکەر دارِژاو :  وشەیەکە لە شوێنی ناو بەکار دێت و تایبەتمەندیەکانی ناو وەردەگرێت لەو شوێنەدا کە ئەوانیش ( نیشانەی ناسراو ی و نەناسراوی و کۆیە) ( ەک ، ەکە ، یێک ، ان ) ە . وە دەتوانێت ئەرکەکانی ناو ببینێت ، هەمیشە لە شوێنی کەس بەکار دێت .

وەکو

مرۆڤی نووسەر بەرِێزە
ئامرازی خستنەسەر     هاوەڵناوی بکەری دارِژاو، دیارخەری ناو

لەم رِستەیەی سەرەوەدا ( نووسەر ) وەکو وەسف بەکار هاتووە واتە وەسفی ئەو مرۆڤەی کردووە کە بەرِێزە ، وە وەسف کردن ئەرکی هاوەڵناوە بۆیە (نووسەر) هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە) واتە دەڵێت ( مرۆڤی چۆن بەرِێزە) کەواتە لە وەڵامدا دەبێت وشەیەک بڵێی کە وەسف بێت ، وەکو نووسەر

نووسەرەکە هات
ناوی بکەری دارِژاو ، بکەر

لەم رِستەیەی سەرەوەدا ( نووسەر ) کەسێکە جیاوازە لە رِستەی یەکەم کە بۆ وەسف بەکار هاتووە ، کەواتە نووسەر دەبێتە ناو ، چونکە شوێنی ناوی کەسێک دەگرێ وە خۆی کارەکەی ئەنجامداوە .  لە شێوەی پرسیاردا ئاوایە ( کێ هات ) پێویستت بە کەسێکە لە وەڵامدا ئەو کەسەش ناوێکی هەیە ،  ئازاد هات

### * هاوەڵناوی بکەری دارِژاو بەزۆری بەم شێوەیە دێت لە رِستەدا.

هاوەڵناوی بکەری دارِژاو  دوو ئەرکی هەیە

**١- هاوەڵناوی بکەری دارِژاو وەکو دیارخەری ناو :**  لە ئەرکی یەکەمدا تەنها ئەم دوو شێوەیەی هەیە.

أ - ناو یان جێناو + (ی) ئا.خستنەسەر+ هاوەڵناوی بکەری دارِژاو .

مرۆڤی زانا سەردەکەوێت  ( زانا : هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە ، دیارخەری ناوە)

ب- ناو یان جێناو + (ە ) ئا.خستنەسەر + هاوەڵناوی بکەری دارِژاو+ ەکە(نیشانەی ناسراوی.

مرۆڤە زاناکە سەردەکەوێت  ( زانا : هاوەڵناوی بکەری دارِژاو ، دیارخەری ناو)

**٢- هاوەڵناوی بکەری دارِژاو : وەکو تەواوکەری کاری ناتەوا ،**  پیاوەکە زانایە

هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە و تەواکەری کاری ناتەواوە

لێرەدا وەک وەسف بەکار هاتووە ( پیاوەکە چۆنە ؟ ) لە وەڵامدا دەڵێی ( پیاوەکە زانایە ) کەواتە زانا وەکو وەسف بەکار هاتووە. بۆیە بوە بە هاوەڵناوی بکەری



چاپخانەی دایک  ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

ئەم ڕێگایە زۆر بە سودە بۆ جیاکردنەوەی ( ناوی بکەری دارِژاو لە هاوەڵناوی بکەری دارِژاو )

تێبینی :- ناوی بکەری دارِژاو بەوە جیادەکەینەوە لە هاوەڵناوی بکەری دارِژاو بەوەی کە ناوی بکەری دارِژاو هەموو تایبەتمەندیەکانی ناو وەردەگرێ واتە دەتوانێت نیشانەی ( ەکە ، یَک – ەک –ێ )، ان ، ەکان ) وەربگرێ واتە لە ڕستەدا هەمیشە یەکێک لەمانەی پێوەیە بەڵام ( هاوەڵناوی بکەری دارِژاو) تەنها بە دوو شێوە دێت کە ئەویش لە سەرەوە باسمان کردووە، لەو دوو شێوەیەش تەنها لە یەک حاڵەتدا دەتوانێت نیشانەی ( ەک ، ەکان ) وەربگرێ ئەویش کاتێک دەبیت کە ( ئامرازی خستنە سەری (ە ) ) کەوتبێتە پیش هاوەڵناوەکەوە. بەڵام لە ناوی بکەری دارِژاودا هیچ کاتێک ئامرازی خستنە سەری (ە ) مان نیە. هەمیشە ( ی ) مان هەیە وەک ئامرازی خستنەسەر.

کەوایە لەمەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین هەرکاتێک مامۆستا وتی ئایا فلان وشە ( هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە یان ناوی بکەری دارِژاوە ) ئێمە ڕاستەوخۆ سەیری وشەکە ئەکەین بزانین ئایا هیچ یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ناوی پێوەیە .

ئەگەر یەکێک لەم نیشانانەی پێوەبوو ( ەکە ، یَک – ەک –ێ )، ان ، ەکان ) ئەگەر ئەمانەی پێوەبوو ئەوا بێ دوو دڵی دەڵێین ( ناوی بکەری دارِژاوە) بەڵام بەمەرجێک پیش وشەکە ( ی ) ئامرازی خستنەسەر هەبێت . چونکە گوتمان لە هاوەڵناویشدا ( ەکە ، ەکان ) بەکاردێت بەڵام بەوە جیای دەکەینەوە لە ناوی بکەری دارِژاو کە پێش هاوەڵناوەکە ( ە ) ئامرازی خستنەسەر هەیە.

پرسیار // وشەی ( نووسەر ) لەم دوو ڕستەیەدا چییە ؟

پیاوە نووسەرەکە بەتوانایە. ماڵــی نووسەرەکە خۆشە .

وەڵام // ئەگەر سەیری وشەکە بکەین دەبینین لە هەردووکیاندا یەک شێوەیە ، نازانین کامەیان ( ناوی بکەری دارِژاوە و کامەیان هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە)

دێین ڕێگاکەی سەرەوە ئەگرینە بەر . چۆن ؟

ئێمە گوتمان هەرکاتێک وشەکە (ەکە) یان نیشانەکانی تری پێوە بوو ئەوا ( ناوی بکەری دارِژاوە) بەڵام بەو مەرجەی ( ئامرازە خستنەسەرەکە) ( ی ) بێت نەک ( ە ) ئەگەر ئێستا سەیریان بکەین ئەزانین ئەوەی یەکەم ڕستە ( ناوی بکەری دارِژاوە ) چونکە پێش ناوی ( نووسەرەکە) ( ی ) هەیە. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا هەرچەندە ( ەکە ) هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی پێش وشەی ( نووسەرەکە ) ( ە ) هەیە ئەوا دەبێتە ( هاوەڵناوی بکەری دارِژاو).

وە ئەمەش تەنها لە ئەرکی ( دیارخەری ) ناودا ڕوو دەدات چونکە هەم ( ناو ) هەم ( هاوەڵناو ) ئەو ئەرکەیان هەیە ، واتە هەردوو وشەی ( نووسەرەکە ) ی دوو ڕستەکەی سەرەوە یەک ئەرکیان هەیە لەو ڕستانەدا کە ئەویش دیارخەرە ، بەڵام یەکێکیان وەک ( ناو ) بووە بە ( دیارخەری ناو ، یەکێکی تریان وەک ( هاوەڵناو ) بووە بە دیارخەری ناو.

سەیری نموونەکانی ئەرکەکان بکە بزانە هەمووی تایبەتمەندیەکانی ناوی پێوەیە یان نا ؟ وە بزانە ئامرازە خستنەسەرەکە لە هەموویاندا کامەیە مەبەستمان ( ی ) پێش وشەکەیە.



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

ناوی بکەری دارِژاو بەشێکی زۆر لە ئەرکەکانی ناو دەبینێت .

۱- بکەر: نووسەرەکە هات .

ناوی بکەر دارِژاوە بکەر

۲- بەرکار : نووسەرەکەم بینی

ناوی بکەر دارِژاوە، بەرکار

۳- نیهاد نووسەرەکە دڵسۆزە

ناوی بکەر دارِژاوە، نیهاد

٤- دیارخەری ناو ماڵی نووسەرەکە خۆشە.

ناوی بکەر دارِژاوە،دیارخەری ناو

٥- تەواوکەری کاری ناتەواو : ئەوە نووسەرەکەیە

ناوی بکەر دارِژاوە،تەواوکەری کاری ناتەواو

٦-تەواوکەری بەیاریدە : پەرتووکەکەم لە نووسەرەکە وەرگرت .

ناوی بکەر دارِژاوە،تەواوکەری بەیاریدەیە.

۷-جێگری بکەر : نووسەرەکە کوژا

ناوی بکەر دارِژاوە،جێگری بکەرە.

چەند ڕستەیەکی تر خۆت شیکاریان بکە .

۱-نووسەرەکە دەناسم ۲- بکوژەکە سزادەدرێت . ۳-یارمەتی نابیناکەم دا . ٤- فرۆشیارەکە هات.



ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(۰۷۷۰۲۲٦٥۰٥۱) (۰۷٤۸۱٥٤۱۲۱۲) (۰۷٥۰۱۳۹۰۰۱٤)
چاپخانەی دایک

## ڕاهێنــانی یەکەم لاپەرە . ٤٧

لەم دێرە هۆنراوانەدا هەر هاوەڵناوێکی بکەری دارِژاو هەیە دەرین بهێنە و دەستوری دروست بوونەکەیان بنووسە.

| هاوەڵناوی بکەری دارِژاو | دەستوری دروست بوونی ( چۆنیەتی پێکهاتنی) |
|---|---|
| ١- زانــــا | ڕەگی کار + پاشگری ( ا ) |
| ٢-هۆشیار | ناوی واتایی + پاشگری ( یار) |
| دانــەر | ڕەگی کار + پاشگری (ەر) |
| ٣- پەرستڤـان | قەدی چاوگ + پاشگری(ڤان) |
| فــڕی | قەدی چاوگ + پاشگری (ی) |
| ٤- گەیشتوو | قەدی چاوگ + پاشگری ( وو) |
| ٥- قەباحەتبار ( فارسیە ، واتا تـاوانبار) | ناوی واتایی + پاشگری (بار) |
| خەتـابار | ناوی واتایی + پاشگری ( بار) |
| ٦-مـردوو | قەدی چاوگ + پاشگری ( وو) |

## ڕاهێنانـــــی دووەم لاپەرە ٤٨

لەم چاوگانەی خوارەوە هاوەڵناوی بکەری دارِژاو دروست بکەو چۆنیەتی دروست بوونەکەش پیشان بدە.

| چاوگ | هاوەڵناوی بکەری دارِژاو | چۆنیەتی دروست بوونـی |
|---|---|---|
| ١- سوتـاندن | سوتێنەر | ڕەگی کار+ پاشگر |
| ٢- گۆڕین | نەگۆڕ | پێشگر + ڕەگی کار |
| ٣- نقستن | نقستی | قەدی چاوگ + پاشگر |
| ٤- تێکردن | تێکەر | ڕگی کاری دارِژاو + پاشگری (ەر) |
| ٥- هەڵکەڤتن | هەڵکەوتوو | قەدی چاوگ + پاشگر |

## ڕاهێنانـــــی سێیەم لاپەڕە ٤٩

وەلامــــی ئەم پرسیارانە بدەوە.

١- جیاوازی لە نێوان ئەو هاوەڵناوە بکەردارِژاوانەی کە بەهۆی پاشگری ( ەر) و پاشگری ( گەر) دروست دەکرێن چییە ؟ لەرووی دروست بوون و سیفەتەوە.

| پاشگری (ەر) | پاشگری (گەر) |
|---|---|
| ١- لەڕووی دروست بوونەوە<br>ڕەگــی کار + پاشگری (ەر)<br>نووسەر ، خوێنەر<br><br>٢- لەڕووی سیفەتەوە<br>تـارادەیەک سیفەتەکەی جێگیرە | ١- لەڕووی دروست بوونەوە.<br>ناوی واتـایی + پاشگری (گەر)<br>ستەمگەر ، داد گەر<br><br>٢- لەڕووی سیفەتەوە<br>زیادە ڕۆییەک لە کار و سیفەتەکەیدا بەدی دەکرێت. |

٢- جیاوازی لە نێوان هەردوو پەیڤی ( ستەمگەر ، ئاسنگەر ) چییە ؟ لە ڕووی آ – دروست بوون ب- بەکارهێنان

ستەمگەر ....... ناوی واتـایی + پاشگر هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە

ئاسنگەر ...... ناوی بەرجەستە + پاشگر ناوی پیشە دروست بووە



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنــانی چوارەم لاپەرە ٤٩

**لە ڕستەی ( گەلــی زانا و تێگەیشتوو بە ئامانج دەگات )**

**١- وشەی ( زانـــا ) چییە و چۆن دروست کراوە؟**

هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە ، لە ڕەگی کار + پاشگر دروست بووە

**٢- وشەی ( تێگەیشتوو) چییە و چۆن دروست بووە؟**

هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە ، لە قەدی چاوگی دارِژاو + پاشگری (وو) دروست بووە

**٣- وشەی ( زانـــا ، تێگەیشـتـوو) ئەرکیان چییە؟**

زانا و تێگەیشتوو : گرێی هاوەڵناوی ، دیارخەری ناوی گەل

**٤- وشەیەکـــی تر بهێنە کە بەشێوەی (زانـــا) دروست کرابێ.**

تـوانا ، بینـا

**٥-وشەیەکی تر بهێنە بەشێوەی ( تێگەیشتوو ) دروســت کرابــێ .**

هەڵکەوتوو ، پێگەیشتوو

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

## ڕاهێنــانی پێنجەم لاپەرە ٤٩

**لە جاوگی ( بەزین ، مردن) بەچەند ڕێگا هاوەڵناوی بکەری دارِژاو دروست دەکرێت ؟ نیشانی بدەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.**

بەزین ...... قەدی چاوگ + ( وو ، ی ) = بەزیـو ، بەزیــی

مرۆڤی بەزیو لە سێبەری خۆی دەترسێت پیاوە بەزیوەکە هات

مردن ............ قەدی چاوگ + ( وو ، ی ) = مردوو ، مردی

ژووری بێ پەرتووک وەک لاشەیەکی مردوو وایە. مرۆڤی مردوو بەخاک دەسپێردرێت.

| ئامادەکـردنــی : ئـاراس جوهــر + ئـارام جوهــر ژ.م : ٠٧٥٠٣٤٢٩٩٥٥ |
|---|

## زمان و ئەدەبــی کـوردی پۆلــی ( ١٠ ، ١١ ، ١٢ ) ی ئامادەیی

### ئامادەکردنی ( ئاراس جـوهـر و ئـارام جـوهـر )

ئامادەیی سەردەم ئامادەیی هەرێـم



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

# هـــاوەڵناوی بكـــەری

## هـــاوەڵناوی بكـــەری لێكـــدراو

هاوەڵناوی بكەری لێكدراو: ئەو وشەیەیە كە سیفەتێكی هەمیشەیی و توانایەكی تایبەتی بە هەڵگری سیفەتەكە دەبەخشێت و ئاماژە بە كاركردن دەكات و واتای بكەری دەگەیەنێت.

* چەندین ڕێگـــا هەیە بۆ دروست كردنـــی هاوەڵناوی بكەری لێكدراو كە بەشێكیان ئەمانەن

### ١- نـاو + ڕەگـــی كـــار

لەم چاوگانەوە وەردەگیرێن كە لێكدراون و بەشی یەكەمیان ناوە( واتایی ، بەرجەستە) جیاوازی نیە.

| چاوگی لێكدراو | هاوەڵنـــاوی بكەری لێكدراو |
|---|---|
| خوێن مژین | خوێن مژ |
| خواپەرستن | خوا پەرست |
| قۆڵ برین | قۆڵ بر |
| هەواڵگرتن | هەواڵـگر |
| ڕێ گرتن | ڕێـــگر |

### ٢- هاوەڵنـاو + ڕەگـی كـار

لەو چاوگـــانە وەردەگیرێت كە لێكدراون و بەشی یەكەمیان هاوەڵـــناوە.

| چاوگی لێكدراو | هاوەڵناوی بكەری لێكدراو |
|---|---|
| خۆشنووسین | خۆش نووس |
| تیژڕۆیشتن | تیژ ڕۆ |
| ڕەش پۆشین | ڕەشپۆش |
| ڕەش بینین | ڕەشبین |
| گەش بینین | گەشبین |
| كەچ بینین | كەچ بین |

تێبینی // بۆ جیاكردنەوەی بەشی یەكەمی چاوگە لێكدراوەكان كە ئایا ( نـــاوە یان هاوەڵناوە) ئەوا پەیڕەوی ئەم ڕێگـــایە دەكەین

ئەگەر هاتوو بەشی یەكەمـــی چاوگە لێكدراوەكە نیشانەكانی ( ەكە ، ێـك ، ەك ، ێ ) وەرگرت ئەوا بەشی یەكەمی چاوگەكە (نـــاوە)

وەكـــو ( وێنەگـــر ، قۆڵـــبڕ) ئەمانە دەتوانن ئەم نیشانەنە وەربگرن كەواتە بەشی یەكەمیان ناوە . وەكو

وێـــنە + ( ەكـــە ، ێـك ، ەك ، ێ ) = وێنەكە ، وێنەیێـــك ، وێنەیێ ، وێنەك) كەواتە ( وێنە) ناوە

قۆڵ+ ( ەكـــە ، ێـــك ، ەك ، ێ ) = قۆڵەكە ، قۆڵێـــك ، قۆڵـــێ ، قۆڵـــەك ) كەواتە ( قۆڵ ) ناوە

بەڵام ئەگەر هاتوو بەشی یەكەمـــی چاوگە لێكدراوەكە نیشانەكـــانی ( تـــر ، تریـــن ) ی وەرگرت ئەوا هاوەڵـــناوە. وەكو

خۆشنووس ...... خۆش + ( تـــر ، تـــرین)= خۆشتر ، خۆشترین ) كەواتە ( خۆش) هاوەڵناوە

گەشبین ........ گەش + ( تـــر ، تریـــن ) = گەشتر ، گەشتریـــن ) كەواتە ( گەش ) هاوەڵناوە.



چاپخانەی دایك ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونكەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان كتێبفرۆشەكانی بەردەركی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

### ٣- هاوەڵکار + ڕەگی کار :

زۆر + وەڕ = زۆروەڕ        ( وەڕین)

کەم + دوو = کەم دوو        ( دووان : دووێ (ێ ) ڕەگەکە لەناودەچێ )

پێش+ ڕۆ = پێشڕۆ

**ئەمانە هەرچەندە (تر ، ترین) وەردەگرن بەڵام نابنە هاوەڵناو چونکە ئەمانە وەسفی کاردەکەن بۆیە دەبنە هاوەڵکار.**

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

### ٤- هاوەڵکار + ڕەگی کار + پاشگر (ەر)

زۆر + خۆ + ەر = زۆرخۆر        (ە) لەناودەچێ

کەم+ خۆ + ەر = کەم خۆر        (ە) لەناودەچێ

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

### ٥- ناو + ڕەگی کار + پاشگری (ەر)

| چاوگی لێکدراو | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو |
|---|---|
| خەباتکردن | خەباتکەر  ( ە ) لە زۆربەیاندا لەناودەچێت |
| سواڵکردن | سواڵکەر |
| ئیشکردن | ئیشکەر |
| خەمخواردن | خەمخۆر |
| نان دان | ناندەر |
| بانگدان | بانگدەر |
| ڕاوکردن | ڕاوکەر |
| هێرش بردن | هێرشبەر |
| ڕەنج دان | ڕەنجدەر |

### ٦- ناو یان جێناوی خۆیی + قەدی چاوگی تێپەڕ

دەست + کرد = دەستکرد

خۆ + کرد = خۆ کرد

خۆ + ویست = خۆویست

خۆ +پەرست = خۆپەرست

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

### ٧- جێناوی خۆیی + ڕەگی کار

خۆ + بین = خۆ بین        خۆ +ناس = خۆناس

خۆ + ڕاگر = خۆ ڕاگر        خۆ + کوژ = خۆ کوژ

خۆ + هەڵکێش= خۆهەڵکێش        خۆ+ فرۆش = خۆفرۆش



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٨ -جێناوی خۆیی + ڕەگی کار + پاشگری (ەر)

خۆ + خۆ + ەر = خۆخۆر          خۆ + لەناوبە+ ەر = خۆ لەناوبەر          خۆخنکێنەر

٩- ناو + قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگری ( وو ، ی ، ە )

نان بردوو ، نان بردی ، نان بردە

کارکردوو ، کارکردی ، کارکردە

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*

## جیاوازی نێوان  هاوەڵناوی بکەری لێکدراو و ناوی بکەری لێکدراو

زۆربەی هاوەڵناوە بکەریە لێکدراوەکان دەتوانین بیانکەین بە ناوی بکەری لێکدراو ئەگەر هاتوو لە شوێنی ناو بەکارمان هێنان لەڕستەدا، وە نەبوون بە وەسف بۆ هیچ ناوێک ، وە دەتوانن بەشیکی زۆر لە ئەرکەکانی ناو ببینین .

ناوی بکەر لێکدراو: لە شوێنی ناو بەکار دێت و تایبەتمەندیەکانی ناو وەردەگرێت لەو شوێنەدا کە ئەوانیش ( نیشانەی ناسراو ی و نەناسراوی و کۆیە) ( ەک ، ەکە ، یک ، ان ) ە . وە دەتوانێت ئەرکەکانی ناو ببینێت ، هەمیشە لە شوێنی ناوی کەس بەکار دێت .

وەکو

بانگدەر + نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی(ەکە ، یک ، ەک ، ێ ) = بانگدەرەکە ، بانگدەرێک ، بانگدەرەک ، بانگدەرەک.

بانگدەر+نیشانەی کۆکردنەوە (ان) = بانگدەران .

## * هاوەڵناوی بکەری لێکدراو بەزۆری بەم شێوەیە دێت لە ڕستەدا.

١ –   هاوەڵناوی بکەری لێکدراو  دوو ئەرکی هەیە (١-  دیارخەری ناو)  لە ئەرکی یەکەمدا تەنها ئەم دوو شێوەیەی هەیە.

آ -   ناو یان جێناو + (ی) ئا.خستنەسەر+ هاوەڵناوی بکەری لێکدراو .

مرۆڤی بانگدەر لە قیامەتدا ملی درێژترە لە خەڵکی

هاوەڵناوی بکەری لێکدراوە ، دیارخەری ناوە

ب- ناو یان جێناو + (ە ) ئا.خستنەسەر + هاوەڵناوی بکەری لێکدراو+ ەکە(نیشانەی ناسراوی.

پیاوە بانگدەرەکە هات

هاوەڵناوی بکەری لێکدراوە ، دیارخەری ناوە

٢-  هاوەڵناوی بکەری لێکدراو :  وەکو تەواوکەری کاری ناتەوا .

پیاوەکە ڕۆژنامەفرۆشە

هاوەڵناوی بکەری لێکدراوە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە

تێبینی :ڕێگای جیاکردنەوەی ناوی بکەری دارژاو و هاوەڵناوی بکەری دارژاو بۆ ئەم جۆرەشیان دەبێت و هیچ جیاوازیەکیان نییە.



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ناوی بکەری لێکدراو هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت .

١- بکەر : بانگدەرەکە هات
ناوی بکەری لێکدراوە، بکەرە

تێبینی ئەگەر سەیری وشەی ( بانگدەر) بکەین لەم ڕستانەدا دەبینین کە ئەم وشەیە لەم ڕستانەدا وەکو ناوی مرۆڤ بەکارهاتوون، هەر لەبەر ئەمەیە ئەمانە بە (ناوی بکەری لێکدراو) دادەنرێن. چونکە لە جیات ناوی مرۆڤ بەکار هاتوون ، وە وەسفی هیچ وشەیەک یان ناوێک ناکەن لە ڕستەکەدا.

٢- بەرکار : بانگدەرەکەم بینی
ناوی بکەری لێکدراوە، بەرکارە

٣- نیهاد : بانگدەرەکە خۆشەویستە.
ناوی بکەری لێکدراوە، نیهادە

٤-دیارخەری ناو : ماڵی بانگدەرەکە خۆشە.
ناوی بکەری لێکدراوە، دیارخەری ناوە

لەم ڕستەیەدا ( بانگدەر) وەکو ناو بەکار هاتووە نەبووە بە وەسف . بەڵکو ناوی کەسێکە واتە ( ناو لە دەوری دیارخەریدایە ) نەک هاوەڵناو)

٥- تەواوکەری بەیاریدە بەرماڵەکەم بۆ بانگدەرەکە برد
ناوی بکەری لێکدراوە، تەواوکەری بەیاریدەیە

٦- تەواوکەری کاری ناتەواو : ئەوە بانگدەرەکەیە.
ناوی بکەری لێکدراوە،تەواوکەری کاری ناتەواوە

٧- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو : دیاریەکە بۆ بانگدەرەکەیە.
ناوی بکەری لێکدراوە،تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.

٨- جێگری بکەر:

آ- بۆ ڕابردوو : بانگدەرەکە بینرا
ناوی بکەری لێکدراوە،جێگری بکەرە.

ب-بۆ ڕانەبردوو : بانگدەرەکە دەبینرێت .
ناوی بکەری لێکدراوە،جێگری بکەرە.

تێبینی : لە هەموو ئەو وشانەی سەرەوەدا ( بانگدەر ) بۆیە بووە بە ( ناوی بکەری لێکدراو) چونکە ( ەکە ) پێوەیە ، وە لە ئەرکی دیارخەری ناودا ئامرازە خستنەسەرەکە ( ی ) یە.



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنـــــانی یەکەم لاپەڕە ٥٥

| هۆنـــــــراوە | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | چۆنیەتی دروست بوونـــــی |
|---|---|---|
| -١ | پێشـڕەو | هاوەڵکار + ڕەگی کار |
| -٢ | شین پۆش | هاوەڵناوی + ڕەگی کار |
| -٣ | مەی فرۆش | ناو + ڕەگی کار |
| -٤ | بەدگـۆ | هاوەڵناو + ڕەگی کار |

## ڕاهێنـــــانی دووەم لاپەڕە ٥٦

وەڵامـی ئەم پرسیارانە بدەوە:

١- جیاوازی لە نێوان هاوەڵناوی بکەری دارِژاو لێکدراو چییە ؟ لەڕووی دروست بوونەوە.

وەڵام // هاوەڵناوی بکەری دارِژاو لە چاوگ و پاشگرێک یان پێشگرێک یان ناو و پاشگرێک دێنە دروست کردن . بەڵام هاوەڵناوی بکەری لێکدراو لە چاوگی لێکدراو دروست دەکرێ کە بەشی یەکەمیان ( ناو یان هاوەڵناو یان هاوەڵکار )ە .

٢- کەی هاوەڵناوی بکەری لێکدراو وەکو ناو لەڕستەدا بەکار دێت و ئەو ئەرکانە چین کە دەیان بینیت ؟

وەڵام // زۆربەی هاوەڵناوە بکەریە لێکدراوەکان دەتوانین بیانکەین بە ناوی بکەری لێکدراو ئەگەر هاتوو لە شوێنی ناو بەکارمان هێنان لەڕستەدا، وە نەبوون بە وەسف بۆ هیچ ناوێک ، وە دەتوانن بەشیکـی زۆر لە ئەرکەکانی ناو ببینین .

ناوی بکەر لێکدراو: لە شوێنی ناو بەکار دێت و تایبەتمەندیەکانی ناو وەردەگرێت لەو شوێنەدا کە ئەوانیش ( نیشانەی ناسراو ی و نەناسراوی و کۆیە ) ( ەک ، ەکە ، ێک ، ان ) ە . وە دەتوانێت ئەرکەکانی ناو ببینێت ، هەمیشە لە شوێنی ناوی کەس بەکار دێت .

وەکو

بانگدەر + نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی(ەکە ، ێـک ، ەک ، ێ ) = بانگدەرەکە ، بانگدەرێک ، بانگدەرەک ، بانگدەرەک.

بانگدەر+نیشانەی کۆکردنەوە (ان) = بانگدەران .

ئەرکەکانیش ئەمانەن ( بکەر ، بەرکـار ، دیارخەر ، تەواوکەری بەیاریدە ، نیهاد ، جێگری بکەر ، تەواوکەری کاری ناتەواو )

~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~*~

## ڕاهێنانـــی سێیـــەم لاپەڕە ٥٦

لەم ڕستە و دێڕە هۆنراوانەدا جۆری وشە هێڵ بەژێرداهاتووەکان و چۆنیەتی دروست بوونیان و ئەرکەکنیان نیشان بدە .

| ڕستـە | وشــە | جۆری وشە | یاسای دروست بوونـــی | ئەرکەکـــەی |
|---|---|---|---|---|
| | کێـــم پرس | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | هاوەڵکـار + ڕەگی کار | دیارخەری نـــاو |
| | ستەمکار | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + پاشگر | دیارخەری نـــاو |
| | دڵدۆز | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + ڕەگی کار | تەواکەری کاری ناتەواو |
| | کۆسنکەوتـــوو | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + قەدی چاوگ + پاشگر | یارخەری نـــاو |
| | لەخوانەترس | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | گرێی ناوی + ئا.نەفی + ڕگی کار | دیارخەری نـــاو |
| | عاسق کوژ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو + ڕەگی کار | دیارخەری نـــاو |



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی چوارەم لاپەڕە ٥٧

هاوەڵناوی بکەری لێکدراو لەم دوو چاوگە ( نووسین ، فرۆشتن ) دروست بکە و ئنجا هەر یەک لە هاوەڵناوەکان وەکو ناوی بکەری لە دوو ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک هەریەکەیان لە ڕستەی یەکەمدا بووبن بە بەرکار هەریەکەیان لە ڕستەی دووەمدا بووبن بە تەواوکەری بەیاردە.

| چاوگ | هاوەڵنــاوی بکەری لێکدراو | ڕستە بۆ بەرکار | ڕستە بۆ تەواوکەری بەیاریدە |
| --- | --- | --- | --- |
| نووسیــن | خۆش نــووس | خۆشنووسەکەم بینــی"" | هۆنراوەکەم بە خۆش نووسەکە نووسی |
| فرۆشتــن | گوڵ فــرۆش | گوڵفرۆشـەکەم بینی | گوڵەکەم لە گوڵفرۆشەکە کڕی. |

## ڕاهێنانی پێنجەم لاپەڕە ٥٧

بەچەند ڕێگا دەتوانرێ هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دروست بکرێ ؟ بۆ هەر ڕێگایەک دوو نموونە بهێنە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

وەڵام // بە نــۆ ڕێگا دەتوانین هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دروست بکەین . ڕێگاکان لە پێشەوە باسمان کردووە .

*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*!*

## ڕاهێنانی شەشەم

لەم چاوگانە ( کوشتن ، ماڵین ، کێشان ، بردن ) هاوەڵناوی بکەری لێکدراو دروست بکە و چۆنیەتی دروست بوونەکەی بنووسە.

| چاوگ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | چۆنیەتی دروست بوونی |
| --- | --- | --- |
| کوشتن | پیاو کوژ | نــاو + ڕەگی کار |
| ماڵین | بەفر ماڵ | ناو + ڕەگی کــار |
| کێشان | چەقۆ کیش ، جگەرەکێش | ناو + ڕەگی کار |
| بردن | پەیامبەر ، نامەبەر | ناو + ڕەگی کار + پاشگری ( ەر) |

# کۆتایی وەرزی یەکەم ( ڕێزمــان )



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## هاوەڵناوی کراو

### هاوەڵناوی کراوی دارِژاو

**هاوەڵناوی کراوی دارِژاو** : وشەیەکە کردەوەیەکی بەسەردا هاتووە و ئەم کردەوەیە بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بێ ئەوەی بزانین ئەوەی کردەوەکەی بەسەردا هێناوە کێیە یان چییە .

**پرسیار** : بۆ پێی دەگوترێ هاوەڵناوی کراو ؟ یان مەبەست چییە لە هاوەڵناوی کراو؟

وەڵام // مەبەست لەهاوەڵناوی کراو وشەیەکە کە کردەوەیەکی بەسەردا هاتووە ئەم کردەوەیە نازانرێ لە لایەن کێوە ئەنجامدراوە بەڵام کردەوەکە کراوە، واتە کارەکە کراوە بەڵام ئەنجامدەری کارەکە نادیارە، ( نزیکە لە کاری بکەر نادیارەوە) ، وە ئەم کردەوەیە دەبێتە وەسف بۆ ناوێک یان جێناوێک وە وەسف کردن سیفەتی هاوەڵناو بۆیە (هاوەڵناو)ەکەی لەمەوە هاتووە ،  وە (کراو)وەکەشی لەوەوە هاتووە کە ئیشەکە کراوە و بکەرەکەی دیار نیە ، واتە تا کارەکە ئەنجام نەدرێ نابێتە (کراو) وە ( دارِژاویەکەشی ) لە چۆنیەتی پێکهاتنیەوە هاتووە. وەکو **زەوی کێلراو بەبرِشتە.**

ئەگەر سەیری ئەم رِستەیە بکەین دەبینین هاوەڵناوە کراوەکە ( کێلراو)ە چونکە تەنها ئەو وشەیە بۆ وەسف بەکار هاتووە ، وە رِستەکەش باشی زەویەکمان بۆ دەکات کە کێڵرابێ واتە زەویەک کارێکی لەسەر کرابێ ، بەڵام کە سەیرکەین نازانین کێ زەویەکەی کێڵاوە ، وە (کێڵراو) لە رِووی دروست بوونەوە دارِژاوە ، کەواتە مەبەستەکەمان رِوونە ، لەوەی بۆ بەم جۆرە هاوەڵناوە دەگوترێت ( هاوەڵناوی کراو).

### *رِێگاکانی دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارِژاو

١-ئەم هاوەڵناوە بەزۆری لە چاوگی سادە و دارِژاوی پێپەرِ دروست دەکرێت ( رِەگی کار ) وەردەگرین ئینجا پاشگری ( راو ، رای ) دەخەینە سەر رِەگەکە

( رِەگی کاری( سادە،دارِژاو) + راو ،رای )

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نووسین | ⟵ نووس +راو،رای | نووسراو ،نووسرای | | |
| هەڵواسین | هەڵواس+راو،رای | هەڵواسراو ،هەڵواسرای | | |
| هەڵکەندن | هەڵکەن+راو،رای | هەڵکەنراو ، هەلکەنرای | | |
| کوشتن | کوژ+راو،رای | کوژراو ،کوژرای | | |
| بەخشین | بەخش+راو،رای | بەخشراو، بەخشرای | ( خوێندکارە بەخشراوەکە تاقیکردنەوە ئەنجام نادا) | |
| فرۆشتن | فرۆش+راو،رای | فرۆشراو ،فرۆشرای | ( شتی فرۆشراو وەرناگرێتەوە) | |

٢-لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو هاوەڵناوی کراوی دارِژاو لە چاوگی تێپەر بەفرێدانی ( نوونی چاوگ) و زیادکردنی پاشگری (ی ) دروست دەبێت

( قەدی چاوگی تێپەرِ+ی )

| | | | |
|---|---|---|---|
| نڤیسین | نڤیسی+ی | نڤیسیی | |
| خواندن | خواند+ی | ⟵ خواندی | |
| ئێخستن | ئێخست+ی | ئێخستی | |
| کێڵان | کێڵا+ی | کێڵای | ( زەڤیا کێڵای مەفرۆشن) |



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

٣-قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەڕ+( و ، ی )

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سوتان | سوتا + و ،ی ⟵ | سوتاو ،سوتای | | |
| برژان | برژا+و،ی | برژاو ،برژای | گۆشتی برژاو گران هەرسدەکرێت |
| خنکان | خنکا +و ، ی | خنکاو ،خنکای | مەلەوانە خنکاوەکەیان دەرهێنا |
| گریان | گریا+و ،ی | گریاو ،گریای | |
| شکان | شکا +و،ی | شکاو، شکای | شوشەی شکاو فڕێ دەن |

تێبینی // چاوگە تێنە پەرەکان هاوەڵناوی کراوی دارژاویان لێ دروست ناکرێ تەنها چاوگە ( ئەلفەییەکانیان ) نەبێ ئەم چاوگە ئەلفیانەش هەرچەندە تێپەرن بەڵام لە پێکهاتندا لە چاوگە تێپەرە نادیارەکان دەچن بۆیە دەتوانین لێیان دروست بکەین وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پی کردووە.

پرسیار // بۆچی هاوەڵناوی کراوی دارژاو بە زۆری لە چاوگی تێپەر وەردەگیرێت ؟

وەلام // جونکە چاوگە تێپەرەکان دەتوانن بەرکار وەربگرن و هەروەها کاری بکەر نادیاریشیان لی دروست بکرێ .

٤-هەندێ جار لە قەدی چاوگە تێپەرەکان دەتوانین هاوەلناوی کراوی دارژاو دروست بکەین بە وەرگرتنی قەدی چاوگ و پاشگری ( ە ) بۆ زیاد دەکەین

( قەدی چاوگی تێپەر + ە )

| | | |
|---|---|---|
| کوشتن | کوشت + ە ⟵ | کوشتە |
| بردن | برد+ ە | بردە |
| کردن | کرد + ە | کردە |
| هەڵبژاردن | هەڵبژارد + ە | هەڵبژاردە |

تێبینی // هاوەلناوی کراوی دارژاو بەزۆری ئەرکی( دیارخەری ناو ) دەبینێت ، لەو کاتەشدا پێویستە ئامرازی خستنە سەری ( ی ، ە ) یەکێکی لە پێشبێ

ڕێزمانی کوردی پۆلی دەیەمی ئامادەیی ( باسکردن و هەڵبژاردن ) ئامادەکردنی ( ئاراس جوهر و ئارام جوهر )
ڕێزمانی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی ( باسکردن و هەڵبژاردن ) ئامادەکردنی ( ئاراس جوهر و ئارام جوهر )
ڕێزمانی کوردی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی ( باسکردن و هەڵبژاردن ) ئامادەکردنی ( ئاراس جوهر و ئارام جوهر )



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## هاوەڵنــــاوی کراو هەمیشە بەم شێوەیە دێت لە ڕستەدا.

آ- بۆ کرمانجـی خواروو . بەم دوو شێوەیە دێت .

١- ناو یان جێناو + (ی ) ئا.خستنەسەر + هاوەڵناوی کراوی دارِژاو

نـامەیەکـی نـــووسراوم هێنا.

ناو   ی.ئا.خ   هاوەڵناوی کراو ، دیارخەری ناو

٢- ناو یان جێناو + (ە) ئا.خستنەسەر+ هاوەڵناوی کراوی دارِژاو + (ەکە) نیشانەی ناسراوی

نـــانە سووتاوەکـــە مەخۆ

ناو   (ە)ئا.خ   هاوەڵناوی کراو، دیارخەری ناو

ب- بۆ کرمانجـی ژوورو بەم شێوەیە دێت.

ناو + ئامرازیخستنەسەری ( ا ، ێ ، ێن ،ێد ) + هاوەڵناوی کراو.

نـانێ سۆتی و ماستــێ ترشای مەخۆ.

ئا.خ   هاوەڵناوی کراو   ئا.خ   هاوەڵناوی کراو (دیارخەری ناو).

*هاوەڵناوی کراوی دارِژاو بەزۆری لەو چاوگانەوە وەردەگیرێن کە تێپەڕ و نادیارن ،هاوەڵناوە نادیارەکەش وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات کە لە پێشیەوە هاتووە،هەرکاتێک ئەم جۆرە وشانە بە تەنها لە رستەدا بەکارهاتن و ناو یان جێناویان لەگەڵدا نەبوو ئەوا دەبن بە ( ناوی کراو)

وەکو.   *   نامە نووسراوەکەم بە دەست گەیشت ،   ( نووسراو ) هاوەڵناوی کراوی دارژاوە

نامە بکەرە   نووسراو هاوەڵناوی کراوی دارژاوە و دیارخەری ناوە.   لێرەدا لە نێوان نامە و نووسراو ئامرازی خستنەسەری ( ە ) دەرنەکەوتووە

*   نووسراوەکەم بە دەست گەیشت.   ( نووسراو )   ناوی کراوی دارِژاوە لێرەدا وەسفی هیچ ناوێکی نەکردووە و وەک شتێکی سەربەخۆ وایە .

نووسراو   ناوی کراوی دارژاوە ، بکەرە

لە ڕستەی یەکەمدا ( نووسراو ) وەسفی ناوی ( نامە)ی کردووە و بووە بە دیارخەری ، بەلام لە ڕستەی دووەمدا ( نووسراو) دەبێتە ناوی کراو چونکە لەو شوێنەدا وەک شتێکی سەربەخۆ بەکارهاتووە و شوێنی ناوی گرتۆتەوە بۆیە پێی دەگوترێت (ناوی کراو )



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ئەم ڕێگایە زۆر بە سودە بۆ جیاکردنەوەی ( ناوی کراوی داڕژاو لە هاوەڵناوی کراوی داڕژاو )

تێبینی :- ناوی کراوی داڕژاو بەوە جیادەکەینەوە لە هاوەڵناوی کراوی داڕژاو بەوەی کە ناوی کراوی داڕژاو هەموو تایبەتمەندیەکانی ناو وەردەگرێ واتە دەتوانێت نیشانەی ( ەکە ، ێک – ەک –ێ )، ان ، ەکان ) وەربگرێ واتە لە ڕستەدا هەمیشە یەکێک لەمانەی پێوەیە بەڵام ( هاوەڵناوی کراوی داڕژاو) تەنها بە دوو شێوە دێت کە ئەویش لە سەرەوە باسمان کردووە، لەو دوو شێوەیەش تەنها لە یەک حاڵەتدا دەتوانێت نیشانەی ( ەک ، ەکان ) وەربگرێ ئەویش کاتێک دەبێت کە ( ئامرازی خستنە سەری (ە ) ) کەوتبێتە پیش هاوەڵناوەکەوە ، بەڵام لە (ناوی کراوی داڕژاو) دا هیچ کاتێک ئامرازی خستنە سەری (ە ) مان نیە. هەمیشە ( ی ) مان هەیە وەک ئامرازی خستنەسەر،
وە لە حاڵەتی دووەمی ( هاوەڵناوی کراوی داڕژاو) دا هیچ کام لەم نیشانانەی سەرەوەی پێوە نییە. واتە هەرکاتێک وشەکە هیچ کام لەم نیشانانەی ( ەکە ، ێک – ەک –ێ )، ان ، ەکان ) پێوە نەبوو ئەوا ڕێک دەڵێین ئەو وشەیە ( هاوەڵناوی کراوی داڕژاوە ) .

کەوایە لەمەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین هەرکاتێک مامۆستا وتی ئایا فلان وشە ( هاوەڵناوی کراوی داڕژاوە یان ناوی کراوی داڕژاوە ) ئێمە ڕاستەوخۆ سەیری وشەکە ئەکەین  بزانین ئایا هیچ یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ناوی پێوەیە .
ئەگەر یەکێک لەم نیشانانەی پێوەبوو ( ەکە ، ێک – ەک –ێ )، ان ، ەکان ) ئەوا بێ دوو دڵی دەڵێین ( ناوی کراوی داڕژاوە) بەڵام بەمەرجێک پیش وشەکە ( ی ) ئامرازی خستنەسەر هەبێت . چونکە گوتمان لە هاوەڵناویشدا ( ەکە ، ەکان )بەکاردێت بەڵام بەوە جیای دەکەینەوە لە (هاوەڵناویکراوی داڕژاو )ەکەدا  پێش هاوەڵناوەکە ( ە ) ئامرازی خستنەسەر هەیە.

### پرسیار // وشەی ( کوژراو ) لەم دوو ڕستەیەدا چییە ؟

مالــی کوژراوەکە م دۆزییەوە.          پیاوە کوژراوەکەم دۆزییەوە.

وەڵام // ئەگەر سەیری وشەکە بکەین دەبینین لە هەردووکیاندا یەک شیوەیە ، نازانین کامەیان ( ناوی کراوی داڕژاوە و کامەیان هاوەڵناوی کراوی داڕژاوە)
دێین ڕێگاکەی سەرەوە ئەگرینە بەر . چۆن ؟
ئێمە گوتمان هەرکاتێک وشەکە (ەکە) یان نیشانەکانی تری پێوە بوو ئەوا ( ناوی کراوی داڕژاوە) بەڵام بەو مەرجەی ( ئامرازە خستنەسەرەکە) ( ی ) بێت نەک ( ە ) ئەگەر ئێستا سەیریان بکەین ئەزانین ئەوەی یەکەم ڕستە ( ناوی کراوی داڕژاوە ) چونکە پێش ناوی ( کوژراوەکە) ( ی ) هەیە. بەڵام لە ڕستەی دووەمدا هەرچەندە ( ەکە ) هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی پێش وشەی ( کوژراوەکە ) ( ە ) هەیە ئەوا دەبێتە ( هاوەڵناوی بکەری داڕژاو).
وە ئەمەش تەنها لە ئەرکی ( دیارخەری ) ناودا ڕوو دەدات چونکە هەم ( ناو ) هەم ( هاوەڵناو ) ئەو ئەرکەیان هەیە ، واتە هەردوو وشەی ( کوژراوەکە ) ی دوو ڕستەکەی سەرەوە یەک ئەرکیان هەیە لەو ڕستانەدا کە ئەویش (دیارخەری ناو) ە، بەڵام یەکێکیان وەک ( ناو ) بووە بە ( دیارخەری ناو ، یەکێکی تریان وەک ( هاوەڵناو ) بووە بە دیارخەری ناو.

سەیری نموونەکانی ئەرکەکان بکە بزانە هەمووی تایبەتمەندیەکانی ناوی پیوەیە یان نا ؟  وە بزانە ئامرازە خستنەسەرەکە لە هەموویاندا کامەیە مەبەستمان ( ی ) پێش وشەکەیە.

ڕێزمانی کوردی پۆلی دەیەمی ئامادەیی ١٠
ڕێزمانی کوردی پۆلی یانزەهەمی ئامادەیی ١١   ئامادەکردنی : ئاراس جوهر محمد + ئارام جوهر
ڕێزمانی کوردی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی ١٢



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

(ناوی کراو ) وەک هەموو ناوێکی تر دەتوانێت تایبەتمەندییەکانی ناو وەربگرێت و هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت .

بەم شێوەیە

| نیشانەی ناسراوی | نیشانەی نەناسراوی | نیشانەی کۆ | نیشانەی کۆی ناسراوی |
|---|---|---|---|
| نووسراوەکە | نووسراوێک ،نووسراوەک ، نووسراوێ | نووسراوان | نووسراوەکان |

ناوی کراو دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت ،

١-بکەر نووسراوەکە گەیشت

٢-بەرکار نووسراوەکەم خوێندەوە

٣-نیهاد .. نووسراوەکە بەسودە

٤-تەواوکەری بەیاریدە بۆ نووسراوێک چووم بۆ ڕانیە .

٥-دیارخەری ناو مـــاڵـــی کوژراوەکەم دۆزییەوە .

٦-تەواوکەری کاری ناتەواو ئەوە نووسراوەکەیە .

٧-تەواوکەی بەیاریدەی کاری ناتەواو هەڵەیەک لە نووسراوەکەدا بوو .

٨- جێگری بکەر ... بۆ ڕابردوو نووسراوەکە دزرا

بۆ ڕانەبردوو نووسراوەکە دەدزرێ

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@

ڕاهێنانی یەکەم لاپەرە ٦٢

لەم چاوگانە هاوەڵناوی کراوی دارژاو دروست بکە

| چاوگ | هاوەڵناوی کراوی دارژاو |
|---|---|
| فەوتاندن | فەوتێنراو ،فەوتێنرای |
| پێچان | پێچراو ، پێچرای |
| دانان | دانراو ، دانرای |
| شکاندن | شکێنراو ، شکێنرای |
| چەسپاندن | چەسپێنراو ،چەسپێنرای |



چاپخانەی دایك ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

راهێنانی دووەم   لاپەڕە ٦٣

هاوەڵناوی کراوی دارژاو لەم رستانەی خوارەوەدا دەربهێنە.

| رستە | هاوەڵناوی کراوی دارژاو |
|---|---|
| ١-زەوی کێڵراو بە بەرشتە<br>٢-گوندنیشینەکان جۆی خوسێنراو دەدەن بە وڵاخەکانیان<br>٣-شتی فرۆشراو وەرناگرێتەوە<br>٤-خوێندکارە بەخشراوەکان خەلات کران | کێڵراو<br>خوسێنراو<br>فرۆشراو<br>بەخشراو |

راهێنانی سێیەم   ٦٣

هاوەلناوی کراوی دارژاو لەم چاوگانە دروست بکە و لە رستەدا بەکاریان بهێنە .

| چاوگ | هاوەڵناوی کراوی دارژاو | رستە |
|---|---|---|
| ١-خزاندن | خزێنراو ، خزێنرای | بەردی خزێنراو ترسناکە. |
| ٢-کڕاندن | کڕێنراو | ئێسقانی کڕێنراو بە پشیلە دەدرێت. |
| ٣-تەکاندن | تەکێنراو | فەرشە تەکێنراوەکە بە دیوارەکەدا دەدەم |
| ٤-کرماندن | کرمێنراو | میوەی کرمێندراو نا خۆشە. |
| ٥-چەقاندن | چەقێنراو | دەست لە هێمای چەقێنراو مەدەن . |
| ٦-شکاندن | شکێنراو | پەنجەرە شکێنراوەکەم چاک کردەوە. |
| ٧-خواردن | خوراو | خواردنی خوراو فڕێ دەدرێت |
| ٨-بینین | بینراو | بەڵگەی بینراو لە بیستراو باشترە. |

راهێنانی چوارەم ٦٣

ئەم رستانەی خوارەوە شی بکەرەوە

| ١- جۆگەی هەڵبەستراو بەسودە. | ٢- نامەی نووسراو کۆدەکاتەوە. |
|---|---|
| جۆگە // ناوە ، دیارخراوە ، نیهادە<br>ی //ئامرازی خستنەسەرە<br>هەلبەستراو // هاوەلناوی کراوی دارژاوە ، دیارخەری ناوە<br>جۆگەی هەڵبەستراو // گرێی ناوییە ، نیهادە<br>بەسود // هاوەڵناوی چۆنیەتییە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە<br>ە. // کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا | نامە // ناوە ، نەناسراوە ، دیارخراوە ، بەرکارە<br>ی // ئامرازی خستنەسەرە ،<br>نووسراو // هاوەڵناوی کراوی دارژاوە ، دیارخەری ناوە.<br>نامەی نووسراو ، گرێی ناوی ، بەرکار<br>کۆدەکاتەوە . کاریکیرانەبردووی لێکدراوی تێپەرە<br>ات // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بکەرە |



چاپخانەی دایک | ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## هاوەڵناوی کـــراو

## هـــــاوەڵناوی کـــراوی لێکدراو

**هاوەڵناوی کراوی لێکدراو** : وشەیەکە کردەوەیەکی بەسەردا هاتووە و ئەم کردەوەیە بۆی بووە بە سیفەتێکی هەمیشەیی بێ ئەوەی بزانین ئەوەی کردەوەکەی بەسەردا هێناوە کێیە یان چییە.

*هاوەڵناوی کراوی لیکدراو هەمیشە وەسفی ناوێک یان جیناوێک دەکات کە لە پێشیەوە هاتووە و دەبێتە ( دیارخەری ئەو ناوە یان ئەو جیناوە ) وەکو دایکی جەرگ براو جیگەی بەزەییە.   ئێوەی دڵشکاو غەمبارن.   مرۆڤی سەرشکاو ناشرینە .

*هەرکاتێک ئەم هاوەڵناوانە بە تەنها بەکار هاتن و هیچ ناوێک یان جیناویکیان لەگەڵدا نەبوو تاکو وەسفی بکەن ئەوا دەبن بە ( ناوی کراوی لێکدراو) و وە ئەم ناوی کراوی لێکدراوەش هەموو تایبەتمەندییەکانی ناو هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت . بەم شێوەیەی خوارەوە.

| نیشانەی ناسراو | نیشانەی نەناسراو | نیشانەی کۆ | نیشانەی کۆی ناسراوی |
|---|---|---|---|
| سەرشکاوەکە | سەرشکاوێک ، سەرشکاوێ ، سەرشکاوەک | سەرشکاوان | سەرشکاوەکان |

**تێبینی** : گرنگە پێویستە بیزانی .

بگەڕێوە بۆ بابەتی ( هاوەڵنـاوی کراوی دارژاو ) هەمان ئەو ڕێگەیەی لەوێ باسمان کرد ئەتوانین لێرەش بەکاری بهێنین بۆ جیاکردنەوەی ( هاوەڵنـاوی کراوی لێکدراو ) لە ( نـاوی کراوی لێکدراو ) . چونکە هیچ جیاوازییەکیان نییە.

### ناوی کراوی لێکدراو دەتوانیت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینیت ،

| | | |
|---|---|---|
| ١-بکەر | سەرتاشراوەکە هات | سەرشکاوەکە ڕۆیشت |
| ٢-بەرکار | سەرتاشراوەکەم بینی | سەرشکاوەکەم برد بۆ نەخۆشخانە. |
| ٣-نیهاد | سەرتاشراوەکە جوانە | سەرشکاوەکە زیرەکە |
| ٤-تەواوکەری بەیاریدە | کڵاوەکەم بۆ سەرتاشراوەکە برد | دەرمانەکانم بۆ سەرشکاوەکە هێنا . |
| ٥-دیارخەری ناو | برای سەرتاشراوەکەم بینی | دایکی سەرشکاوەکە هات |
| ٦-تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەوە سەرتاشراوەکەیە | ئەوە سەرشکاوەکە بوو |
| ٧-تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو | دیاریەکە بۆ سەرتاشراوەکەیە | لەفافەکە بۆ سەرشکاوەکەیە |

٨-جێگری بکەر   یاسای بکەر نادیار بۆ رابردوو ( ڕەگی کار +را )

سەرتاشراوەکە هێنرا   سەرشکاوەکە هێنرا بۆ نەخۆشخانە

یاسای بکەر نادیار بۆ رانەبردوو ( دە + رەگی کار + رێ )

سەرتاشراوەکە دەبینرێ   سەرشکاوەکە بۆ نەخۆشخانە دەهێنرێ



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

پرسیار // هاوەڵناوی کراوی لێکدراو بە زۆری لە کام چاوگانەوە وەردەگیرێن ؟

وەڵام // هاوەڵناوی کراوی لێکدراو بەزۆری لە چاوگی لێکدراوی تێپەر وەردەگیرێن چونکە کاری تێپەڕ دەتوانێت بەرکار وەربگرێت .

پرسیاری دووەم // دەتوانین هاوەڵناوی کراوی لێکدراو لە چاوگی تینەپەڕ وەربگرین ؟

وەڵام // چاوگە تێنەپەرەکان ناتوانین هاوەڵناوی کراوی لێکدراو یان دارژاویان لی دروست بکەین جگە لە چاوگە ( ئەلفییە تێنەپەرەکان ) کە دەتوانین هاوەڵناوی کراوی دارژاو و لیکدراویان لی دروست بکەین ، چونکە ئەم چاوگانە لە پێکهاتندا لە چاوگە تێپەرە نادیارەکان دەچن . وەکو

دڵشکاو سەرشکاو . ماڵسوتاو سوتاو

پیاوی دڵشکاو سەرگەردانە ،،،، خواردنی سوتاو ناخۆم.

## ڕێگاکانی دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی لێکدراو

### ١- ****( ناو + رەگی کار + پاشگری راو ، رای )

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرتاشین | سەرتاش+راو ،رای | سەرتاشراو ، سەرتاشرای | |
| جەرگبرین | جەرگبڕ +راو ، رای | جەرگبراو ،جەرگبڕای | ( لێرەدا پیتی ( ر ) ی پاشگرەکە لەناودەچێت . |
| تەڵاق دان | تەڵاق دە +راو ،رای | تەڵاقدراو ، تەڵاقدرای | ( لێرەدا پیتی ( ە ) ی رەگەکە لەناودەچێت |

### ٢- ****( ناو یان هاوەڵناو + قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەر+ پاشگری ( و ، ی ) )

| | | |
|---|---|---|
| رەش هەڵگەڕان | رەش هەڵگەڕا | رەش هەڵگەڕاو رەش هەڵگەڕای |
| ماڵسوتان | ماڵسوتا | ماڵسوتاو ، ماڵسوتای |
| دڵشکان | دڵشکا | دڵشکاو ، دڵشکای |
| سەرشکان | سەرشکا | سەرشکاو ، سەرشکای |
| سورهەڵگەڕان | سورهەڵگەڕا | سورهەڵگەڕاو ، سورهەڵگەڕای |

### ٣-****( ناو +قەدی چاوگی تێپەری ( دالی و تایی و واوی ) + پاشگری ( وو ، ی ، ە )

| | | |
|---|---|---|
| با+بردن = | بابرد + (وو ، ی ، ە ) | بابردوو ، بابردی ، بابردە |
| کۆچ+کردن = | کۆچ کرد+( وو ، ی ، ە ) | کۆچ کردوو ، کۆچ کردی ، کۆچ کردە |
| دڵ+گەستن = | دڵگەست+ ( وو ، ی ، ە ) | دڵگەستوو ،دڵگەستی ، دڵگەستە |



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

**پرسیار //** هاوەڵناوی کراوی لێکدراو بە زۆری لە کام چاوگانەوە وەردەگیرێن ؟

**وەڵام //** هاوەڵناوی کراوی لێکدراو بەزۆری لە چاوگی لێکدراوی تێپەر وەردەگیرێن چونکە کاری تێپەڕ دەتوانێت بەرکار وەربگرێت .

**پرسیاری دووەم //** دەتوانین هاوەڵناوی کراوی لێکدراو لە چاوگی تینە پەڕ وەربگرین ؟

**وەڵام //** چاوگە تێنە پەرەکان ناتوانین هاوەڵناوی کراوی لێکدراو یان دارژاویان لی دروست بکەین جگە لە چاوگە ( ئەلفییە تێنە پەرەکان ) کە دەتوانین هاوەڵناوی کراوی دارژاو و لیکدراویان لی دروست بکەین ، چونکە ئەم چاوگانە لە پێکهاتندا لە چاوگە تێپەرە نادیارەکان دەچن . وەکو

دڵشکاو        سەرشکاو .        ماڵسوتاو        سوتاو

پیاوی دڵشکاو سەرگەردانە   ,,,,         خواردنی سوتاو ناخۆم.

## رێگاکانی دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی لێکدراو

### ١- ****( ناو + رەگی کار +پاشگری راو ، رای )

سەرتاشین        سەرتاش+راو ،رای        سەرتاشراو ، سەرتاشرای

جەرگبرین        جەرگبڕ +راو ، رای        جەرگبراو ،جەرگبڕای        ( لێرەدا پیتی ( ر ) ی پاشگرەکە لەناودەچێت .

تەڵاق دان        تەڵاق دە +راو ،رای        تەڵاقدراو ، تەڵاقدرای        ( لێرەدا پیتی ( ە ) ی رەگەکە لەناودەچێت

### ٢- ****( ناو یان هاوەڵناو + قەدی چاوگی ئەلفی تێنەپەر+ پاشگری ( و ، ی ) )

رەش هەڵگەڕان        رەش هەڵگەڕا        رەش هەڵگەڕاو رەش هەڵگەڕای

ماڵسوتان        ماڵسوتا        ماڵسوتاو ، ماڵسوتای

دڵشکان        دڵشکا        دڵشکاو ، دڵشکای

سەرشکان        سەرشکا        سەرشکاو ، سەرشکای

سورهەڵگەڕان        سورهەڵگەڕا        سورهەڵگەڕاو ، سورهەڵگەرای

### ٣-****( ناو +قەدی چاوگی تێپەری ( دالی و تایی و واوی ) + پاشگری ( وو ، ی ، ە )

با+بردن =   بابرد + (وو ، ی ، ە )        بابردوو ، بابردی ، بابردە

کۆچ+کردن =   کۆچ کرد+( وو ، ی ، ە )        کۆچ کردوو ، کۆچ کردی ، کۆچ کردە

دڵ+گەستن =   دڵگەست+ ( وو ، ی ، ە )        دڵگەستوو ،دڵگەستی ، دڵگەستە



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی دووەم      لاپەڕە ٧١

وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە

**١-بۆ چی هاوەڵناوی کراو لەو چاوگانەوە وەردەگیرێن کە تێپەرن ؟**

وەلام// هاوەلناوی کراو بەزۆری لە چاوگی تێپەر وەردەگیرین چونکە کاری تێپەڕ دەتوانێت بەرکار وەربگرێت. ( نووسراو ، سەرتاشراو)

**٢-جیاوازی لە نێوان هاوەڵناوی کراو و ناوی کراو چییە ، چ ( دارڕژاو بێت یان لێکدراو ) ؟**   وەڵام //

| ناوی کراو ( دارژاو ، لێکدراو ) | هاوەڵناوی کراو ( دارژاو ، لێکدراو ) |
|---|---|
| ١-ناوی کراو لە جێی ناوێک بەکاردێت ، وە وەسفی هیچ ناوێک ناکات وەکو ( سەرشکاوەکە هات )<br>٢-ناوی کراو ( دارژاو ، لیکدراو ) دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت . وەکو ( نووسراوەکە گەیشت ) | ١-هاوەڵناوی کراو وەسفی ناوێک یان جیناویک دەکات کە لە پێشیەوە هاتووە. وەکو ( پیاوی سەرتاشراو ناشرینە )<br>٢-هاوەڵناوی کراو زۆربەی کات تەنها ئەرکی دیارخەری ناو دەبینێت . ( نامە نووسراوەکەم بەدەست گەیشت ) |

**٣- لەبەر چی دەتوانین هاوەڵناوی کراو لە چاوگە ئەلفییە تێنەپەڕەکان دروست بکەین ؟**

وەلام // چاوگە تێنەپەرەکان ناتوانین هاوەلناوی کراوی لێکدراو یان دارژاویان لی دروست بکەین جگە لە چاوگە ( ئەلفییە تێنەپەرەکان ) کە دەتوانین هاوەلناوی کراوی دارژاو و لیکدراویان لی دروست بکەین ، چونکە ئەم چاوگانە لە پێکهاتندا لە چاوگە تێپەرە نادیارەکان دەچن . وەکو

دڵشکاو   سەرشکاو .   مانسوتاو   سوتاو

پیاوی دڵشکاو سەرگەردانە ،،،،   خواردنی سوتاو ناخۆم.

٤- وەڵامەکەی تێبینیەکەی چوارەمــە . ئاماژەی پێکراوە لە تێبینیەکاندا .

**٥-چۆن لە کرماجی ژوورو هاوەڵناوی کراوی دارژاو دروست دەکرێت؟**

-لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو هاوەڵناوی کراوی دارژاو لە چاوگی تێپەر بەفرێدانی ( نوونی چاوگ) و زیادکردنی پاشگری (ی ) دروست دەبێت ( قەدی چاوگی تێپەڕ+ی )

کێلان   کێلا+ی   کێلای   ( زەڤیا کێلای مەفرۆشن)



چاپخانەی دایك   ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی سێیەم

**لە چاوگی ( بردن ، خواردن ) بە چەند ڕێگا هاوەڵناوی بکەری لێکدراو هاوەڵناوی کراوی لێکدراو دروست دەکرێت ؟ نیشانی بدە و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە .**

| هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | هاوەڵناوی کراوی لێکدراو |
|---|---|
| ١-ناو+قەدی چاوگی تێپەڕ+پاشگر = نان بردوو<br>٢-ناو+رەگی کار + پاشگری (ەر) = پەیام بەر<br><br>١-ناو+قەدی چاوگ +پاشگر = گۆشت خواردوو<br>٢-جێناوی خۆیی +ڕەگی کار+پاشگر= خۆ خۆر<br>٣-هاوەڵکار+رەگی کار +پاشگر = زۆر خۆر<br>٤-ناو+رەگی کار+پاشگر = گۆشت خۆر<br>مرۆڤی گۆشت خۆر تەندروستی باش نابێت. | ١-ناو+قەدی چاوگی تێپەر+پاشگر = با بردوو<br>دوای کڵاوی بابردوو مەکەوە .   پارەی بابردوو گران کۆ دەکرێتەوە<br>٢-ناو+ڕەگی کار +پاشگر= دڵبراو<br><br>١-ناو+قەدی چاوگ+پاشگر = گورگ خواردوو<br>٢-ناو+رەگی کار + پاشگر= بەشخوراو |

## ڕاهێنانی چوارەم

**جۆر و شێوەی دروست بوونی ئەم هاوەڵناوانەی خوارەوە دیاری بکە.**

| هاوەڵناو | جۆری هاوەڵناو | چۆنیەتی دروست بوونی |
|---|---|---|
| ١-بیەز | هاوەڵناوی بکەری دارژاو | پێشگر+ڕەگی کار |
| ٢-فرۆشراو | هاوەڵناوی کراوی دارژاو | ڕەگی کار +پاشگر |
| ٣-خوێندەوار | هاوەڵناوی بکەری دارژاو | قەدی چاوگی تێپەڕ+پاشگر |
| ٤-گەشبین | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | هاوەڵناو+ڕەگی کار |
| ٥-دەستبڕ | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو+ڕەگی کار |
| ٦-دەستکرد | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | ناو+قەدی چاوگ |
| ٧-ستەمبار | هاوەڵناوی بکەری دارژاو | ناوی واتایی +پاشگر |
| ٨-مارانگەستی | هاوەڵناوی کراوی لێکدراو | ناو+قەدی چاوگ+پاشگر |
| ٩-خۆشخوان | هاوەڵناوی بکەری لێکدراو | هاوەڵناو+ناو |
| ١٠-نەنووسراو | هاوەڵناوی کراوی دارژاو | پێشگر+رەگی کار+پاشگر |



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنانی پێنجەم لاپەڕە ٧٢

ئەم ڕستانەی خوارەوە شی بکەرەوە .

| ١- زەڤیا کێلای نەفرۆشن | ٢-گەلی بەشخوراو مافەکانی خۆی داوا دەکات |
|---|---|
| زەڤی // ناوە ، دیارخراوە ، بەرکارە<br>ا // ئامرازی خستنەسەرە بۆ ڕەگەزی مێ لە کرمانجی ژووروودا<br>کێلای // هاوەڵناوی کراوی دارژاوە ، دیارخەری ناوە<br>زەڤیا کێلای // گرێی ناوی ، بەرکارە<br>نە // ئامرازی نەرێ کردنە لە بادینیدا بۆ کاری داخوازی<br>نەفرۆشن // کارێکی داخوازی تێپەرە<br>ن// جیناوی لکاوە بۆکەس دووەمی کۆ ، بکەرە | گەل // ناوە ، دیارخراوە، بکەرە<br>ی // ئامرازی خستنەسەرە<br>بەشخوراو // هاوەڵناوی کراوی لێکدراوە ، دیارخەری ناوە<br>گەلی بەشخوراو// گرێی ناوی ، بکەرە<br>مافەکانی خۆی // گرێی ناوی ، بەرکارە<br>داوا دەکات // کارێکی ڕانەبرددوی تێپەرە ، لیکدراوە |

٣-چیرۆکێکی هەڵبژاردەم بە باشی خویندەوە.

چیرۆک // ناوە ، نەناسراوە ، دیارخراوە ، بەرکارە

ی // ئامرازی خستنەسەرە

هەڵبژاردە // هاوەڵناوی کراوی دارژاوە ، دیارخەری ناوە .

چیرۆکێکی هەڵبژاردە // گرێی ناوی ، بەرکارە

م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە

بەباشی // هاوەڵکارێکی چۆنیەتییە .، تەواوکەری کارە

خوێندەوە // کارێکی ڕابردووی ڕاگەیاندنی تێپەری دارژاوە.

## ڕاهێنانی شەشەم

جیاوازی لە نیوان هەردوو وشەی ( گۆشت خواردوو ، گۆشت خۆر ) چییە ؟ ١- لە رووی دروست بوونەوە ٢-لە رووی مەبەستی بەکارهێنانەوە

وەڵام// هەردوو وشەی ( گۆشت خواردوو ، گۆشت خۆر ) هەردووکیان هاوەڵناوی بکەری لێکدراون تەنها جیاوازی نێوانیان لە دروست بوون و سیفەتەکەیاندایە .

گۆشت خۆر .. ناو + ڕەگی کار + ەر ،،، لە ڕووی سیفەتەوە سیفەتەکەی هەمیشەییە

گۆشت خواردوو ... ناو +قەدی چاوگ + وو لەرووی سیفەتەوە سیفەتەکەی کاتییە

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٣) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

# هــــاوەڵکـــــار

## ١- هـــاوەڵکـــاری کاتــــــی

**هاوەڵکـار:** وشەیەیە ڕوویەکی ڕوودانی کاری ڕستەکە لەبارەی ( چۆنیەتی و کاتی و شوێن و چەندێتی و ڕێکخستنەوە ) دیاری دەکات و سنورێک بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە دادەنێت.

**هاوەڵکاری کـــاتی** :ئەو هاوەڵکارەیە کە کاتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە جا کاری ڕستەکە (ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی ) وە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ جیاوازی نیە ، وە دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواویش، وەڵامی پرسیاری ( کەی ، کەنگی ، لەکەیەوە ، چ کاتێ ) دەداتەوە.

* **بەشێک لە هاوەڵکارە کاتیەکان ئەمانەن** ( ئێستا ، ئەمڕۆ ، سبەی ، پشتی نیڤرۆ ، نهۆ ، لەم ڕۆژانەدا ، چەند ڕۆژێکی تر ، بەم زووانە ، بەهاری . ئێواری ، ئەمساڵ ، هەمیشە ، هەندێ جار ، هەرگیز ، لەمەولا ، تابەیانی ، پێرێ ، لەوساوە).

**هاوەڵکاری کاتی تاکە هاوەڵکارە کە دوو ئەرکی هەیە، چونکە هەموو هاوەڵکارەکان تەنها یەک ئەرکیان هەیە.**

**ئەرکەکانی هاوەڵکاری کاتی ئەمانەن .**

**١- تەواوکەری کاری تەواو .** هاوەڵکار دەبێتە تەواوکەری کاری تەواو جا کارەکە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی ، تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ ، هیچ جیاوازیەکی نیە. وەکو

| | |
|---|---|
| ئەمڕۆ دەچم بۆ بازاڕ | ئەمڕۆ : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ |
| بەیانیان نان دەخۆم | بەیانیان : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێپەڕ |
| ئەمشەو وەرە بۆ یاریەکە | ئەمشە : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری کاری داخوازی تێنەپەڕ |
| پار بۆ سەیران چووین | پار : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕ |
| هەمیشە یارمەتی خەڵکی بدە | هەمیشە : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری داخوازی تێپەڕ |

**٢- تەواوکەری کاری ناتەواو** : تەنها هاوەڵکاری کاتی دەتوانێت ببێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو ، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کەلەگەڵ کاری ناتەواو ( ە ، بوو ، دەبێت ) دا بێت . وەکو

| | |
|---|---|
| ئاهەنگەکە ئەمشەوە | ئەمشە : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ناتەواو |
| شەکراوخواردنەوەکە ئەمڕۆیە | ئەمڕۆ : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ناتەواو |
| ئاهەنگەکە بەشەوە | بەشەو : هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ناتەواو |

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

تێبینی // زۆر جار دەبینین هەندێک کەس دەڵێن هاوەڵکاری کاتی دەتوانێت ببێت بە (نیهاد) بەڵام ئەوە دوورە لە ڕاستییەوە چونکە هاوەڵکاری کاتی تەنها دوو ئەرکی هەیە (تەواوکەری کار) و ( تەواوکەری کاری ناتەواو) جگە لەم دوو ئەرکە هیچ ئەرکێکی تر نابینێ.

بەڵکو ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن (نیهاد) ئەوە هاوەڵکار نیە ، بەڵکو (ناوی کاتە) وە یەکێک لە ئەرکەکانی ( ناو)یش بریتییە لە (نیهاد) وەکو ئەم ڕستەیە ( ئەمڕۆ هەینییە ) ئەوان (ئەمڕۆ ) بە ( نیهاد) دادەنێن بەڵام ئەوە وانیە (ئەمڕۆ ) ناوی کاتە ، وەک چۆن لە عرەبیدا (اسم زمان ) هەیە واتە ( ناوی کات) لە کوردیشدا ئەوە هەیە.

واتە هەموو کاتەکان ناوێکیان هەیە وەک چۆن هەموو مرۆڤەکان ناویان هەیە. بۆیە ئەگەر بەقسەی ئەوان بێ ئەوا دەبێت بڵێین هاوەڵکاری کاتی دەتوانێت ببێت بە دیارخەریش وەکو( سەیرانی پار خۆش بوو ) ( پار : هاوەڵکاری کاتی و دیارخەرە) بەڵام ئەوەش دروست نیە ، بەڵکو (ئەمڕۆ ، پار ) هەردووکیان (ناوی کاتن ) ئەمڕۆ نیهادە ، پار . دیارخەرە. واتا نابێت بڵێین هاوەڵکار بەڵکو ناون.

## ڕاهێنانی یەکەم لاپەڕە ٧٧

| هۆنراوە | هاوەڵکار | ئەرکەکەی |
|---|---|---|
| ١- ئەزانی بۆچی وا کورد زەلیلە؟<br>بێ ناونیشان هەمیشە دیلە؟ | هەمیشە | هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ناتەواو |
| ٢- کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە<br>چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە | ئەمڕۆ | هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ناتەواو |
| ٣- هیوام بەتۆیە ئەی تازە منداڵ<br>بەیانی ببیە نموونەی میسال | بەیانی | هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی دانانی |
| ٤-ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر | شەو | هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کار |
| کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لەناخمدا خەمێکی تر | ئەمشەو | هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کار |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٧٨

هاوەڵکارەکانی ( بەم زووانە ، نەو ، لەوساوە) لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک هاوەڵکاری یەکەم و دووەم ببن بە تەواوکەری کاری تێنەپەڕ و هاوەڵکاری سێیەمیان ببێت بە تەواوکەری کاری تێپەڕ.

وەڵام //

بەم زووانە : تەواوکەری کاری تێنەپەڕ وەکو (( بەم زووانە دەچین بۆ سەیران ))

نەو : تەواوکەری کاری تێنەپەڕ وەکو (( نەو دەخەوم ))

لەوساوە : تەواوکەری کاری تێپەڕ وەکو (( لەوساوە پێشمەرگە کوردستان دەپارێزێت))

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنـــــــانی سێیەم    لاپەڕە ٧٨

له ڕستەی (( ئەڤـــرۆ دڤێت کوردستـــان ژ هەموو لایەڤـا پێش بکەڤیت ))

١-    (ئەڤـرۆ)چییە ؟   ئەرکـی چییە؟

وەڵام // ئەڤـرۆ : هاوەڵکاری کاتییە ، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی دانـــانییە.

٢- بکەری ڕستەکە دەربخـە.

وەڵام // کوردستـــان :  بکەرە

٣- (پێش بکەڤێت)   چ جۆرە کارێکە ؟ چۆن دروست کراوە؟

وەڵام // کارێکی ڕانەبردووی دانانـی لێکدراوی تێنەپەڕە ،     ( هاوەڵکار + پێشگری ( ب ) + ڕەگی کار + جێناوی لکاو کۆمەڵەی ٣ ).

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

جۆری کارەکان لە ڕووی پێکهـــاتنەوە . ( تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ جیاوازی نییە .

١- کــــاری ڕابردووی نـزیک      ( چـاوگ – ن = کاری ڕابردووی نزیک )    خواردن – ن = خـوارد    ( خوارد = ڕابردووی نزیک )

٢- کاری ڕابردووی دوور      ( ڕابردووی نـزیک + بـوو )    ( خـوارد + بـوو = خـواردبوو      ( خواردبوو = ڕابردووی دوور )

٣- کاری ڕابردووی بەردەوام      ( دە + ڕابردووی نزیک )   ( دە + خـوارد = دەخـوارد )    ( دەخوارد = ڕابردووی بەردەوام )

٤- کاری ڕابردووی تەواو    ( ڕابردووی نزیک + ( وە – ووە )    ( خوارد + ووە = خواردووە )    ( خواردووە = ڕابردووی بەردەوام )

* ڕانەبردوو .    ( دە + ڕەگـی کـار + ج.ل.ک ٣ )      ( دە+ خـۆ + م )    ( دەخـــۆم = ڕانەبردوو )

* داخـــوازی      ( بـ + ڕەگـی کـار + ج.ل.ک ٤ ( ە – ن )    ( بکێشـــە  - بکێشـــن ) = داخوازی .

چاپخانەی دایك
DAYKPRINTING
07702265050
07702265051



چاپخانەی دایك | ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سابونکەران، بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٣١٣) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## چەند سەرجێک لەسەر ( هـــاوەڵکـــار ) بە گشتی

هاوەڵکـار چەندین جـۆری هەیە ، بەڵام لە پەرتووکەکەدا چەن دانەیەکی باس کردووە ، کە دەکرێ وەکو پوختەی هاوەڵکارەکان وەریان بگرین.
قسەی ئێمە لێرەدا لەسەر ( ئەرکی هاوەڵکارە لە ڕستەدا ) وەک دەبینین هەر مامۆستایەو بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەرک بۆ هاوەڵکار دیاری دەکات.

هاوەڵکارەکان بە گشتی ( کات و شوێن و چۆنیەتی و چەندێتی ) ڕوودانی کاری ڕستەکە دەردەخـەن ، کەواتە پێویستە هاوەڵکار لەو ڕستانەدا هەبێت کە کارەکانیان ( کاری تەواو) ن ، چونکە تەنها کاری تەواو ( کات و ڕوودانی تێدایە ) ، ( کاری نـاتەواو ) ( کاتی تێدایە ) بەڵام ( ڕوودانـی ) تێدا نییە . کەواتە هەتا ڕووداو ڕوو نەدات پێوستمان بە هاوەڵکار نییە .
تێبینی : ( هاوەڵکاری کاتی دەکرێ لەگەڵ کاری نـاتەواویشدا بەکار بێت ) ( ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە دراوە لە خوارەوە)

* بەشێک لە مامۆستاکان دێن ئەرکی ( نیهاد ) بۆ هاوەڵکار دادەنێن بۆ نموونە ( ئەمڕۆ هەینیە ) ( ئەمڕۆ = هاوەڵکاری کاتی و نیهـادە )
کە لە ڕاستیدا ئەمە وانییە نەڵکو ( ئەمڕۆ = نـاوی کات ) واتە هەموو کاتەکان و ڕۆژەکان ناوێکیان هەیە ، لە عەرەبیدا بە ( اسم زمان ) ناوی براوە، بۆیە دەکرێ بڵێین ( نـاوی کاتە و نیهاد ) ە ، نابێت بڵێن ( هاوەڵکارە ) ، چونکە ئەگەر هەر هاوەڵکارێک ببینین و ڕێک بڵێین هاوەڵکارە نابێت بەڵکو ئەبێت سەیری شوێنەکەی بکەین لە ڕستەدا و بزانین ئایا وەک ( هاوەڵکار ) بەکارهاتووە یان وەکـو ( نـاو ) .
ڕستەی تر لەو شێوەیە زۆرە بۆ نموونە ئەگەر ئەوەی سەرەوە قسەی ئەوان بێت و ( ئەمڕۆ ) هاوەڵکاربێت و ئەرکی ( نیهاد ) بێت ئەوا من ئەرکێکی تریش بۆ هاوەڵکار زیاد ئەکەم ( سەیرانی پار خۆشبوو )(پار ) چییە ؟ . خۆ ئەگەر وەک (هاوەڵکار) وەری بگرین ئەبێ بڵێی ( هاوەڵکارە و دیارخەری ناو)، کەوایە ( هاوەڵکار ) دەتوانێت ئەرکی دیارخەریش ببینێت ، بەڵام ئەمە ڕاست نییە بگرە لەوێشدا ( ناوی کاتە ) و بووە بە ( دیارخەری نـاو ) .

* سەبارەت بەوەش کە بۆ هاوەڵکاری کاتی ئەتوانێت لەگەڵ کاری ناتەواودا بێت ؟ دەڵێین چونکە لە هاوەڵکاری کاتیدا هەندێک جار ڕووداوەکە دواتر ڕوودەدات بۆ نموونە ( ئاهەنگەکە ئەمشەوە ) لەم ڕستەیەدا کاتەکە هەیە بەڵام ( ڕوودانەکەی دوا دەکەوێت بۆ شەو ) . بۆیە ئاساییە لە هاوەڵکاری کاتیدا .

سەبارەت بە هاوەڵکاری شوێنیش هەندێک ڕستە دێنن وەکـو ( یاریزانەکان لە یاریگادان )
کاری ئەم ڕستەیە کاری ناتەواوە ، پێناسەی هاوەڵکاری شوێنیش ئەوەیە کە دەڵێ ( ئەو هاوەڵکارەیە کە شوێنی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەست نیشان دەکات ) ، پێناسەکە باسی ( ڕوودان ) دەکات بەڵام ( ڕوودان ) تەنها لە کاری تەواودا هەیە و کاری ناتەواو ( ڕوودانـی ) تێدا نییە.
کەواتە ئەگەر ( لەیاریگادا ) بە هاوەڵکار دابنێین ڕێک پێچەوانەی پێناسەکە ئەوەستین .
لێرەوە دەڵێین ئەمەشیان وەک هاوەڵکارە کاتیەکە ( نـاوی شوێن ) ی پێ دەڵێن لە عرەبیدا بە ( اسم مکان ) ناسراوە .
ئەرکی ( لە یاریگادا ) دەبێتە ( نـاوی شوێن و تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو ).

بۆ سەرنجەکانتان لەسەر ئەم بابەتە ئەتوانن سەیری پەرتووکە ڕێزمانییەکان بکەن.


چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## تەواوکـــردنـی کار بە هاوەڵکاری شوێنـــی

**هاوەڵکاری شوێنـی :** ئەو هاوەڵکارەیە کە شوێنی رووداني کاری ڕستەکەمان بۆ دەست نیشان دەکات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە ، کارەکە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی ، تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ ، وە وەڵامـی پرسیاری ( لە کوێ ، لەکوێندەرێ ، بۆ کوێ ) دەداتەوە .

**بەشێک لە هاوەڵکارە شوێنییەکان ئەمانەن :** (( سەر ، ژێر ، خوار ، کن ، پاش ، نێو ، تەنیشت ، چەپ ، ڕاست ، لەناو ئەکەوت ، لەسەربان ، خارێ ، ژێرێ ، لەسەردارەکە ، لەبنەوە ، لەناو ، لە ژێر ، لەماڵەوە ، لەمزگەوت ، لەقوتابخانە ....هتـــــد))

### ئەرکـی هاوەڵـکـاری شوێنـی لە ڕستەدا

هاوەڵکاری شوێنـــی لە ڕستەدا تەنها یەک ئەرکـی هەیە ئەویش ( تەواوکەری کاری تەواوە) وەکو

وانەکـــانم لەماڵەوە نووسییەوە (لەماڵەوە : هاوەڵکاری شوێنـی تەواوکەری کاری ڕابردووی تێپەڕ)

منداڵەکە لەسەرمێزەکە دانیشتووە (لەسەرمێزەکە : هاوەڵکاری شوێنـی تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕ)

منداڵەکە لەبێشکەدا دەخەوێت (لەبێشکەدا : هاوەڵکاری شوێنـی تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ )

پەرتووکەکان لەسەرمێزەکە دابنـێ ( لەسەرمێزەکە : هاوەڵکاری شوێنی تەواوکەری کاری داخوازی تێپەڕ)

لەسەر سەربان مەخەوە (لەسەرسەربان : هاوەڵکاری شوێنی تەواوکەری کاری داخوازی تێنەپەڕ)

دەکـرێ بە هەموو هاوەڵکارەکانـی سەرەوە بڵێن (گرێی هاوەڵکاری شوێنـــی ) چونکە لە وشەیەک زیاترن.

*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@

پرسیار // چۆن جیاوازی دەکەی لە نێوان تەواوکەری بەیاریدە و هاوەڵکاری شوێنی ؟ یان جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕستەیە چییە ؟

١- مـن لـە بـازار نان دەخۆم . ٢- مـن لـەبـازار نان دەخۆم .

وەڵام // ئەگەر سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەین دەبینین هەردووکیان وەکو یەکن بەڵام هێڵ بەژێرداهێنانەکەیان جیاوازە ، لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕستەکانیش جیاوازن . چۆن

ڕوونکردنەوە : لە ڕستەی یەکەمدا هێڵ لە ژێر ( لە ، بازار ) دراوە بەجیا ، لەمەوە دەگەینە ئەوەی

لە : ئامرازی پەیوەندی

بازاڕ : تەواوکەری بەیاریدە.

بەڵام ڕستەی دووەم هێڵ لە ژێر ( لەبازاڕ) دراوە واتا هەمووی بەسەر یەکەوە لەمەوە دەگەینە ئەوەی

لەبازاڕ : هاوەڵکارێکی شوێنییە ، تەواوکەری کارە.

واتە بەم شێوەیە جیاوازی دەکەین لە نێوان هاوەڵکاری شوێنی و تەواوکەری بەیاریدە ، ئەگەر ئامرازە پەیوەندیەکە لەگەڵ ناوەکە یەک بوون ئەوا هاوەڵکارە ، ئەگەر ئامرازە پەیوەندیەکە لەگەڵ ناوەکە یەک نەبوون ئەوا ناوەکە دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە. وە ئەگەر دیاری نەکردبوو ئەوا هەرکامێکیان بنووسی دروستە.

بەڵام دەبێت وریا بین ئەو وشەیەی بەدوای ئامرازە پەیوەندیەکەدا دێت دەبێت ناو بێت چونکە بەس ناو ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە دەبینێت نابێت شتی تر بێت وەک ئەم ڕستەیە ( من لەدەرەوە نان دەخۆم ) لێرەدا ناتوانی بە ( لە ) بڵێی ئامرازی پەیوەندی چونکە دوای خۆی ( دەرەوە) هەیە کە شوێنە . بۆیە دەبـێ ئاگاداری ئەوانە بین ئەوانە هەمووی بەسەر یەکەوەیە ( لەدەرەوە)*



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## ڕاهێنـــــــانی یەکەم لاپەڕە ٨١

لەم ڕستانەدا هاوەڵکارەکان دەربهێنە و شیشیان بکەوە.

| ڕستە | هاوەڵکار | شیکردنەوە |
|---|---|---|
| ١- ڕۆژ لەڕۆژهەڵاتەوە بەرزدەبێتەوە | لەڕۆژهەڵاتەوە | هاوەڵکاری شوێنی ، تەواوکەری کار |
| ٢-ئاڵای کوردستان لەسەرلوتکەی شاخەکە دەشەکێتەوە. | لەسەرلوتکەی شاخەکە | گرێی هاوەڵکاری شوێنی و تەواوکەری کارە |
| ٣-شڤانەکە ل خارێ روونیشتییە. | ل خارێ | هاوەڵکاری شوێنی ، تەواوکەری کار |
| ٤-ل نک مرۆڤێ نەخۆش نەروینە. | ل نک | هاوەڵکاری شوێنی ، تەواوکەری کار |
| ٥-شڤان ژ خوارێ چوو سەرێ. | ژخارێ ، سەرێ | هاوەڵکاری شوێنی ، تەواوکەری کار |

## ڕاهێنـــــــانی دووەم لاپەڕە ٨١

ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە چ جۆرێکن لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

| هاوەڵکـــــــــار | جۆری هاوەڵکـــــار | ڕستـــــــە |
|---|---|---|
| ل جەم | هاوەڵکـاری شوێنـی | ل جەم رووبارەکە دانیشتم |
| پار | هاوەڵکاری کـــاتی | پار چووین بۆ دووکان |
| باکور | هاوەڵکـــاری شوێنی | کوردستان دەکەوێتە باکوری عێراقەوە |
| بەربانگ | هاوەڵکاری کـــاتی | بەربانگ ڕۆژووەوانان ڕۆژوەکانیان دەشکێنن |
| نیڤ شەڤ | هاوەڵکاری کـــاتی | زارۆکەک نیڤ شەڤ ژخەو ڕابوو |
| ئێستا | هاوەڵکاری کـــاتی | ئێستا یاری دەکەم |

## ڕاهێنـــــــانی سێیەم لاپەڕە ٨١

نیوەی یەکەمـی ئەم دێرە هۆنراوەی گۆران شی بکەوە.

به باغچەی پاشادا ورد گەڕام خــــــوارو ژوور

زەرد هەبوو بۆ چنین ، چنگ نەکەوت گوڵی سور

بە باغچەی پاشادا // گرێـی هاوەڵکاری شوێنییە ، تەواوکەری کارە

ورد // هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە

گەڕا // کاری ڕابردووی تێنەپەڕە

م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمـی تاک ، بکەرە

خوار و ژوور // گرێـی هاوەڵکاری شوێنـی ، تەواوکەری کارە.



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

## تەواوکـــردنی کار بە هاوەڵـــکاری چۆنیەتـــی

هاوەڵکاری چۆنیەتی :ئەو هاوەڵکارەیە لە وشەیەک یان زیاتر ( دارژاو ، لێکدراو) پێکدێت و وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕستەکە دەکات ودەبێتە تەواوکەری کارەکە جا کارەکە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی ، تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ ، وەڵامی وشەی پرسی ( چۆن ، کوو ، چەوان ) دەداتەوە.،تەنها یەک ئەرکی هەیە لە ڕستەدا ئەویش تەواوکەری کارە.

بەشێک لە هاوەڵکارە چۆنیەتیەکان ئەمانەن : (( شێرانە ، مەردانە ، ئازایانە ، ژیرانە ، بەگریان ، بەڕاکردن ، شێتانە ، بەگەرمـی ، بقنجی ، بەدروستی ، مێرانە ، ب دینـی ، ب لەز ))

هاوەڵکاری چۆنیەتی لە ڕووی دروست بوونەوە سێ جۆرە

١- هاوەڵکاری چۆنیەتی سادە : لەیەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێک دێت وەکو ( خێرا ،توند ، پاک ، باش ، چاک ، گورج ، ئازا ...هتد)

٢- هاوەڵکاری چۆنیەتی دارژاو : لە وشەیەکی سادەو زیادەیەک پێکدێت زیادەکەش یان پێشگرە یان پاشگر یان هەردووکیان بەیەکەوە دەبن .

وەکو (بەپەلە ، بەسواری ، شێرانە ، بەباشی ، بەئازادی .. پیاوانە ، دلێرانە ، مەردانە ، بەچاکی ، بەخێرایی ... هتد)

٣- هاوەڵکاری چۆنیەتی لێکدراو : لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت. وەکو ( بە سەربەرزی ، بەدڵشکاوی ، پشتاو پشت ، دەماودەم ، بەدڵسۆزی )

تێبینی //هاوەڵکاری چۆنیەتی سادە بە تەنها دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە، بەڵام هاوەڵکاری چۆنیەتی دارژاو ، لێکدراو وەکو گرێیەکی هاوەڵکاری چۆنیەتی دەبنە تەواوکەری کاری ڕستەکە، وەکو

وانەکانم باش خوێندووە.      ( باش : هاوەڵکاری چۆنیەتی سادەیە ، تەواوکەری کارە)

گەلی کورد بەسەربەرزی دەژی.   ( بەسەربەرزی : گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە)

* هاوەڵکاری چۆنیەتی دەبێت وەسفی کاری ڕستەکە بکات ، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو وشانەی هاوەڵکارن و وەسفی ناو یان جیناویان کرد لە ڕستەدا ئەوا دەبنە ( هاوەڵناوی چۆنیەتی ) و هاوەڵکار نامێنن . بە، شێوەیەی خوارەوە.

* هاوەڵکاری چۆنیەتی هەمیشە وەسفی کاری ڕستەکە دەکات و دەبێتە ( تەواوکەری کارەکە)

منداڵەکە جوان هات .      لێرەدا ( جوان) هاوەڵکارە چونکە چۆنیەتی هاتنی منداڵەکەی بۆ ڕوون کردووینەوە)

* هاوەڵناوی چۆنیەتی وشەیەکە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات لە ڕستەدا دەبێتە ( دیارخەری ناو یان جێناو ، تەواوکەری کاری ناتەواو) واتە لەم دوو ئەرکە زیاتری نیە. وەکو

منداڵێکی جوان هات .      لێرەدا ( جوان ) هاوەڵناوی چۆنیەتییە و دیارخەری ناوی منداڵ چونکە وەسفی منداڵەکەی کردووە.



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٣٦٥٠٥١)

* هاوەڵناوی چۆنیەتی دوو ئەرکی هەیە بۆئەرکی أ-(دیارخەری ناو) بە دوو شێوەدێت لە ڕستەدا.

١- ناو یان جێناو + ی ( ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی .

وەکو : خوێندکارێکی زیرەکم بینی.

ناو (ی)ئامرازی خستنەسەر هاوەڵناوی چۆنیەتی و دیارخەری ناو

٢- ((ناو یان جێناو + ( ە) ئامرازی خستنەسەر + هاوەڵناوی چۆنیەتی + (ەکە) نیشانەی ناسراوی ))

وەکو : خوێندکارە زیرەکەکەم بینی . منداڵە جوانەکەم بینی

ناو (ە) ئا.خ هاوەڵناوی چۆنیەتی ،دیارخەری ناو ناو (ە) ئا.خ هاوەڵناوی چۆنیەتی ،دیارخەری ناو

ب// هاوەڵناوی چۆنەتی وەکو تەواوکەری کاری ناتەواو:

منداڵەکە جوانە ،، خوێندکارەکە زیرەکبوو . ( جوان ، زیرەک ) هاوەڵناوی چۆنیەتین و تەواوکەری کاری ناتەواون.

ئامادەکردنی : ئاراس جوهر

چەند نموونەیەک بۆ هاوەڵکاری چۆنیەتی

١- گوڵەکانم بەجوانی ئاودا. ٢- کوردستان بەدڵڕەقی وێران کرا . ٣- گەلی کورد شێرانە ڕاپەری.

٤- گۆڤارەکەم بەباشی خوێندەوە. ٥- پیاوەکە بەپەلە هات. ٦- ڕۆژنامەکەم بە پاڵکەوتنەوە خوێندەوە.

( هەموو هێڵ بەژێرداهاتووەکان ( هاوەڵکاری چۆنیەتین و ئەرکیان تەواوکەری کارە ) ).

@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@-@

## ڕاهێنـــانـــی یەکەم لاپەڕە ٨٥

| ڕستە | هاوەڵکاری چۆنیەتی | شیکردنەوی هاوەڵکاری چۆنیەتی |
|---|---|---|
| ١- کوردستان بە دڵڕەقـــی وێران کرابوو. | بەدڵڕەقی | تەواوکەری کاری ڕابردووی بکەرنادیاری دوورە |
| ٢- گەلـــی کورد شێرانە ڕاپەڕی | شێرانە | تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەرە |
| ٣- زەویەکەی بەجوانـــی داگیرکرد | بەجوانی | تەواوکەری کاری ڕابرووی تێپەرە |
| ٤-ئەم ب تەڤایی شولی خۆ دکەین | ب تەڤایی | تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ |
| ٥- مرۆڤێ لە زگینی ب لەز هاتن | ب لەز | تەواوکەری کاری ڕابردووی تینەپەڕ |

## ڕاهێنـــانی دووەم لاپەڕە ٨٥

ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە بەمەرجێک جارێک بینە هاوەڵناوی چۆنیەتی و جارێک بینە هاوەڵکاری چۆنیەتی

| وشە | هاوەڵناوی چۆنیەتی | هاوەڵکاری چۆنیەتی |
|---|---|---|
| خراپ | مرۆڤـی خراپ بێزێزە. | بەخراپـی مەمەڵە مەکە . |
| چاک | کاری چاک ئەنجامبدەن | یاریزانەکە چاک یاری دەکات |
| جوان | گوڵـی جوان بکرە | منداڵەکە جوان دەڕوات |
| باش | هاوڕێی باش هەڵبژێرە | کارەکانیان بەباشی ئەنجامدا |
| بەرز | چیای بەرز سەرکەوتنی گرانە. | کۆترەکە بەرز فڕی |

## ڕاهێنـــانی سێیەم لاپەڕە ٨٥



ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)
چاپخانەی دایک

| ١- مەلەوانەکە بەمەلە لەرووبارەکە دەربازبوو. | ٢- قراڤینێ ب گەرمی بخۆ |
|---|---|
| مەلەوانەکە // ناوە ، ناسراوە ، بکەرە<br>بەمەلە // هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕە<br>لەرووبارەکە // گرێی هاوەڵکاری شوێنیە و تەواوکەری کارە<br>دەربازبوو // کاری ڕابردووی تێنەپەڕی لێکدراوە | قراڤین // ناوە ، ناسراوە ، بەرکارە<br>ب گەرمی // هاوەڵکاری چۆنیەتی ، تەواوکەری کارە<br>بخۆ // کاری داخوازی تێپەڕە ،<br>ە // جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک و دەرنەکەوتووە چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتووە ( ۆ ) ، بکەرە |

| ٣- ڕاوکەرەکان بەسواری چوون بۆ ڕاو . |
|---|
| ڕاوکەرەکان // ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، بکەرە<br>بەسواری // هاوەڵکاری چۆنیەتییە ، تەواوکەری کارە<br>چوون // کاری ڕابردووی تێنەپەڕە<br>ن // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە<br>بۆ // ئامرازی پەیوەندی<br>ڕاو // ناوە ، تەواوکەری بەیاریدەیە |

## ڕاهێنانی چوارەم

| ڕستە | هاوەڵکار | جۆرەکەی |
|---|---|---|
| ١- | لەناو خوێندا | هاوەڵکاری شوێنی |
| | بێ وچان | هاوەڵکاری چۆنیەتی |
| | لەخەودا | هاوەڵکاری کاتی |
| | لەسەرهەڵگورد | هاوەڵکاری شوێنی |
| | لەسەرچیا | هاوەڵکاری شوێنی |
| | لەبەرپێم | هاوەڵکاری شوێنی |
| | لەبنیا | هاوەڵکاری شوێنی |
| | لەلا | هاوەڵکاری شوێنی |
| | بەرتیشکی خۆر | هاوەڵکاری شوێنی |
| | هەمیشە | هاوەڵکاری کاتی |
| | دائیم | هاوەڵکاری کاتی |
| | لەچوارچرای مهاباد | هاوەڵکاری شوێنی |
| | لەکانگای بیری خەبات | هاوەڵکاری شوێنی |
| | لەکاتی نیوەشەودا | هاوەڵکاری کاتی |
| | لەجەنگەی شیرین خەودا | هاوەڵکاری کاتی |

## تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری ڕێکخستن



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

**هاوەڵکـاری ڕێکخستن //**هاوەڵکارێکە شێوەی ڕێکخستنی ڕوودانـی کاری ڕستەکەمان بۆ دەست نیشان دەکات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە ، کارەکە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی ، تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ ،  واتە تەنها ئەرکی تەواوکەری کار دەبینێت .

**بەشێک لە هاوەڵکارە ڕێکخستنەکان ئەمانەن** :((دەستە دەستە ، پۆل پۆل ، جار جار ، تاقم تاقم ، جوان جوان ، کۆمەڵ کۆمەڵ ، سێ سێ، شەش شەش ، تاو تاو ، گاڤ گاڤ ، ورد ورد ، تنۆک تنۆک ..... هتــــد ))

**هاوەڵکاری ڕێکخستن تەنها یەک ئەرکی هەیە ئەویش تەواوکەری کارە ، وەکو**

| | |
|---|---|
| مەلەکان پۆل پۆل دەفـــڕن | (( پۆل پۆل : هاوەڵکاری ڕێکخستنە، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕە)) |
| هیواش هیواش نانەکەت بخۆ | (( هیواش هێواش : هاوەڵکاری ڕێکخستنە، تەواوکەری کاری داخوازی تێپەڕە)) |
| باران نم نم دەبـــارێـــت | (( نـــم نم : هاوەڵکاری ڕێکخستنە، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێپەڕە)) |
| ناوە ناوە سەردانـی هاوڕێکانم دەکەم | (( نـاوە نـاوە : هاوەڵکاری ڕێکخستنە، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێپەڕە)) |
| دوو دوو بــــڕۆن | (( دوو دوو : هاوەڵکاری ڕێکخستنە، تەواوکەری کاری داخوازی تێنەپەڕ )) |

**تێبینی //** هاوەڵکاری ڕێکخستن هاوەڵکارێکە هەمیشە لە دوو وشە پێک دێت واتە لێکدراوە ، وە هەر دوو وشەکەش وەکـو یەکن لە پێکهاتندا.  هەر وەکـو لەم دوو ڕستەیەدا ڕوونمان کردۆتەوە .

دەسەڵاتەکەیان پشتـاو پشت بۆ ماوەتەوە .

لەم ڕستەیەدا ( پشتاو پشت) هاوەڵکاری چۆنیەتیە
چونکە لە دوو وشەی جیاواز لەیەک دروست بووە
بەم شێوەیە  ( پشت + او + پشت ) واتە
لە دوو وشە و ناوبەندێک پێک هاتووە کەئەمش ناگونجێ
بۆ هاوەڵکاری ڕێکخستن

باران نم نم دەبارێت

لەم ڕستەیەدا ( نم نم ) هاوەڵکاری ڕێکخستنە چونکە
هاوەڵکارەکە لە دوو وشەی وەکو یەک دروست بووە کە ئەمەش
هاوەڵکاری ڕێکخستن لە هاوەڵکاری چۆنیەتی جیادەکاتەوە
نــــم + نــم

ئامادەکــردنــی : ئــاراس جوهــر + ئــارام جــوهــر   ٠٧٥٠٣٤٢٩٩٥٥   یان   ٠٧٥٠١٠٩٩٥٩٨

**ڕاهێنـــانی یەکەم لاپەڕە ٩٠**



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

ئەم هاوەڵکارە ڕێکخستنانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکار بهێنە .

| هاوەڵکاری ڕێکخستن | ڕستە |
|---|---|
| ١- ناوە ناوە | ناوە ناوە سەردانــی هاوڕێکــانم دەکەم |
| ٢- تاو تاو | باران تاو تاو دەبارێت |
| ٣- گاڤ گاڤ | گاڤ گاڤ تە دبینم |
| ٤- ورد ورد | ورد ورد بەدوای زانیاریدا دەگەڕێم |
| ٥- هێدی هێدی | هیدی هێدی بەڕێگادا بڕۆ |
| ٦- خێرا خێرا | خێرا خێرا قسە مەکە |
| ٧- تاقم تاقم | دزەکان تاقم تاقم گیران |
| ٨- بر بر | کەوەکان بڕ بڕ فڕین |
| ٩ق- تنۆک تنۆک | ئاوەکە تنۆک تنۆک دەهاتە خوارەوە |

## ڕاهێنانـــی دووەم لاپەڕە ٩٠

لەم دێڕە هۆنراوەدا ( چاوی من دەم دەم دەڕێژێت ئاوی ساف و خوێنـــی گەش

تا بڵێی دەریای عومانە دوڕ و مەرجانـی هەیـــــە) ( نالـــی)

١- وشەی (دەم دەم ) چییە و ئەرکـی چیە ؟

وەڵام // دەم دەم // هاوەڵکاری ڕێکخستنە ، تەواوکەری کارە

٢- وشەی ( چاو ) چیە ؟

وەڵام // چاو : ناوە ، بکەرە

٣- وشەی ( ساف ، گەش ) چییە ؟

وەڵام // ساف ،گەش // هاوەڵناوی چۆنیەتی و دیارخەری ناوە

٤- وشەی ( ئاو ، خوێن ) ئەرکیان چییە ؟

وەڵام // ئاو ، خوێن // دیارخراون ، بەرکار

٥- وشەی (دوڕ و مەرجان) چییە ؟

وەڵام // گرێی ناوی ، بەرکارە

٦- وشەی ( هەیە) چییە؟

وەڵام // هــەیە // کاری ڕابردووی تێپەڕە ، چونکە بەمانای خاوەنداری هاتووە، وە هەرکاتێک بەمانای خاوەندارێتی یان لەدایک بوون هات ئەوا دەبێتە کاری تەواوی تێپەڕ. وەکو ( ژنەکە منداڵـی هەیە) ، ( خۆر ڕووناکی هەیە ) ، ( من پارەم هەیە) هتد...

## ڕاهێنـــانی سێیەم لاپەڕە٩١

| | |
|---|---|
| ١- دوهێ قوتابیان کۆمەڵ کۆمەڵ بلەز دهاتنە خاندنگەهێ. | ٢- یاریزانەکان دوو دوو بەمەشق دەڕۆن |



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

| | |
|---|---|
| دوهێ // هاوەڵکاری کاتی ، تەواوکەری کارە<br>قوتابیان // ناوە ، کۆیە ، ناسراوە<br>کۆمەڵ کۆمەڵ // هاوەڵکاری ڕێکخستنە ، تەواوکەری کارە<br>بلەز // هاوەڵکاری چۆنیەتی و تەواوکەری کارە<br>دهاتن // کاری ڕابردووی بەردەمی تێنەپەرە<br>ن // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە<br>ە // ئامرازی پەیوەندی<br>خوێندنگە // تەواوکەری بەیاریدە | یاریزانەکان // ناوە ، کۆیە ، بکەرە<br>دوو دوو // هاوەڵکاری ڕێکخستنە ، تەواوکەری کارە<br>بەمەشق // هاوەڵکاری چۆنیەتی و تەواوکەری کارە<br>دەڕۆن // کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ<br>ن // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە |

ڕێزمانی کوردی پۆلی دەیەمی ئامادەیی   ١٠
ڕێزمانی کوردی پۆلی یانزەهەمی ئامادەیی   ١١   ئامادەکردنی : ئاراس جوهر محمد + ئارام جوهر
ڕێزمانی کوردی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی   ١٢

## تەواوکردنی کار بە هاوەڵکاری چەندێتی



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

**هاوەڵکاری چەندێتــی :** ئەو هاوەڵکارەیە کە چەندێتی ڕوودانی کاری ڕستەکە نیشان دەدات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە ، کارەکە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو یان داخوازی ، تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ .

بەشێک لە هاوەڵکارە چەندێتییەکان ئەمانەن :(( زۆر ، کەم ، گەلێک ، تۆزێ ، هەندێک ، نەختێ ، پوڕ ، پیچێک ، کۆڵێ ، فرە))

**هاوەڵکاری چۆنیەتی تەنها یەک ئەرکــی هەیە ئەویش تەواوکەری کارە.**

| | |
|---|---|
| نانەکەم کەمێک خوارد | ( کەمێک : هاوەڵکاری چەنێتی ، تەواوکەری کاری ڕابردووی تــێپەڕ) |
| منداڵەکە زۆر گــــریا | (زۆر : هاوەڵکاری چەنێتی ، تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنە پـــەڕ ) |
| پۆشەکە هەندێک سوتا | ( هەندێک : هاوەڵکاری چەنێتی ، تەواوکەری کاری ڕابردووی تێنە پەڕ) |
| پیاوەکە زۆر قسەدەکات | ( زۆر : هاوەڵکاری چەنێتی ، تەواوکەری کاری ڕانەبــــردووی تێپەڕ ) |
| لەبەردەرکا کەم دادەنیشێت | ( کەم : هاوەڵکاری چەنێتی ، تەواوکەری کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕ ) |
| یاری زۆر بکەن | ( زۆر : هاوەڵکاری چەنێتی ، تەواوکەری کاری داخــــــوازی تێپەڕ) |

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*

**تێبینــی //** ئەگەر هاتوو ئەو وشانەی دەبن بە هاوەڵکاری چەندێتی کەوتنە پێش ناوەوە ئەوا دەبن بە هاوەڵناوی نادیار و ئەرکی دیارخەری دەبینن ، وشەکانیش بەزۆری ئەمانەن ( زۆر ، گەلێک ، کەمێک ، هەندێک ) وەکـــو.

هەندێـک نانـم خوارد      هەندێک : هاوەڵناوی نادیارە و دیارخەری ناوی نانە .

بەڵام کە بڵێی      ( نانەکەم هەندێک خوارد )    ( هەندێک : هاوەڵکاری چەنێتی ، تەواوکەری کارە)

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*

**سودی هاوەڵکارەکان بەگشتی لە ڕستەدا چییە ؟**

**وەڵام //** هاوەڵکارەکان لە ڕستەدا تەنها زانیاری زیاتر دەدەن ، واتە ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ڕستەکە دەکەن و جێگەی پرسیار بۆ کەسی بەرامبەر ناهێڵنەوە ، وە دەتوانرێ لابرێن لە ڕستەدا بێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێک بچێ . وەکو

من بەڕاکردن هاتــم      بەڕاکردن : هاوەڵکاری چۆنیەتی، تەواوکەری کارە ، لێرەدا کەسی گوێگر ناتوانــێ پرسیار لە قسەکەر بکات بڵێ بەچی هاتووی ، چونکە هاوەڵکارەکە شوێنی پرسیارکردنی نەهێشتۆتەوە ، وە دەتوانــی لای بەرێت و بڵێی ( من هاتم ) ئەو کاتە شوێنی دەیان پرسیار هەیە لەسەر ئەم ڕستەیە وەکو بەسەیارە هاتــی ، بە پاسکیل هاتی ، بەهێواشی هاتی ، بەخەمباری هاتی .... هتد

کەواتە سودی هاوەڵکار ئەوەیە شوێنی پرسیار ناهێڵێت لە ڕستەدا.

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*

**ڕاهێنانــی یەکەم   لاپەڕە ٩٤**



چاپخانەی دایک | ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

ئەم هاوەڵکارە چەندێتیانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە بەمەرجێک سێیان ببن بە تەواوکەری کاری تێپەڕ و سێیان ببن بە تەواوکەری کاری تێنەپەڕ ( کۆڵێ ، فرە ، هەندێک ، پیچێک ، گەلێک ، کەم )

| | |
|---|---|
| دارەکانم کۆڵێ بڕی | هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کاری تێپەڕ |
| ئاوەکەم فرە خواردەوە | هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کاری تێپەڕ |
| میوەکەم هەندێک خوارد | هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کاری تێپەڕ |
| منداڵەکە پیچەک خەوت | هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کاری تێنەپەڕ |
| منداڵەکە گەلێک گریا | هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کاری تێنەپەڕ |
| نەخۆشەکە کەم خەوتووە | هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کاری تێنەپەڕ |

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@

## ڕاهێنــــانی سێیەم لاپەڕە ٩٤

لە ڕستەی ( بەڵێن هۆنراوەی گــەلێک لەبەرکــردووە )

١- ( ی ) لەدوای وشەی هۆنراوە چییە و ئەرکــی چییە ؟ (ی) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەم تاک ، بۆبکەردەگەڕێتەوە

٢- بکەری ڕستەکە دیاری بکە . بەڵێن : ناوە ، بکەرە

٣- وشەی ( گەلێک ) چ جۆرە هاوەڵکارێکە ؟ ئەرکی چییە ؟ گەلێک : هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کاری تێپەرە

٤- کام وشە بەرکاری ڕستەکەیە ؟ هۆنراوە : بەرکارە

٥-کاری لەبەر کردووە بەچەند جۆر هاوەڵکاری تر تەواو دەکرێ

بەڵێن دوێنێ بەجوانی ورد ورد لەژێردارەکەدا هۆنراوەکانی زۆر لەبەرکردووە.

## ڕاهێنــــانی سێیەم لاپەڕە ٩٥

ئەم دێرە هۆنراوەیە شی بکەوە (( گەلێکم ڕۆژگــاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ئــاخۆ

مــەرگ مەودا دەدات دیسان ببینم سەردەمێکی تــر ))

| | |
|---|---|
| گەلێک // هاوەڵکاری چەندێتی ، تەواوکەری کارە | مەرگ // ناوی واتایی ، بکەرە |
| م // جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک ، بکەرە | مەودا // ناوە ، بەرکارە |
| ڕۆژگار // ناوە ،دیارخراوە، بەرکارە | دەدات // کاری ڕانەبردووی تێپەرە |
| ی // ئامرازی خستنەسەرە | ات // جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە |
| تاڵ و شیرین // گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتی و دیارخەری ناوە | دیسان // هاوەڵکاری دووبارەبوونەوەیە ، تەواوکەری کارە |
| ڕۆژناوی تاڵ و شیرین // گرێی ناوی ، بەرکار | ببینم // کاری ڕانەبردووی دانانــی تێپەڕ |
| ڕابوارد // کاری ڕابردووی تێپەرە | سەدەمێکی تر // گرێی ناوی ، بەرکارە |
| ئاخۆ // وشەی پرس و سەرسوڕمانە هەردووکیانە | |

(( چەندین جۆر هاوەڵکار هەیە لە کتێبەکەدا نیە وەکو ئەمە وایە ( ڕۆژانە سەردانــی هاوڕێکانم دەکەم ( ڕۆژانە ) هاوەڵکاری دووبارەبوونەوەیە: بەگشتی ٢٣ جۆر هاوەڵکار هەیە کە لە زانکۆکان دەخوێنرێت))

## ڕاهێنــــانی چوارەم لاپەڕە ٩٥



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

ئەم هاوەڵکارانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە و جۆرەکانیان دەست نیشان بکە

| هاوەڵکــــار | جۆری هاوەڵکار | ڕستە |
|---|---|---|
| هەمیشە | هاوەڵکاری کــاتی | کورد هەمیشە ئاشتی دەوێت |
| گەلێ | هاوەڵکاری چەندێتی | باخچەکەم گەلێک ئاودا |
| بەخێرایــی | هاوەڵکاری چۆنیەتی | یاریزانەکان بەخێرای ڕادەکەن |
| پێرار | هاوەڵکاری کاتی | پێرار چووم بۆ دووکان |
| تاو تاو | هاوەڵکاری ڕیکخستن | تاو تاو باران دەبارێت |
| تیپ تیپ | هاوەڵکاری ڕیکخستن | یاریزانەکان تیپ تیپ هاتن |
| لەناوەڕاست | هاوەڵکاری شوێنــی | منداڵەکە لە ناوەڕاست سواربوو |

*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*

## ئەرکــــــی هاوەڵکار لە ڕستەدا

**هاوەڵکارەکان بەگشتی ئەم ئەرکانە دەبینن**

١- هەموو هاوەڵکارەکان ئەرکی سەرەکیان ئەمەیە ( تەواوکەری کار)

٢- هاوەڵکاری کاتی دەتوانێت ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواویش ببینێت

٣- هاوەڵکار دەبێتە دیارخەری هاوەڵکارێکی تر هەردووکیان بەیەکەوە دەبنە تەواوکەری کاری ڕستەکە.

بەم شێوەیە

یــــاریزانەکە زۆر جوان یاری دەکات

زۆر :ڕادەی هاوەڵکارە ، دیارخەری هاوەڵکاری (جوانە)

جوان :هاوەڵکاری چۆنیەتی دیارخراوە

زۆر جوان // گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتی ، تەواوکەری کارە

*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*

**هاوەڵکارەکان لە ڕستەدا شوێنێکی دیاری کراویان نیە ، بەئارەزووی قسەکەر شوێنیان دەگۆڕێ**

لەسەرەتاوە ( ئەمــــڕۆ چووم بۆ بازاڕ)

لەناوەڕاست ( منداڵەکە بەخێرایی ڕایکرد)

کۆتایی ( بۆ دهۆک چووم ئەمرۆ ))

راهێنانـــی یەکەم ٩٧



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

| داواکاری | ڕستە |
|---|---|
| ١- ڕستەیەک هاوەڵکارەکەی دیارخەری هاوەڵکارێکی تر بێت | منداڵەکە زۆر بەخێرایی هات |
| ٢- ڕستەیەک هاوەڵکارەکەی لە پەیڤێک و پیشگرێک پێکهاتبێت | گوڵەکانم بەجوانی ئاودا |
| ٣- ڕستەیەک هاوەڵکاری شوێنی تێدابێت | مەلەوانەکە لەڕووبارەکە پەڕیەوە |
| ٤- ڕستەیەک هاوەڵکاری چۆنیەتی تێدابێت | منداڵەکە بەڕاکردن هات |
| ٥- ڕستەیەک هاوەڵکاری ڕێکخستنی تێدابێت | باران نم نم دەبارێت |

## ڕاهێنانی دووەم لاپەڕە ٩٨

لە ڕستەی ( پێشمەرگەکان پۆل پۆل و زۆر بەخێرایی لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە))

١- پۆل پۆل چییە ؟ ئەرکی چییە ؟ پۆل پۆل : هاوەڵکاری ڕێکخستنە ، تەواوکەری کارە

٢- بکەری ڕستەکە شی بکەوە . پێشمەرگە ، ناوە ، بکەرە

٣- زۆر بەخێرایی چۆن شی دەکرێتەوە؟ زۆر بەخێرایی // گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتی تەواوکەری کارە

٤- کاری ڕستەکە دیاری بکە و بزانە چ جۆرەکارێکە و چۆن دروست بووە ؟

دەپەڕینەوە // کارێکی ڕابردووی بەردەوامی دارژاوی تێنەپەڕە ( پێشگری (دە) + قەدی چاوگ + جێناوی لکاو + پاشگر(ەوە)

٥- ئایا دەکرێ هەردوو بێژەی ( پۆل پۆل ) و زۆر بەخێرایی) لابەرین ؟ بۆچی

بەڵێ دەکرێ ، چونکە ئەوانە تەنها بۆ ڕوونکردنەوە بەکار هاتوون و مانای ڕستەکە تێک ناچێ .

@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@*@

## ڕاهێنانی سێیەم

ئەم هاوەڵکارانە لە ڕستەدا بەکار بهێنە .

| هاوەڵکار | ڕستە |
|---|---|
| زۆر باش | یاریزانەکە زۆر باش یاریدەکات |
| گەلێک جوان | ماڵەکەم گەلێک جوان پاککردەوە |
| تۆزێک بەخێرایی | تۆزێک بەخێرایی هاتم |
| هەندێک بەهێواشی | هەندێک بەهێواشی یاریدەکەم |

**هیچ خودایەک جگە لە خوڵقێنەری ئاسمان و زەوی لەم جیهانەدا نییە**

کۆتایی وەرزی دووەم

پرسیارەکانی ئەدەبی کوردی وەرزی دووەم



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

# هەڵبژاردەکانی ڕێزمان

١ - لە ڕستەی ( منداڵەکەم دیت ، کە جۆلانەی دەکرد)   پاڕستەکە پاڕستەیەکی ( ناوی ، هاوەڵکاری ، هاوەڵناوی ، هیچکامیان)یە.

٢- لە ڕستەی ( زانراوە ، کە پەتی زۆرداری لە ئەستوریدا دەپچڕێت) پاڕستە ناویەکە ئەرکی ( بکەر ، جێگری بکەر ، نیهاد ، بەرکار) ی بینیوە.

٣- پاڕستەی ناوی ئەرکی ( نیهاد ) دەبینێت ئەگەر کاری شاڕستەکە کارێکی ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ ، داخوازی ، ناتەواو ) بێت .

٤- لە ڕستەی ( خۆشحاڵ دەبم ، کە نمرەی باش بەدەست دەهێنن )   پاڕستەکە ( ناوی ، هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری ) یە .

٥- پاڕستەی ( کە پێشمەرگە پارێزەری کوردستانە ) ئەگەر ئەرکی ( بەرکار ) ببینێت کام لەم شاڕستانەی بۆ دەبێت .
( زانراوە ، زانیومە ، ئاشکرایە ، دەرکەوت ) .

٦- ئەو پاڕستەیەی کە وەسفی ناو دەکات لە ناو شاڕستەدا پاڕستەی ( هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری ، ناوی ) یە .

٧- لە ڕستەی ( کەبەهار هات ، گژوگیا سەوزدەبێت )   پاڕستەکە پاڕستەیەکی ( ناوی ، هاوەڵکاری ، هاوەڵناوی ، هیچکامیان ) ە.

٨- لە ڕستەی ( دەرکەوت کە بەناڕەوا کچەکەیان کوشتووە) پاڕستە ناویەکە ئەرکی ( بەرکار ، جیگری بکەر ، نیهاد ، .بکەر ) ە .

٩- لە ڕستەی ( دیارە ، کە هێز لە یەکگرتندایە )   پاڕستە ناویەکە ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، دیارخەر ، نیهاد) ە .

١٠- لە ڕستەی ( ئەو خوێندکارەی کە بەیەکەم دەرچوو ، برامە )   پاڕستەکە پاڕستەیەکی ( هاوەڵکاری ، ناوی ، هاوەڵناوی) ە.

١١- پاڕستەی ناوی تەنها دەتوانێت ( سێ ئەرک ، چوار ئەرک ، پێنج ئەرک ، دوو ئەرک ) ببینێت .

١٢- ( ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە ، کە ڕۆمان نووسێکی کورد نووسیبووی ) پاڕستەکە ( ناوی . هاوەڵکاری ، هاوەڵناوی) یە .

١٣- ( گوتراوە ، کە پەتی درۆ کورتە ) پاڕستە ناویەکە ئەرکی ( بکەر ، نیها ، بەرکار ، جێگری بکەر) ە.

١٤- ئەو پاڕستەیەی کە وەسفی کارێک دەکات لە شاڕستەیە پاڕستەی ( ناوی ، هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری ) یە.

١٥- ( خوێندکارەکان هەموو هەوڵێکیان دا کە لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتووبن ) پاڕستەکە پاڕستەیەکی ( هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری ، ناوی ) یە.

١٦- ئاشکرایە ، کە مەم و زین شاکارێکی خانییە.  پاڕستە ناویەکە ئەرکی ( جێگری بکەر ، نیهاد ، بکەر ، بەرکار)ە

١٧- لە ڕستەی ( بۆ سەیری پێشانگاکە بانگم دەکات ) ( م ) ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، دیارخەر).

١٨- لە ڕستەی ( پەرتووکەکەم لێ ون بوو ) ( م ) بووە بە ( دیارخەری ناو ، بەرکار ، بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە )

١٩- ( خوێندکارەکان دەچنە سەیران ) ( ە ) ی دوای ( دەچن ) بووە بە ( ئا.پەیوەندی ، ئا.لێکدەر ، جێناوی لکاو ، ئا.خستنەسەر) .



چاپخانەی دایك | ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٢٠- تەواوکەری بەیاریدە دەتوانێت لەگەڵ کاری ( تێپەڕ ، تێنەپەڕ ، تێپەڕ و تێنەپەڕ ، تێپەڕ و تێنەپەڕ و کاری ناتەواو ) دا بێت .

٢١- ئەو پەیڤەی کە ئامرازی پەیوەندی لە پێشەوە دێت پێی دەڵێن ( تەواوکەری کاری ناتەواو ، جێگری بکەر ، دیارخەر ، تەواوکەری بەیاریدە) .

٢٢- لە ڕستەی ( یەکێک لە پەرتووکەکانم خوێندەوە ) (پەرتووک ) ئەرکی ( دیارخەری ناوە ، بەرکارە ، نیهادە ، تەواوکەری بەیاریدە) یە.

٢٣- ( دیاریەکەم بۆ هەموو خوێندکارەکانی خۆم برد) (تەواوکەری بەیاریدە) لەم ڕستەیەدا ( خۆم ، هەموو ، هەموو خوێندکارەکانی خۆم، دیاری )ە

٢٤- ( گوڵەکان ئاودەدەم ، بەڵکو بگەشێنەوە ) پاڕستەکە پاڕستەیەکی ( ناوی ، هاوەڵکاری ، هاوەڵناوی ) ە.

٢٥- لە ڕستەی ( دەبێت سەرۆک لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت ) ( پەرلەمان ) ئەرکی ( بکەر ، نیهاد ، جێگری بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە ) ە.

٢٦- لە ڕستەی ( نانەکەم لێ خواردن ) ( نان ) ئەرکی ( بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە ، نیهاد ، بەرکار ) ە .

٢٧- بەرکار تەنها لەگەڵ کاری ( تێنەپەڕ ، کاری ناتەواو ، کاری تێپەڕ ، کاری ناتەواو و کاری تێپەڕ ) دێت .

٢٨- بەلابردنی لە ڕستەدا واتای ڕستەکە تێک ناچێت ( کار ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ) .

٢٩- بەرکار لەگەڵ کاری ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، داخوازی ، ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی ) دا دێت .

٣٠- کاتێک تەواوکەری بەیاریدە لە ( جێناوی سەربەخۆ) وە دەکرێت بە ( جێناوی لکاو) ئامرازی پەیوەندی (لە) دەگۆڕێت بۆ ( پێ ، لێ ، بێ)

٣١- لە ڕستەی ( ئەو پەرتووکەم کڕێ ، کە بەسود بوو ) پاڕستەکە پاڕستەیەکی ( هاوەڵناوی ، ناوی ، هاوەڵکاری ) یە.

٣٢-لە ڕستەی( پەرتووکەکەت بۆ هێنام ) ( م ) ئەرکی (بەرکار ، دیارخەر ، تەواوکەری بەیاریدە)یە.

٣٣-لەکرمانجی ژووروودا کام لەم جێناوە هەبییانە ڕەگەزێکی دیاریکراو نیشان نادات ( یا ، یێ ، یێن ، هی )

٣٤-لە ڕستەی ( خۆی فڕێنراوە) ( خۆی ) ئەرکی ( نیهاد ، جێگری بکەر ، بکەر ، دیارخەری ناو )ە.

٣٥-لە ڕستەی ( لانە چووە ڕانیە) ( ە ) کۆتایی (چووە) ئامرازی ( بانگکردن ، ئامرازی دانەپاڵ ، پەیوەندی ، کاری ناتەواو)ە.

٣٦-لە ڕستەی (زانرا ،کە بەناڕەوا کچەکەیان کوشتووە) ئەرکی پاڕستە ناویەکە (بکەر ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، جێگری بکەر)ە.

٣٧-لە ڕستەی ( یاریەکەمان سەیرکرد ) (یاری) ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، دیارخەرە) .

٣٨- لە ڕستەی ( خانووەکەی خۆتم پێ بفرۆشە ) جێناوی لکاوی ( م ) ئەرکی [ دیارخەری ناو ، تەواوکەری بەیاریدە ، بکەر ، بەرکار ] ە.

٣٩- لە ڕستەی ( دووژمنی خۆم بە شەکراو دەخنکێنم ) جێناوی ( خۆم ) ئەرکی [ بەرکار ، بکەر ، دیارخەری ناو ، نیهاد ] ە.

٤٠- ( تۆ ژ خۆ ڤە هیچ کاران نەکەی ) ( خۆ ) ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، نیهاد ، تەواوکەری بەیاریدە ) یە.

٤١- ( هەمیشە بەرەو سەرکەوتن هەوڵبدەن ) تەواوکەری بەیاریدە بریتییەکە ( بەرەو ، هەمیشە ، سەرکەوتن ، جێناوی لکاوی (ن) ) ..



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٣) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٤٢- یەکێک لەم ئەرکانە تەنها ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ڕستەکە ئەدەن ( نیهاد ، بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە ، بەرکار ) .

٤٣-ئەگەر جێناوی خۆیی یەکێک لە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرتبوو ئەوا لەگەڵ کاری

( تێپەڕ ، تێنەپەڕ ، تێپەڕ و تێنەپەڕ ، ناتەواو ) دا بەکاردێت.

٤٤-جێناوی خۆیی لە کرمانجی ژووروودا پێشگری (ب ) وەرناگرێت ، ئەگەر هاتوو ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، تەواوکەری کار ، جێگری بکەری ) بینی .

٤٥- لە ڕستەی ( بۆ ئاهەنگەکە بانگی کردین ) (بەرکار)ی ئەم ڕستەیە بریتییە لە(ئاهەنگ ، جێناوی لکاوی ( ی ) ، جێناوی لکاوی ( ین ) ، بانگ ) .

٤٦- جێناوی خۆیی لە کرمانجی ژووروودا پێشگری (ب ) وەردەگرێت ، ئەگەر هاتوو ئەرکی

( دیارخەری ناو ، بەرکار ، تەواوکەری کار ، جێگری بکەر ) بینی .

٤٧- ( ئەو خۆی هات ) ( خۆی ) ئەرکی ( نیهاد ، بکەر ، بەرکار ، دیارخەر )ە .

٤٨- پەرتووکەکانی خۆمم خوێندەوە ( خۆم ) ئەرکی ( دیارخەری ناو ، تەواوکەری کار ، نیهاد ، بەرکار ) ە ،

٤٩ – ( خۆی کێشەکەی خۆی بۆ خۆی چارەسەرکرد ) ( خۆی ) هێڵ لە ژێردراو ئەرکی ( بەرکار ، نیهاد ، بکەر ، دیارخەری ناو ) بینیوە .

٥٠- ئەگەر جێناوی خۆی دوو جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەمی وەرگرتبوو ئەوا لەگەڵ کاری

( تێپەڕ ، تێنەپەڕ ، تێپەڕ و تێپەڕ ، ناتەواو ) دا بەکاردێت.

٥١- بە یاسای ( جێناوی خۆی + قەدی چاوگ ) یەکێک لەمانە دروست بووە . ( خۆ خۆر ، خۆ کوژ ، خۆ ویست ، خۆ خنکێنەر) دروست بووە.

٥٢- ( خانیێن مە و یێن تە جوانن ) ( یێن ) جێناوی هەییە بۆ ( ڕەگەزی نێر ، ڕەگەزی مێ ، کۆی نێر و مێ ، تەنها کۆی مێ ) .

٥٣- (ڕاپەڕین خۆشحالی بە گەلی کورد بەخشی ) ( ڕاپەڕین ) ئەرکی ( بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە ، دیارخەری ناو ، بکەر ) ە .

٥٤- ( ئەو خۆی کارەکەی ئەنجامدا ) ( خۆی ) ئەرکی ( بەرکار ، نیهاد ، بکەر ، دیارخەر ) ە .

٥٥- ( ئەڤ کتێبە یا منە ) ( یا ) بووە بە ( جێناوی هەیی ، ئامرازی دانەپاڵ ، جێناوی لکاو ، ئامرازی بانگکردن ) .

٥٦- جێناوی هەیی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەرکی ( بکەر ، بەرکار ، نیهاد ، دیارخەری ناو ) ببینێت .

٥٧- جێناوی خۆی لە ( سێ بار ، چوار بار ، دوو بار ، یەک بار ) دا بەکاردێت .

٥٨- جێناوی خۆی بۆ تەوکید کردنی ( ناو و کار ، جێناو و هاوەڵناو ، ناو و جێناو ، هاوەڵناو و ناو ) بەکاردێت .

٥٩- لە ڕستەی( گوێزەکانم شکاند ، بەڵام نەم خواردن ) ( ن ) کۆتایی ( نوونی چاوگە ، بکەر ، بەرکار ، تەواوکەری بەیاریدە) ە.

٦٠- یەکێک لەم وشانە ناتوانێت بە تەنها ببێتە تەواوکەری کاری ناتەواو ( جێناوی خۆی ، جێناوی هەیی ، جێناوی سەربەخۆ ، ج.نیشانە ) .



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤)

٦١- ئەگەر لە ( گۆڕین ) هاوەڵناوی بکەری دارِژاو دروست بکەین دەبێتە ( نەگۆڕاو ، نەگۆڕ ، گۆڕاو ، گۆڕراو ) ە.

٦٢- ( دادگەر ) پێکهاتووە لە ( ناوی بەرجەستە +پاشگر ، هاوەڵناو +پاشگر ، ڕەگی کار + پاشگر ، ناوی واتایی + پاشگر ) .

٦٣- لە ڕستەی ( خواپەرستان لە پەرستگاکانن ) ( خواپەرست) بووە بە

( ناوی بکەری لێکدراو ، هاوەڵناوی بکەری لێکدراو ، ناوی بکەری دارِژاو ، هاوەڵناوی بکەری دارِژاو ) .

٦٤- کام لەمانە هاوەڵناوی بکەری دارِژاو نییە ( ژەنیار ، هونەروەر ، تەقیو ، دانەر ) .

٦٥- لە ڕستەی( ئاڤا کانیا ل ئاڤا رووبارێ پاقژترە ) ئەگەر ناوی ( ئاڤ ) بکەینە جێناوی هەیی ئەوا دەبێت ( یا ، یی ، یێن ، هی ) بەکاربێنین.

٦٦- ( میوەی گەیشتوو لێ دەکاتەوە ) ( گەیشتوو ) بەپیاسای ( ڕەگ + پاشگر ، ناو+ پاشگر ، ڕەگی کار + پاشگر ، قەدی چاوگ + پاشگر ).

٦٧- ئەو پاشگرەیە ئەو هاوەڵناوە بکەر دارِژاوانەی دروستیان دەکات جۆرە زیادە ڕۆییەک لە کارو سیفەتیاندا ڕوودەدات ( ا ، گەر ، ندە ، ڤان ).

٦٨- ڕۆژنامەنووسەکەیان خەڵاتکرد ) ( ڕۆژنامەنووس ) ئەرکی ( بکەر ، نیهاد ، جێگری بکەر ، بەرکار ) ە .

٦٩- پەیڤی ( خۆڕاگر ) بە یاسای ( ڕەگی کار + پاشگر ، پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر ، جێناوی خۆی + ڕەگی کار ، ج.خۆی + قەد ).

٧٠- وشەی ( ستەمکار ) لە ڕووی سیفەتەوە ( زیادەڕۆی هەیە ، ناجێگیرە ، جێگیرە ، هەرهەموویانە ) .

٧١- لە ڕستەی ( هۆنراوەمان بۆ شی دەکاتەوە ) کاری ڕستەکە کارێکی ( ڕابردووە ، ڕانەبردووی تێپەڕە ، ڕانەبردووی تینەپەڕە ، داخوازییە ) .

٧٢- (قوتابی کەوتوو زیان لە خۆی و میلەتەکەی دەدات ) ( کەوتوو ) لە ( قەد + ڕەگی کار ، پێشگر + ڕەگی کار ، قەد + پاشگر ) پێکهاتووە.

٧٣- ( خێرخوازێک خانوەکەی بۆ دروست کردین ) ( خێرخواز) بووە بە

( ناوی بکەری لێکدراو ، ناوی بکەری دارِژاو ، هاوەڵناوی بکەری لێکدراو ، هاوەڵناوی بکەری دارِژاو ) .

٧٤- ( پیاوە خوێن بەخشەکەم بینی ) ( خوێن بەخش ) بووە بە

( ناوی بکەری لێکدراو ، ناوی بکەری دارِژاو ، هاوەڵناوی بکەری لێکدراو ، هاوەڵناوی بکەری دارِژاو ) .

٧٥- ( فرۆشیار ، مسگەر ، هۆشیار ، نانەوا ) یەکێک لەمانە بەپیاسای ( ناوی واتایی + پاشگر ) دروست بووە.

٧٦- پاشگری ( ا ) لەگەڵ ڕەگی کاردا بەکاردێت و مانای ( ناخۆش ، پیشەیی ، موبالەغە و زێدەڕۆی ، بەردەوام و جێگیر ) دەگەیەنێت.

٧٧- ( ڕێکخراوێکی منداڵ پارێزی هاتە گوندەکەمان ) ( منداڵ پارێز) لە( ناو + قەدی چاوگ ، ناو + ڕەگی کار ، هاوەلناو + ڕەگی کار ).

٧٨- ( وێنەکێشەکە وێنەیەکی جوانی کێشا ) ئەرکی ( نیهاد ، بکەر ، بەرکار ، جێگری بکەر) ە.

٧٩- ( ژەنیار ) بەپیاسای ( ناو + ڕەگی کار ، ڕەگی کار + ناو ، ڕەگی کار + پاشگر ، قەدی چاوگ + پاشگر ) دروست بووە.



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٨٠- مرۆڤی خوێنمژ بە سزای خۆی دەگات ) ( خوێن مژ) بووە بە ( بکەر ، دیارخەری ناو ، نیهاد ، تەواوکەری کار ).

٨١- یەکێک لەم هاوەڵناوانە یاسای ( ڕەگی کار + پاشگر ) دروست بووە ( گیرەک ، بەزیو ، خەمناک ، نانەوا ) .

٨٢- ئەو هاوەڵناوە بکەر دارِژاوانەی بۆ کار و سیفەتێکی ناجێگیر بەکاردێن کۆتاییان بە پاشگری ( گەر ، ندە ، ا ، ەر ) .

٨٣- ( پیاوە نووێژکەرەکەم بینی ) ( ە ) ی دوای ( پیاو ) بووە بە ( جێناوی لکاو ، ئا.خستنەسەر ، ئامرازی بانگکردن ، کاری ناتەواو ) .

٨٤- ( دادوەرەکە سزا درا ) ( دادوەر ) ئەرکی ( نیهاد ، بکەر ، بەرکار ، جێگری بکەر ) ە .

٨٥- ( مرۆڤی نووێژکەر پاک و خاوێنە ) ( ی ) دەبێتە ( جێناوی لکاو ، ئامرازی خستنەسەر ، پاشگر ، نیشانەی ڕەگەزی نێرە ) .

٨٦- ( ئەوانتان بەرەو هەندەران نارد ) تەواوکەری بەیاریدە ( تان ، هەندەران ، بەرەو ، تێیدا نییە ) .

٨٧- ( پەیامنێرەکە ئاشکرای کرد ، کە دووژمن خۆی شوێنەکەی چۆڵ کردووە ) لەم ڕستەیەدا جێناوی خۆیی بۆ دڵنیابوونی

( پەیامنێرەکە ، دووژمن ، شوێنەکە ، چۆڵکردووە ) هاتووە.

٨٨- لە چاوگی ( زانین ) دەتوانرێت بە ( یەک شێوە ، دوو شێوە ، سێ شێوە ، چوار شێوە ) هاوەڵناوی بکەری دارِژاو دروست بکرێت.

٨٩- ( هەواڵی کوژرانی شەڕڤانەکە ڕاست بوو ) وشەی ( شەڕڤان ) وەکو

( هاوەڵناوی بکەر دارِژاو ، ناوی بکەر دارِژاو ، هاوەڵناوی چۆنیەتی ، ناو ) بەکارهاتووە.

٩٠- هاوەڵناوی (ئاشتی خواز ) پێکهاتووە لە ( ناو + ڕەگی کار ، هاوەڵناو + ڕەگی کار ، ناو + پاشگر ، هاوەڵناو + قەد ) .

٩١- هاوەڵناوی ( بەزیو ، بوێر ، ڕاهێنەر ، بەتوانا ) پێکهاتووە لە ( پێشگر + ڕەگی کار ) .

٩٢- ( خۆی ) جێناوی خۆییە بۆ کەسی ( سێیەمی کۆ ، سێیەمی تاک ، دووەمی تاک ، دووەمی کۆ ) .

٩٣- (گێرەشێوێن ) هاوەڵناوێکی بکەریی لێکدراوە ، پێکهاتووە لە

( ناو+ڕەگی کار ، هاوەڵناو + ڕەگی کار ، هاوەڵکار + ڕەگی کار ، جێناوی خۆی + ڕەگی کار ).

٩٤- ( سوالکەر ) دروست بووە بە یاسای

( ناوی واتای + ڕەگی کار ، ناوی بەرجەستە + ڕەگی کار + پاشگر ، ناوی واتایی + ڕەگی کار + پاشگر ، ناوی واتایی + پاشگر ) .

٩٥- ( پەتووکەکەی خۆی خوێندەوە هی منی نەخوێندەوە ) ( هی ) لە جیات ( خۆی ، من ، پەرتووک ، خوێندەوە ) بەکارهاتووە .

٩٦- ( ئەوە پیاوکوژە ) ( پیاوکوژ ) ( ناوی بکەری دارِژاوە ، هاوەڵناوی بکەری دارِژاوە ، ها.بکەری لێکدراوە ، ناوی بکەری لێکدراوە) .

٩٧- ( پارەکەی من دۆزرایەوە ، هی تۆ نەدۆزرایەوە ) ( هی تۆ ) ئەرکی ( بەرکار ، جێگری بکەر ، تەواوکەری بەیاریدە ، نیهاد) ە .



چاپخانەی دایک ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

٩٨- ( ڕاوکەرەکە دەستگیر کراوە ) ( ڕاوکەر ) ئەرکی ( جێگری بکەر ، نیهاد ، بکەر ، بەرکار) ە .

٩٩- بە یاسای ( پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر ) هاوەڵناوی ( هونەروەر ، نەگۆڕ ، بکەر ، بەزیو ) دروست بووە.

١٠٠- ( بانگدەرەکە بانگی دا ) ( بانگدەر ) ئەرکی ( نیهاد ، دیارخەری ناو ، بەرکار ، بکەر ) ە .

## ئەم هەڵبژاردنانەی سەرەوە تایبەتن بە وەرزی یەکەم . کە ( ١٠٠ ) دانەیە. (ڕێزمان )

## هەڵبژاردنەکانی وەرزی دووەم ڕێزمان

١٠١- پەیڤی (ڕەش هەڵگەڕاو ) چۆن دروست کراوە ( ناو +ڕەگ + پاشگر، هاوەڵناو + ڕەگ + پاشگر ، هاوەڵناو + قەد + پاشگر ، ناو + قەد).

١٠٢- (بەدوای کڵاوی بابردوو مەکەوە ) (بابردوو ) ( هاوەڵناوی کراوی دارِژاوە ، هـا.کراوی لێکدراوە ، هـا. بکەری لێکدراوە ، ناوی کراوی لێکدراوە).

١٠٣- پاشگری ( راو ، رای ) بۆ دروستکردنی ( هاوەڵناوی کراو ) تەنها دەچنە سەر ( چاوگی تێنەپەڕ ، قەد ، ڕەگ ، ناو ) .

١٠٤- پەیڤی ( ماڵ ڕماو ) چۆن دروست کراوە ( ناو + ڕەگی کار ، ناو + قەد + پاشگر ، ناو + ڕەگی کار ، پاشگر ، ناو + قەد ) .

١٠٥- لە چاوگی ( سوتان ) بەم شێوەیە هاوەڵناوی کراو دروست دەکرێت ( سوتێنراو ، سوتێنرا ، سوتاو ، سوتە ) .

١٠٦- هاوەڵناوی کراو تەنها لە چاوگی تێنەپەڕی ( واوی ، تائی ، یائی ، ئەلفی ) دروست دەکریت .

١٠٧- هاوەڵناوەی کراوی دارِژاو لە کرمانجی ژوورو لە چاوگی تێپەڕ دروست دەکرێت بە یاسای

( ڕەگی کار + پاشگری (ە) ، قەدی چاوگ + پاشگری (ی) ، قەدی چاوگ + پاشگری (ە ) ، پێشگر + قەدی چاوگ ) .

١٠٨- ( ترازاو ) دروست بووە بە یاسای ( ڕەگی کاری تێپەڕ + و ، قەدی چاوگی تێپەر + و ، ڕەگی تێنەپەڕ + و ، قەدی چاوگی تێنەپەڕ + و ) .

١٠٩- لە ڕستەی ( ماڵی کوژراوەکەم دۆزییەوە ) ( کوژراو ) بووەبە ( ناوی کراوی دارِژاو ، هاوەڵناوی کراوی دارِژاو ، ناوی کراوی لێکدراو ).

١١٠- ( بەزیو ) دروست بووە بە یاسای ( ڕەگی کار + پاشگر ، قەدی چاوگ + پاشگر ، پێشگر + پاشگر ، پێشگر + ناو ، پێشگر + قەدی چاوگ ) .

١١١- هەرکاتێک هاوەڵناوی کراوی لێکدراو بە تەنها لە ڕستەدا بەکار هات و ناو و جێناوی لەگەڵدا نەبوو دەبێت بە

( ناوی کراوی لێکدراو، هاوەڵناوی بکەری دارِژاو ، هاوەڵناوی چۆنیەتی ، هاوەڵناوی کراوی دارِژاو ) .

١١٢- یەکێک لەم چاوگانە ( هاوەڵناوی کراوی دارِژاو)ی لی دروست ناکرێت ( سەپاندن ، بینین ، کرماندن ، چوون ) .

١١٣- هاوەڵناوی کراوی لێکدراوی ( ڕەش هەڵگەرا ، ڕەش هەڵگەڕان ، ڕەش هەڵگەڕای ، ڕەش هەڵگەرایت ) بە یاسای ( هاوەڵناوی + قەد + پاشگر ) دروست بووە .

١١٤- (بەشخوراوان لە پێناوی بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان تێدەکۆشن ) ( بەشخوراو ) دەبێتە



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

( هاوەڵناوی کراوی لێکدراو ، ناوی کراوی لێکدراو ، ناوی کراوی دارِژاو ، هاوەڵناوی کراوی دارِژاو ) .

١١٥- وشەی ( ڕەش هەڵگەڕاو ، سەرتاشراو ، کۆچکردوو ، گۆشت خواردوو ) هاوەڵناوی کراوی لێکدراوە و پێکهاتووە لە ( ناو + ڕەگی کار + پاشگر).

١١٦- پەیڤی ( هەڵخەڵەتێنراو ) بریتییە لە هاوەڵناوی ( بکەری لێکدراو ، کراوی دارِژاو ، کراوی لێکدراو ، بکەری دارِژاو ) .

١١٧- هاوەڵناوی کراوی ( سورهەڵگەڕاو ) بە یاسای ( هاوەڵکار + قەدی چاوگ + پاشگر ،

ناو + قەدی چاوگ + پاشگر ، هاوەڵناو + قەدی چاوگ + پاشگر ، هاوەڵناو + ڕەگی کار + پاشگر ) پێکهاتووە.

١١٨- لە ڕستەی ( تەرمی کوژراوەکە دۆزرایەوە ) ( کوژراوەکە ) ئەرکی ( نیهاد ، دیارخەری ناو ، جێگری بکەر ، دیارخراو)ە .

١١٩- ( فەرمانبەرەکە نووسراوەکەی خوێندەوە ) ( نووسراو ) وەک ( ناوی کراو ، هاوەڵناوی کراو ، هاوەڵکار ، چاوگ ) بەکارهاتووە .

١٢٠- ( سەرتاشراوەکان جوانن ) (سەرتاشراو ) ئەرکی ( بەرکار ، نیهاد ، جێگری بکەر ، بکەر ) ە .

١٢١- (خوێندکارە بەخشراوەکان خەڵاتکران ) (( هاوەڵناوی کراوی دارِژاوە ، ها.کراوی لێکدراوە ، ها. بکەری لێکدراوە ، ناوی کراوی لێکدراوە).

١٢٢- بە یاسای ( هاوەڵناو + قەدی چاوگ + پاشگر ) هاوەڵناوی ( تەنگ پێهەڵچنراو، ستەم لێکراو ، بەکرێ گیراو ، ڕەش داگیرساو) دروست بووە.

١٢٣- ( فڕێندراوەکان ئازادکراون ) (فڕێنراو ) ئەرکی ( نیهاد ، بەرکار ، جێگری بکەر ، بکەر ) ە .

١٢٤- بۆ چاوگی ( ناشتن ) یەکێک لەمانە دەبێتە هاوەڵناوی کراو ( ناشتراو ، نێژراو ، نێژرا ، ناشرا ) .

١٢٥- (بەردی خزێنراو جێگەی خۆی ناگرێتەوە ) هاوەڵناوی کراوی ( خزێنراو ) بە یاسای

( ڕەگی کار + پاشگر ، ڕەگی کار + پاشگری (راو ) ، ڕەگی کار + ناوبەند + پاشگر ، ڕەگی کار + ناو ) .

١٢٦- دوژمنی ئابڕۆ تکاو بڕبڕەی مەردێنی شکاو لەناو شارا بە بێ وچان تۆوی ترس و مەرگی ئەچان ) (ئابڕۆ تکاو )

( هاوەڵناوی کراوی دارِژاوە ، ها.کراوی لێکدراوە ، هاوەڵناوی بکەری لێکدراوە ، ناوی کراوی لێکدراوە).

١٢٧- یاساکانی دروست بوونی هاوەڵناوی کراوی دارِژاو ( ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ) یاسایە .

١٢٨- ( ناو + ڕەگی کار + پاشگر ) یاسای دروست بوونی یەکێک لەمانەیە ( ستەمبار ، کوشتە ، گۆش خۆر ، سوتاو ) .

١٢٩- ( ئەم بەرهەمە هاوردەیە ) ( هاوردە ) ئەرکی ( تەواوکەری کارە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە ، دیارخەری ناوە ، نیهاد )ە .

١٣٠- ( پۆشەکە سوتێنرا ) ( سوتێنرا ) دەبێت بە ( هاوەڵناوی کراو ، ناوی کراو ، کاری بکەر نادیار ، هاوەڵناوی بکەری ) .

١٣١- کام لەم وشانە هاوەڵناوی کراو نییە ( دڵگەستە ، خستە ، بردە ، جان خەستە ) .

١٣٢- لە کرمانجی ژوورووە هاوەڵناوی کراوی دارِژاو دروست دەکرێ لە چاوگی تێپەڕ بە لابردنی (ن)ی چاوگ و زیادکردنی پاشگری ( وو ، ی ، راو ، رای)



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

١٣٣- ( زەڤیا کێلای نەفرۆشن ) ( نە ) بووە بە ئامرازی نەرێ بۆ کاری ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، داخوازی ، ناتەواو ) .

١٣٤- کام لەم هاوەڵناوانە بە پێی دەستوری ( ناو + قەدی چاوگ + پاشگر ) دروست بووە ( بەشخوراو ، ڕەشهەڵگەڕاو ، هەڵبژێردراو ، ماڵڕماو ).

١٣٥- ( نووسراوەکەم بە دەست گەیشت ) ( نووسراو ) ئەرکی ( نیهاد ، بەرکار ، دیارخەری ناو ، بکەر) ە .

١٣٦- (ناو + ڕەگی کار + پاشگر ) هاوەڵناوی ( ڕەشهەڵگەڕاو ، ماڵسوتاو ، دەست بڕاو ، بابردوو ) ی پێ دروست بووە.

١٣٧- هەر کاتێک هاوەڵناوی کراوی دارِژاو بە تەنها بەکار هات و ناو و جێناوی لەگەڵدا نەبوو دەبێت بە

( ناوی کراوی لێکدراو ، هاوەڵناوی کراوی دارِژاو ، هاوەڵناوی چۆنیەتی ، ناوی کراوی دارِژاو ) .

١٣٨-هاوەڵناوی کراوی دارِژاو و لێکدراو دەرفەتی دروست بوونیان لە چاوگە تێنەپەرەکان بۆ دروست دەبێت چونکە لە شێوەو پێکهاتندا لە

( چاوگە سادەکان دەچن ، لە چاوگە تێپەڕە دیارەکان دەچن ، لە چاوگە تێنەپەرە نادیارەکان دەچن ، لە چاوگە تێپەڕە نادیارەکان ) .

١٣٩ – ( ئەم گوڵانە فرۆشراون ) ( ئەم گوڵانە ) ئەرکی ( بەرکار ، بکەر ، نیهاد ، جێگری بکەر ) ە .

١٤٠- پیاوە ستەم لێکراوەکە هات ) ( ستەم لێکراوەکە ) بووە بە

( ناوی کراوی دارِژاو ، هاوەڵناوی کراوی لێکدراو ، ناوی کراوی لێکدراو ، هاوەڵناوی کراوی دارِژاو )

١٤١- ( پێشمەرگە هەرگیز سەر بۆ دوژمن چۆڵناکات ) ( هەرگیز ) هاوەڵکارێکی ( کاتی ، شوێنی ، چەندێتی ، چۆنیەتی ) ە .

١٤٢- ئاهەنگەکە بەشەو بوو . ( بەشەو ) بووە بە ( تەواوکەری کاری ناتەواو ، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو ، دیارخەری ناو ، نیهاد).

١٤٣- (پارەکەی باش دابەشکردووە ) ( باش ) هاوەڵکارێکی ( کاتی ، شوێنی ، چەندێتی ، چۆنیەتی ) ە .

١٤٤- قسەکردنی زۆر بۆ مرۆڤ ناشرینە . ( زۆر ) بووە بە ( هاوەڵکاری چۆنیەتی ، هاوەڵکاری چەندێتی ، هاوەڵناوی چۆنیەتی ، هاوەڵکاری کاتی).

١٤٥- خانووەکانیان بەرز دروست کرد . ( بەرز ) هاوەڵکارێکی ( کاتی ، شوێنی ، چەندێتی ، چۆنیەتی ) ە .

١٤٦- وشەی ( ڕۆژانە ) هاوەڵکارێکی ( کاتی ، شوێنی ، چەندێتی ، چۆنیەتی ) ە .

١٤٧- هاوەڵکاری کاتی وەڵامی وشەی پرسی ( لە کوێ ، بۆ کوێ ، چۆن ، کەی ) دەداتەوە .

١٤٨- ( کارەکە بەشەو ئەنجام بدە ) (بەشەو ) هاوەڵکاری کاتییەو بووە بە تەواوکەری کاری ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، داخوازی ، ناتەواو ) .

١٤٩- (دارِشتنێکی جوانی نووسی . (ی ) دوای (دارِشتن ) ( ئا. پەیوەندی ، جێناوی لکاو ، ئامرازی خستنەسەر ، ئامرازی بانگکردن) ە.

١٥٠- ( جوتیارەکە باخچەکەی زۆر باش ئاودا ) ( زۆر باش ) گرێیەکی ( ناوی ، هاوەڵناوی ، هاوەڵکاری ، هیچیان نییە ) .

١٥١- هاوەڵکاری ڕێکخستن لە ڕووی دروست بوونەوە هاوەڵکارێکی ( سادە ، دارِژاو ، لێکدراو ، دارِژاو و لێکدراو) ە .



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

١٥٢- ( لەنیا دەرگاكەی لەسەر پشت كردەوە ) ( لەسەر پشت) هاوەڵكارێكی ( كاتی ، شوێنی ، چەندێتی ، چۆنیەتی ) ە .

١٥٣ – ( ئەیوب چیرۆكەكەی بە پاڵكەوتنەوە خوێندەوە ) ( بە پاڵكەوتنەوە ) هاوەڵكارێكی ( كاتی ، شوێنی ، چەندێتی ، چۆنیەتی ) ە .

١٥٤- یەكێك لەم وشانە هاوەڵكارێكی ڕێكخستنە ( پڕاو پڕ ، دەماو دەم ، تنۆك تنۆك ، پشتاوپشت ) .

١٥٥- هاوەڵكاری كاتی دەتوانێت ببێت بە تەواوكەری یەكێك لەمانە ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، ناتەواو ، داخوازی و ڕابردوو و ڕانەبردوو و ناتەواو).

١٥٦- لە ڕستەی ( ئازاد ماسی دناڤ گۆمێ دا گرت) هاوەڵكاری ئەم ڕستەیە ( كاتی ، شوێنی ، چۆنیەتی ، چەندێتی ) ە .

١٥٧- ( میوانەكانی تۆزێك زوو هاتن ) ئەركی گرێی ( تۆزێك زوو ) بریتییە لە ( دیارخەری ناو ، تەواوكەری كار ، بەركار ، دیارخراو ) .

١٥٨- ( منداڵەكە جوان دەڕوات ) ئەگەر كاری ڕستەكە بكەینە كاری ( ناتەواو) ئەوا ( جوان ) دەبێتە ( ناو ، هاوەڵناو ، هاوەڵكاری چۆنیەتی ).

١٥٩- (فەرشەكەیان ورد ورد چنیراوە ) هاوەڵكاری ( ورد ورد ) بووە بە تەواوكەری كاری

( ڕابردووی تەواو ، ڕابردووی تەواوی بكەرنادیار ، ڕانەڕبردووی ڕاگەیاندن ، كاری ناتەواو ) .

١٦٠- ( چیرۆكەكەیان دەماودەم گێڕاوەتەوە ) ( دەماودەم ) هاوەڵكارێكی ( شوێنی ، كاتی ، چۆنیەتی ، ڕێكخستن) ە .

١٦١- ( كەمێك نانم خوارد ) ( كەمێك ) ( هاوەڵكاری چەندێتی ، هاوەڵناوی نادیار ، هاوەڵكاری كاتی ، هیچ كامیان نییە ) .

١٦٢- ( نانەكەم كەمێك خوارد ) ( كەمێك ) بووە بە (( هاوەڵكاری چەندێتی ، هاوەڵناوی نادیار ، هاوەڵكاری كاتی ، هاوەڵكاری ڕێكخستن ).

١٦٣- ( ئاگرەكەی مەردانە كوژاندەوە ) ( مەردانە ) هاوەڵكارێكی ( كاتی ، چۆنیەتی ، شوێنی ، چەندێتی ) ە .

١٦٤- پەیڤی ( پاڵاوتە ) بە یاسای ( ڕەگی كار + پاشگر ، قەدی چاوگی تێپەڕ + پاشگر ، قەدی چاوگی تێنەپەڕ + پاشگر ، ناو + پاشگر).

١٦٥- (ئاوەكە كەمێك زوو كوڵا ) ( زوو ) بووە بە ( دیارخراو ، دیارخەری ناو ، هاوەڵكاری چۆنیەتی ، گرێی هاوەڵكاری كاتی ) .

١٦٦- هاوەڵكار لە ڕستەدا لە شوێنی ( ناو ، جێناو ، چاوگ ، هیچ كامیان ) بەكار دێت .

١٦٧- بەلابردنی هاوەڵكاری كاتی لەگەڵ یەكێك لەم ڕستانە واتای ڕستەكە تێك دەچێت ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، داخوازی ، ناتەواو ) .

١٦٨- ( خودا زێندەوەری جیا جیا ی دروست كردووە ) ( جیا جیا ) ( هاوەڵكاری ڕێكخستنە ، هاوەڵناوی لێكدراوە ، گرێی هاوەڵكاری ، گرێی ناوی).

١٦٩- (كەشتیەكە لەقوڵاییەكەدا نقووم بووبوو ) هاوەڵكارەكە بووە بە تەواوكەری كاری ( ناتەواو ، ڕابردووی نزیك ، ڕابردووی دوور، داخوازی).

١٧٠- دەتوانین هاوەڵكاری لە ڕستەدا لا ببەین جگە لەو حاڵەتەی كە دەبێتە تەواوكەری كاری ( داخوازی ، ناتەواو ، ڕابردوو ، ڕانەبردوو ) .

١٧١- ( ئاوی كوڵاو سوتێنەرە ) ( كوڵاو ) بووە بە ( دیارخەری ناو ، تەواوكەری كار ، بەركار ، بكەر ).

١٧٢- هاوەڵكاری شوێنی ئەو هاوەڵكارەیە كە شوێنی ڕوودانی كاری ڕستەكە دەست نیشان دەكات و وەڵامی وشەی پرسی ( كەی ، لە كوێ ، چۆن ، كامە) دەداتەوە.



چاپخانەی دایك
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونكەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان كتێبفرۆشەكانی بەردەركی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)

١٧٣- ( قەلاکان بەرزن ) ( بەرز) بوو بە ( هاوەلناوی چۆنیەتی ، هاوەلکاری چۆنیەتی ، هاوەلکاری چەندیتی ، ناو ) .

١٧٤- کام لەم هاوەلکارانە دەتوانێت ببێت بە (تەواوکەری کاری ناتەواو ) ( شوێنی ، چۆنیەتی ، چەندیتی ، کاتی ) .

١٧٥ – ( سەیرانی پار خۆش بوو ) ( پار ) لەم ڕستەیەدا وەکو ( هاوەلناو ، هاوەلکار ، ناوی کات ، شوێن ) بەکارهاتووە.

١٧٦- ( سەیرانی پار خۆش بوو ) ( پار ) ئەرکی ( بەرکار ، دیارخەری ناو ، تەواوکەری کار ، هیچ کامیان ) ە .

١٧٧- ( سەیرانگاکەم بە ڕۆژ پاککردەوە) ( بەڕۆژ ) هاوەلکارێکی ( شوێنی ، چۆنیەتی ، کاتی ، چەندیتی ) ە .

١٧٨- ( قەلای هەولێر دێرینە ) ( دێرین ) وەکو ( ناو ، هاوەلناو ، هاوەلکار ، چاوگ ) بەکار هاتووە لەم ڕستەیەدا.

١٧٩- ( خانووەکانیان بەرز دروست کردووە) ( بەرز ) هاوەلکارێکی ( کاتی ، شوێنی ، چۆنیەتی ، چەندیتی ) ە .

١٨٠- لە یەکێک لەم ڕستانەدا هاوەلکاری ڕێکخستن هەیە )

( خودا مرۆڤی جیا جیا ی دروست کردووە ، دەسەلاتەکەیان پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە ، یەک یەک قسە بکەن ، ئێستا کەمێک نانم خوارد) .

# زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی ( ١٠ + ١١ + ١٢ )

# ئامادەکردنی ئاراس جوهر + ئارام جوهر



چاپخانەی دایک
ناونیشان: سلێمانی. شەقامی سابونکەران. بەرامبەر مزگەوتی سەید حەسەن یان کتێبفرۆشەکانی بەردەرکی سەرا
(٠٧٥٠١٣٩٠٠١٤) (٠٧٤٨١٥٤١٢١٢) (٠٧٧٠٢٢٦٥٠٥١)